# شیکردنەوەی گوتاری ڕۆشنبیریی

غازی حەسەن

ئەمەریکا/ ٢٠٢٤

* ناوی کتێب: شیکردنەوەی گوتاری ڕۆشنبریی

* نووسینی: غازی حەسەن

* تایپیێست و نەخشەساز : نووسەر

* چاپ: یەکەم : ٢٠٢٤

چاپخانە: چاپی ئەلەکترۆنی و مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

تیراژ: بەپێی داونلۆد و بەکارهێنەرانیەتی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکاندا

نرخ: خۆراییە و نرخەکەی سوپاسێکە دوای خوێندنەوەی

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(6)ی ساڵی 2009ی پێدراوە.

***تێبینی: ئەم کتێبە نزیکەی پێنج ساڵە چاوەڕوانی چاپە بەداخەوە دواکەوت، بۆیە لەپێناو ئەوەی ماندوو بوونەکەم بزر نەبێت و نەچێتە تەنکەی بێ***

***بابەتەکانەوە، ناچار بووم بەم شێوەیە بڵاوی بکەمەوە (((( غازی حەسەن/ نووسەری کتێب)))).***

بەشی یەکەم
رێبازو هۆکاری لیکۆڵێنەوە

١-١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

شیکردنەوەی گوتار بەگشتی و رۆشنبیریی کوردی لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە نەکراوە، بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد تاکو لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی لەرێگەی سوود وەرگرتن لەتیۆری پراگماتیکیو لەنێویسشیدا کردە قسەییەکان شیکاری ئەم ناونیشانە بکەین. ئامانج لەم بابەتە دەرخستنی پێگەو تواناو هێزی گوتارە لەنێو رۆشنبیریی کوردیدا، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی تواناو هێزی گوتارە لەنێو دامەزراوەی رۆشنبیریی کوردیدا. بێگومان هیچ توێژینەوەیەکدا بێ رەخنەو دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی، یان لایەنە لەبارو نالەبارەکانییەتی.

لەم توێژینەوەیەدا گۆڤاری رامانی رۆشنبیریمان لەبواری لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهێناوە، کە بریتییە لە ٢٠٠ ژمارە. بابەتەکانیشمان لەنێو خودی گۆڤارەکە هەڵبژاردووە، کە وەکو ببیۆلگرافیای گۆڤارەکە ئامادەکراوە.
مەرج نییە، بابەتەکان لەگەڵ بۆچوونی توێژەر گونجاوبن، بەڵام سەرچاوەیەکی گرینگن بۆ لێکۆڵینەوە لەگوتاری رۆشنبیریی، بەتایبەتیش لەگۆڤاری راماندا، کە ژمارەیەک ئەدگارو بنەماو تایبەتمەندیی بەدیدەکرێت، رەنگە لەهەندێک گۆڤاری دیکەدا نەبینرێن، ئەم شتانەش سودیان بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە هەبووە.

١-٢ کێشەکانی لێکۆڵینەوە:

وەکو هەموو توێژینەکانی دیکە سەرچاوە گرفتێکی بەرچاوی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، ئینجا دیارکردنی بەشو بابەتەکان، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ورد کاری لەبارەوە بکەین، کێشە بوو. چونکە ئەوانەی لەم گۆڤارە دەنووسن کەسانی دیارو رۆشنبیرییە هەر بەبرشتەکانی کوردستانن، بۆیە خۆمان لەوە بوارد، کەسەکان هەڵبژێرین، نەخێر ئێمە لەروانگەی بابەتو بۆچوونو ئەو بوارانەی ئێمە لە لێکۆڵێنەوەکە دیارمان کردووە، بابەتەکانیانمان بەکارهێناوە. بۆیە ناوەکان جێگەی بایەخ نییە، بەلکو بابەتەکانە دەبنە مایەی بەکارهێنانیان، یان ئامازەپێکردنیان وەکو سەرچاوەو بەشێک لەلێکۆڵینەوەکەمان.

لەمجۆرە بابەتەدا، باسکردنی گوتار خۆی لەخۆیدا گرفتێکە، چونکە رۆشنبیران بایەخ بە گوتاری رۆشنبیریی نادەن و دامەزراوەیەکی رۆشنبیریی نییە، ببێتە بەرهەمهێنی گوتار، هەروەها گوتار وەکو دەسەڵاتو ئینجا گوتاری دەسەڵاتیش گرفتێکی دیکە، بەتایبەتی، کە ئێمە گۆڤاری رامان-ان هەڵبژاردووە، کەدەنێو جەنگێکی قورسی نێوەخۆیی سەریهەڵداوە.

١-٣ رێبازی شیکردنەوە:

لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بەپشت بەستن بەتیرۆی پراگماتیکی/ کردە قسەیی ئەنجام دراوە. نابێت ئەوە لەبیر بکەین، لەهەر شوێنیک پێویستی کردبێت، سودمان لەبۆچوونی زمانەوانیو قوتابخانەکانی شیکاری گوتاریش وەرگرتووە.

لەم لێکۆڵینەوەدا ژمارەیەک داتاو چارتی شیکاریمان بەکارهێناوە، کە ئاماژەن بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتو باسانەی کارمان لەبارەیەوە کردووە.

# بەشی دووەم

## ٢-١ گوتار چییە؟

پێناسەی جودا بۆ گوتار کراوە، لای یۆنانییەکان بە گفتوگۆ (حوار) دانراوە، لای زمانەوانە هاوچەرخەکانیش سنوری جوگرافیای گوتار بەسنوری رستە دانراوە. (أحمد یوسف، تحلیل الخطاب "من اللسانیات الی السیمیائیات، http://www.nizwa.com) . تا دەگاتە ئەوەی بڵێن گوتار بەدوای یەکداهاتنی ژمارەیەک رستەیە، کە لەکۆتایدا بایەخەکەی دەردەکەوێت. (هەمان سەرچاوە).

من پێم وایە لەزمانی کوردی هێشتا تێکەڵییەکی نەگونجاو لەنێوان (وتار)و (گوتار) هەیە، کە دوو واتاو ئەرکو دەقی جودا

لەخۆدەگرن. گوتار بریتییە لەگوتاری (نووسراو)و (گوتراو/ ئاخافتن). تەنیا لەسەردەمی پێشکەوتنی توێژینەوەی زمانەوانیدا لەبواری رۆشنبیریی‌و ئەدەبیدا، دەتوانرێت لەنێو زۆر لەهێماو کەرەستەو وێنەی شیعری‌و ئەدەبی‌و زمانەوانی‌و تەنیا ئاخاوتن‌و جولەی جەستەشدا، خودی گوتار، یان کەرەستەکانی گوتار بەرجەستە بکرێن.. پێم وایە دەکرێت، گوتار لەڕستەش کورتر بێت، کاتێک هێماو نیشانەو بزاوتنێک واتاو ئەرک‌و پەیام‌و مەبەستێک بگەینن، ئەوە گوتارە.. من روونتر بڵێم، هەر شتێک گۆتنی مەبەستێکی تێدا بێت، ئەوە گوتار پێکدەهێنێت.. کاتێک مرۆڤ لەو پەڕی حەماسەتی گوتارداندا، یان لەدەقێکی نووسراودا دەڵێت (بژی..) ئەمە خۆی لەخۆیدا گوتارێکە، کە ستایش‌و هاندان‌و رێزگرتن‌و پاڵپشتی‌و متمانەپێکردن‌و جۆرێک لەبڕیاری دانپیانان‌و لایەنگیرشی تێدایە.. هەروەها ئاوازەی گوتنەکە، جۆری ئاوخاوتنەکەو کەشوهەوای گوتاردانەکەو کات‌وشوێنی گوتراوەکە... تد کاریگەری لەسەر جۆرو شێوازو مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوتارەکە دەبێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین، یەکەی لەڕستەش بچوکتر، لەنێو رستە بەدوای یەکدا هاتووەکاندا، دەتوانن گوتار بەرجەستە بکەن.. بۆیە شیکردنەوەی گوتار، لەم سەردەمەدا هەر بەتەنیا کاریگەریی‌و دەسەڵات‌و کارتێکردنی خودی گوتارەکەو چۆنیەتی پێشکەشکردن‌و راپەڕاندنی گوتارەکە ناگرێتەوە، بەلکو باسی پێکهاتەی گوتار، چۆنیەتی بەرهەمهێنان‌و ئینجا

وەبەرهێنانەوەی گوتاریش لەلایەن وەرگرەکانییەوە دەکرێت.. بۆیە دەکرێت ئەو راستییە بسەلمێنین، کە گوتار بۆ یەکەی زمانەوانیی بچووکتر لەڕستەش دابەش دەکرێت.

واتا، دەکرێت لەکاتی بەرزکردنەوەی دوو دەستی لەنێو یەکدا بەرانبەر خەڵک، لەوە بگەین، کە ئەوەی گوتارەکە لەرێگەی جولاندنی بەشێک لەجەستەی، ئاڕاستەی گوێگرەکانی دەکات، پەیامی (یەکبوونو یەکێتی) خەڵکی دەوێت. کاتێک دوو پەنجە بەرز دەکرێتەوە، واتای (سەرکەوتن) دەگەیەنێت.. وەکو چۆن هەر یەک لەهێماکانی هاتوچۆ، گوتاری تایبەتی خۆیان لەنێو کیشوەری سیستەمی هاتوچۆدا هەیە، کەرەسەتەکانی نێو گوتاریش، شێوازی بەکارهێنانو چۆنیەتی ئاڕاسەتکردنی خودی گوتار لای نێرەرو دواتریش شێوازی وەرگرتنو تێگەیشتنو شیکردنەوەی لای وەرگرو ئینجا بەرهەمهێنانەوەی کاریگەریی تایبەتیان هەیە.

گوتار گەیاندنی مەبەستێکە لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر، دەکرێت گوتنێک ئینجا ئەم گوتنە دەنگێک بێت، یان پیتێلكو وشەیەکو رستەیەکو پەرەگرافێک، یان زیاتر بێت، گوتار پێکبهێنن، یان هێماو نیشانەیەک بێت. واتا گوتار لەدەقی گوتراودا راستەوخۆ دەگاتە وەرگرەکانی، لەدەقی نووسراوو تۆمارکراویشدا دەکرێت لەشوێنو کاتی جودا بگەیەنرێتە وەرگرو گوێگرو خوێنەرەکانو بەکارهێنەرانی گوتارەکە، یان بەکارهێنەرەکانیان بگۆڕدرێت، بەڵام لەگوتاری گوتراودا مەرج نییە ئەو گۆڕانکاریانە هەموویان روودەن.

گوتار یەکەیەکی مەبەستداری واتادارە، پەیوەیستە بەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیارکراوەوە، چەندین جۆر گوتار هەیە، شێوازی جودا بۆ پێشکەشکردنی گوتار هەیە. گوتاری سیاسیو رۆشنبیرییو پەروەردەییو ئابورییو کۆمەڵایەتیو رۆژنامەنووسیو راگەیاندنو زانستیو هونەریو ئەدەبی ... تد. هەروەها شێوازی گوتنو نووسینو تۆمارکراویش هەیە. لەهەر هەموو بوارەکانی گوتاردا، پێویستە رەچاوی ئەوەی تێدا بکرێت، کە نێرەرو وەرگر بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری لەپێکهێنانی خودی گوتارەکە دەکەن، هەر زمانێک ژمارەیەک هێماو کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە، زمان دەتوانێت رۆڵی لەکاراکردنو فراوانکردنی بوارو راپەڕاندنو دروستکردنی گوتار هەبێت، وەکو چۆن هاوبەشیی زۆریش لەنێوان سەرجەم زمانە جیاجیاکانی دونیا لەڕاپەڕاندنی ئەرکی گوتار هەیە.

## ٢-٢ رۆشنبیریو کۆمەڵگە

گەلێک پێناسەی جودا بۆ رۆشنبیری کراوە، هەر پێناسەیەکیش لەڕوانگەو سەرچاوەیەکی فکری جوداوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە لەپێناسەی بابەتێکی گشتگیری بابەتیدا، پێویستە لەتوێژینەوەکەماندا کار لەسەر لایەنە گشتییەکان بکەین، هەر لەم روانگەشەوە سەرنج لەئەرکو کاری رۆشنبیرییو گوتاری گۆڤارێکی کوردی دەدەین، کە لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاری لەبارەوەکراوە. واتە لەگەڵ ئەوەی لەهەڵبژاردنی

کارەکی شیکردنەوەکەدا تایبەتمەندییەکانمان رەچاو کردووە، کە بریتییە لەوەی گۆڤارێکی رۆشنبیریی کوردیمان، لەنێو ژمارەیەکی زۆری دیکەی گۆڤارو رۆژنامەو چاپکراوی رۆشنبیری هەڵبژاردووە. ئەم هەڵبژاردنە هیچ کاتێک نابێتە هۆکار بۆ بایەخ نەدان بەپێناسە گشتییەکانی رۆشنبیریی، یان تەریک کردنی ئەرکو ئامانجی گوتاری رۆشنبیری گۆڤارو بوارەکانی دیکەی رۆشنبریی لە کوردستاندا، هەروەها شیکردنەوەکەی ئێمە، پشت بەتیۆرێکی تایبەت بەشیکردنەوەی گوتار دەبەستێت، بەتەنیا کارمان لەسەر لایەنە رووکەشو چۆنیەتی ئەداکردنو شێوازی گەیاندنی پەیامی گوتارەکەو پێگەو رۆڵی کەسە نێرەرەکان نەکردووە، هەروەها بەتەنیاش جۆری بابەتو مەبەستو نێوەڕۆکو ئامانجی گوتارەکانی نێو گۆڤارەکەمان نەکردۆتە ئامانجی تایبەتی، بەلکو کارمان لەسەر رۆنانی گوتارو پەیوەندی نێوان گوتارو گوتنو شیکردنەوەی زمانی گوتار کردووە.

## ٢-٣ رۆشنبیریی، چییە؟

وەکو گوتمان رۆشنبیری واتایەکی گشتگیرە، هەروەها کۆمەڵێک بواری سەرخانو ژێرخانو پێکهاتەی نێو کۆمەڵگە لەڕووی مادیو نەریتو خورەوشتو ... تد دەگرێتەوە، کە هەندێکیان بەرجەستەی مادین، هەندێکیان لایەنی رۆحیو فکریو دابونەریتو شێوازی ژیانو مۆسیقاو ... تد دەگرێتەوە. (ئیدوارد تایلور) لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەکتێبەکەی بەنێوی

"رۆشنبیری سەرەتایی" بەمجۆرە پێناسەی رۆشنبیریی کردووە: هەر پێکهاتەیەک، کە مەعریفەو بیروباوەڕ بگرێتەوە، یان دابونەریت، هونەرو ئەخلاقو یاساو پیشە بگرێتەوە، ئەوە رۆشنبرییە. سەرباری ئەو تواناو نەریتانەی، کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت، بەو پێیەی، کە ئەندامێکی کۆمەڵگەیە. (مجموعە من الکتاب، عالم المعرفە،٢٢٣، ٩). (رۆبەرت بیرستد) لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا بەمجۆرە باسی رۆشنبیری کردووە: رۆشنبیری هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە لەهەموو شتێک پێکدێت، کە ئێمە فکری لێدەکەینەوە، یان دەیکەین، یاخود وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگە دەمانبێت. (هەمان سەرچاوە، عالم المعرفە،٢٢٣، ژمارە ٩).

دەبێت لەبیری نەکەین، کە هوشیاری تاکو شێوازی ژیانیان پەیوەستە بەئاستی هوشیاری رۆشنبیری. واتە هەڵسوکەتو راپەڕاندنی کارو شێوازی ژیانی تاک، پەیوەستە بەئاستی رۆشنبیریی، بۆیە ئەگەر لایەنگریی ئەوە بکرێت، کە رۆشنبیریی واتای لایەنە رۆحییەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، وەکو چۆن هەندێک لایەنی مادیشی هەیە. تەنیا شێوازی کارکردن، یان شێوازی ئاخاوتنو قسەکردن، شێوازی گوتارو هەڵبژاردنی زاراوەو وشە، کە پەیوەندی بەدابونەریتو هەروەها شێوازی قسەکردن لەچۆنیەتی پەیوەندیکردن، راستەوخۆ پەیوەندی بەئاستی رۆشنبیریی‌و پیشەیی تاکەکانەوە هەیە. تەنیا هەندێکجار کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتو کاردانەوەو جۆری رۆشنبیری لای چینە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبێت. واتا رۆشنبیریی

کرێکارێک، یان دکتۆرێک، یان ئەندازیارێک، یان ئافرەتێکی ماڵەوە لەگەڵ ئافرەتێک، کە کار دەکات جیاوازە.

## ٤-٢ شیکردنەوەی گوتار چییە؟

شیکردنەوەی گوتار بایەخ بەنێوەڕۆکی دەق دەدات، ئەم دەقە نووسراو بێت، یان گوتراو. شیکردنەوەی رەخنەگرانەی گوتاری سیاسیو رۆشنبیری هەیە، هەروەها شیکردنەوەی زمانو ئاستەکانی زمان هەیە، سەرباری شیکردنەوەی گوتار لەبواری پێکهاتەو ئەداکردنی. گوتارو زمان بەشێوەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوەو کارەکانیان ئەنجام دەدەن، ئامانجی شیکردنەوەی گوتاریش لەبنەڕەتدا ئاشکراو دیارکردنی لایەنەکانی زمانە، ئەو زمانە دەبێتە ئامرازێکی سەرەکی لەچۆنیەتی دەرخستنو لێکدانەوەی نێوەڕۆکو چۆنیەتی بەرێوەچوونی گوتارو دواتریش دەرکەوتنی وەکو دەق. بۆ نموونە شیکردنەوەی گوتارێکی سیاسی باس لەبنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی گوتارەکەو ئامانجو مەبەستو پەیامەکانی نێو گوتارە سیاسییەکەو سیستەمی کاری سیاسی دەکات. شیکردنەوەی گوتاری ئەدەبی باسی دەقێکی ئەدەبیو ئاستو توانای لێهاتووییو رەوانبێژیو زاراوەسازیو رۆڵی کاتو شوێنو کارەکتەرەکانو چۆنیەتی دەرکەوتنی کەسایەتییەکان لەڕووی دەروونیو کۆمەڵایەتی ... تد دەکات. شیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیری پشت بەهەمان ئەو بنەمایانە دەبەستێت، کە لەبوارەکانی دیکەدا پەیڕەو دەکرێن. واتا پەیامی رۆشنبیریی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ڕۆڵی ئابووریو دەروونی چییە؟ لەڕووی واتاو رەوانبێژیو بەدیهێنانی مەبەستە ستراتیجییەکان؟

ئایا گوتاری رۆشنبیری گوتارێکی گشتگیرە، یان گوتارێکی تایبەتەو لەکاتو شوێنو بابەتێکی دیارکراودا سنوردار کراوە؟. پەیوەندی نێوان زمانو فکر، پەیوەندی نێوان تاکو کۆمەڵ، رۆڵی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو چینو ئاستی رۆشنبیریی لەسەر دەرکەوتنو دواکەوتنی گوتاری رۆشنبیریدا؟ ئایا دەتوانرێت بۆ گوتاری ئاینیو زانستیو پەروەردەییو ... تد هەمان شت پێڕەو بکرێت.

واگونجاوترە بەقسەکەی (شیشیرون)ی یۆنانی دەست پێبکەین، کە دەربارەی گوتار گوتیەتی (کەسێکی خاوەن رەوانبێژیو بەدەمو زار، پێش هەر شێک پێویستە بەڵگە لەبارەی حیکمەتەکانی خۆی پێشکەش بکات، دەبێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکو کەسایەتییەکان بگونجێت. وابزانم بەڕاستی نابێت لەبەرانبەر خەڵکدا بەهەمان رێگە قسەبکات، هەروەها نابێت دژی هەموو شتێک بێت، هەروەها نابێت لەبەرژەوەندی هیچ شتێک بێت، بۆئەوەی کەسێکی رەوانبێژی بەدەمو زار بێت، پێویستە هەموو پێگەیەک بۆ خۆی بکاتە پێگەیەکی گونجاوی زمانی). (د. صالح فضل:عالم المعرفه، ژمارە ١٦٤، ٢١)

دەبێت باسی رۆڵی (فردیناند دی سوسیر) بکەین لەدیارکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەی لەبواری زمانەوانیدا بۆ جیاکردنەوەی هێماو هێمابۆکراو (دالو مەدلول)، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، قسەکردن وەکو دیاردەیەکی تاکەکەسی ئەنجامی دا. (سوسێر) پێی وابووە، کە (گوتار یەکسانە بەقسەکردن).

(هاجر مدقی:٢٠١٣ ، ٢٥). یاخود هەندێکی دیکە پێیان وابووە، کە (گوتار قسەکردنێکی درێژەو یاخود بەدوای یەکداهاتووی رستەیە). (هەمان سەرچاوە:٢٠١٣ ،٢٥) .

لەڕوانگەی (فێرکلاف) گوتار بەکارهێنانی زمانە وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە گوتار رۆڵی شیکاریی، شیکردنەوەی رۆڵی دەقە لەدەوروبەرە کۆمەڵایەتی-کلتورییەکەیدا.(رەحیم سورخی:١١،٢٠١٣).

(ڤان دایک) پێی وایە چەمکی گوتار لەم سێ لایەنە پێکدێت: ١-زمان بەکارهێنان. ٢-دامەزراندنی پێوەندی لەنێوان باوەڕەکاندا لە<ڕووداوێکی گەیاندندا>و ٣-کارلێککردن لەبارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا. (هەمان سەرچاوە :٢٠١٣ ،١١).

زمان لەگوتاردا بوونێکی لەخۆوەییە، چالاکی ئەو کەسانەیە، کە لەسیاقێکی دیارکراودا ناویان هاتووە. وەکو (هاریس ١٩٥٢) دەڵێت: گوتار رستەیە لەیەکەیەکی زمانی پێکدێت لەسەر بنەمای ژمارەیەک رستە، بۆیە لەشیکردنەوەی گوتاردا بایەخ بەلایەنی رێزمانی گوتار دەدات.(Discours grammair) . (دۆمینیۆک مانغۆن: ٢٠٠٨، ٣٨).

هەروەها هەندێکیان دیکە پێیان وایە گوتار لەشێوەی گوتراوەو یەکەی زمانەوانی قسەیە ئەمەش پەیوەستە بەیەکەی پەیوەندیکردن، کە پەیوەستە بەبارودۆخی بەرهەمهێنانێکی دیارکراو. وەکو گوتاری (تەلەڤزیۆن، گوتاری رۆژنامە، گێڕانەوە... تد). (هەمان سەرچاوە:٢٠٠٨، ٣٨).

گوتار زمانە، آ-زمانە، کە سیستەمێکە لەسیاقێکدا بەکاردێت. ب-زمان سیستەمێکی هاوبەشە لەنێوان ئەندامانی گروپێکی

زمانی، کە پێچەوانەی گوتارەو بەکارهێنانێکی دیارکراوە لەسیستەمەکەدا. ئەمانەش پەیوەستن بە ١-پێگەگرتن لەبەشی گوتاردا (گوتاری شیوعی، سریالی) ٢- جۆری گوتار (گوتاری رۆژنامەنووسی، گوتاری ئیداری، گوتاری رۆمان، گوتاری مامۆستا...). ٣- بەرهەمەکانی توێژێک لەقسەکەران (گوتاری پەرستیاران، گوتاری خانمانی ماڵەوە..). (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٨، ٣٩).

ئۆستن‌و سێرل لەڕوانگەی شیکردنەوەی مەنتیقی گوتار باسی کردە قسەییەکانیان کردووە، ئەوان کاریگەرییەکانی فەلسەفە لەنێو کردەی گوتار ئاماژە پێدەکەن‌و پێیان وابوو پەیوەندی لەنێوان مەنتیق‌و زمان بەتایبەتی مەنتیقی پاساهێنانەوە (حجاجی) لەلایەک‌و کاریگەری گوتاری بیستراو هەیە. ئەمەش لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا، کاریان لەسەر کرد.

بانفنیست دەڵێت: (پێویستە لەچوارچێوەی دوورییە بەرفرەکەدا سەیری گوتار بکەین، یاخود وەهایە، کە قسەکردن/ گوتنە بوونی قسەکەرو گوێر دەچەسپێنێت، یەکەم نیەتی ئەوەی هەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر دووەم دروستبکات). (هاجر مدقن: ٢٠١٣ ، ٢٦).

میشێل فۆکۆ (F. Faucault) گوتار لەبەکارهێنانی قسەکردن سنوردار دەکات‌و پێی وایە گوتار ژمارەیەک قسەی گوتراوەو دەچنەوە سەر هەمان پێکهاتەی گوتارو هەروەها یەکەیەکی رەوانبێژی‌و وێناکراو نین، بەڵکو دەتوانرێت بەشێوەیەکی بێ کۆتایی دووبارە بکرێنەوە. (السید ولد آباه: ٢٠٠٤، ١١٠). هەروەها لەبوارێکی دیکەدا دەڵێت گوتار بریتییە لە (تۆڕێکی

ئاڵۆز لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیری، کە تێیدا چۆنیەتی بەرهەمهێنانی قسەی گوتار دەردەکەوێت، کە لەهەمان کاتیشدا زالبوونو مەترسی دەشارێتەوە). (هاجر مدقن: ٢٠١٣، ٢٧).

کاتێک گوتارو رەوشت، گوتاری چاکەو خراپە بەراورد دەکەیەن، وەکو فۆکۆ دەڵێت "گوتارە ئازادەکانی شێتی لەرێگەی بەکۆیلەکردنی ئارەزووەکان دەردەکەوێت". ( میشێل فۆکۆ: ٢٠١٥، ١٤١).

بەمە بۆمان دەردەکەوێت، کە شیکردنەوەی گوتار پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵایەتیو رۆڵی زمان لەنێو دەقی نووسراو، یان گوتراودا، شیکردنەوەی کردەی راپەڕاندنی گوتنێکە، کە دەکرێت لەرێگەی خودی زمانەوە، یان هێماکانی گەیاندنو پەیوەندیکردنەوە شیکاری بۆ بکرێت. گوتاری رۆشنبیریش پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵایەتیو شێوازی پەیوەدنیکردنی رۆشنبیریی کۆمەڵگە، رۆشنبیریش پرۆسەیەکی گرینگە، کە سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵگەو بوونی مادیو فکریو دابونەریتو شێوازی بیرکردنەوەو خوونەریتی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە. بۆیە گوتاری رۆشنبیریی گوتارێکی فراوانەوەو شیکردنەوەشی پێویستی بەهەمەلایەنی بوونی هەیە.

٢-٥ دەقو گوتار

بابا رەسول نوری رەسول لەبارەی زاراوەی گوتار دەڵێت "بە بۆچوونی ئێمە نە(دەق)و (گوتار) یەکنو نە(وتار)و (گوتار)یش،

یەکن، بەڵکو : (Text) یەکسانە بەدەق/ Discourse یەکسانە بەگوتار/ Essay یەکسانە بەوتار/ کەواتە گوتار دەبێتە جۆرێک لە(Discourse)و وتاریش دەبێتە جۆرێک لە (Text) " (بابا ڕەسول نوری ڕەسول : ٢٠١٣ ، ١٥).

هەروەها دەڵێت "لێرەدا دەگەیەنە ئەو ئەنجامەی (Discourse) زیاتر بۆ زمانی ئاخاوتن، یان گفتوگۆ بەکاردێت، بەڵام دەقە نووسراوەکانیش دەتوانرێت بخرێنە ناو چەمکی (Discourse)ەوە، چونکە کاتێک زمان بۆ دەربڕینی بیر بەکاردێت، لێچووانێکی زۆر لەنێوان نووسینو ئاخاوتن پەیدادەبێت، ئەمە لەکاتی بیستنی دەقە زارەکییەکاندا، یان لەکاتی خوێندنەوەی دەقە نووسراوەکانیش ڕەوایە، چونکە دەقە نووسراوەکانیش ڕاست وەکو گفتوگۆیەکان بەکارهێنانیان هەیە، کە هەمان ئەو نووسەرو خوێنەرانەن". (هەمان سەرچاوە:٢٠١٣ ، ١٦ ).

دیار عەلی دەڵێت "دەق تا رادەیەکی ڕۆنانی ناوەوەی ئاخاوتنێکەو گوتاریش کارلێکردنی دەقەکەیە لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا " (دیار عەلی: ٢٠٠٩، ٨). بابا ڕەسول نوری رەسول دەڵێت " قسەکردن زیاتر پڕاگماتیکیە نەک ڕێزمانیو سیمانتیکی، بەڵام لەنووسیندا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی ڕێزمانی دەکرێتەوە. لەقسەکردندا گوێگر یەکسەر پەیامەکە وەردەگرێت" (بابا رەسول نوری ڕەسول: ٢٠١٣، ٣٨).

دێڤید کریستال لەبارەی گوتار دەڵێت "زاراوەیەکە لەزانستی زماندا، بۆ بەردەوامبوونی باسێک، بەتایبەتی بۆ زمانی قسەکەر بەکارهێنراوە. لەفۆرمدا لەڕستە گەورەترە، لەناوەڕۆکیشدا

هەڵگری چەندین بیرۆکەو دیدگای هەمەچەشنەو دەکرێت بەشیکردنەوە پەی پێببرێت" (Devid Crystal: 2003,14 .)
لەبارەی گوتارەوە ئەم زانیانەش ( Victoria Fromkin, Robert Rodman, nina Hyams) گوتیانە، کە گوتار بریتییە لە (یەکەیەکی زمانەوانیی، کە پتر لەیەک ڕستە لەخۆی دەگرێت) ( Victoria Fromkin, Robert Rodman, nina Hyams : ٢٠٠٩، ٥٦٣) . ڤان دایکیش (دەق بەیەکەی ڕۆنانی تیۆری دوان دادەنێت)، کە لەم بۆچوونەدا زیاتر جەخت دەکاتە سەر لێکدانەوەی پەیوەندی بەندکردنی نێوان دەق‌و دەوروبەر پراگماتیک) (ساجیدە عەبدوللا فەرهادی: ٢٠٠٣، ١١٩).
عەبدولهادی بن ظافر دەڵێت "گوتار دەقێکی بەکارهێنراوە لەدەوروبەرێکدا، یان گرێدانی دەقە بەدەوروبەرەکەیدا، چونکە کۆمەڵێک توخمی دەرەکی بەشداری لەبەرهەمهێنان‌و پێکهاتە زمانییەکەی دەکەن، هەروەها ئەو توخمانە بەشداری لەلێکدانەوەشیدا دەکەن، توخمەکانیش بریتین لە(نێرەر، وەرگر، .. تد" (عەبدلهادی بن ظافر: ٢٠٠٤، ٣٩). هەروەها (دیبورا شیفرون)یش بەپێی ڕێبازەکان، سێ جۆر پێناسەی بۆ گوتار خستۆتە روو:
١- بەپێی ڕێبازی ئەرکی گوتار بریتییە لەبەکارهێنانی هەر یەکەیەکی زمانی.
٢- ڕۆنانکارەکانیش پێیان وایە یەکەیەکە لەڕستە گەورەترە.
٣- ئاخاوتن (گوتار): دەربڕاوێکە، یان گۆکراوێکە. ئەم پێناسەیە خاڵی یەکتر بڕینی دوو ڕێبازەکەی پێشووترە. (بابا ڕەسول نوری ڕەسول: ٢٠١٣، ١٥).

گوتار کۆمەڵە یەکەیەکە لەستراتیژیەتی جیاواز کاردەکات htpp://insaniyat.revues.org) الزواوی بغورە)، هەروەها لەلایەکی دیکەدا فکرەی دەق لەڕوانگەی (کریستیفا)وە، کە وابەستەی ئایدیۆلۆجیای کردووە بەمجۆرە دیارکردووەو فکرەی دەقی بە "یەکەیەکی ئایدیۆلۆجی Ideologeme" داناوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی باڵادەستی نێو دەق بناسینەوە، دۆخی نێو دەقی رۆشنبریی دیاربکرێت، بەمجۆرە سیستەمی دەق رێگەی داوە وەکو "بەکارهێنانێکی سیمۆلۆجی- زانستی هێماکان" بەقسەکردنو پێکهاتە بەدوای یەکدا هاتووەکانی لەنێو کەشوهەوای دەقەکە دەگرێتەوە. ئەم یەکە ئایدیۆلۆجیانە ئەرکی لەبەر گرتنەوەیە، کە دەکرێت لەئاستی جودا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەگەڵ رۆنانی هەموو دەقێکدا دەگونجێت، ئەمەش وادەکات دەوروبەرێکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی پێنبەخشێت. (د. فاصل ،٢١٢). واتە بەپێی ئەم بۆچوونە یەکە ئایدۆلۆجییەکان لەنێو دقی رۆشنبیریدا کاریگەریان هەیە، ئەم کاریگەریەش لەگوتاری رۆشنبیری دەردەکەوێت، بەتایبەتی، کە دەزانین گوتار پەیوەندییەکی پتەوی بەگۆکردن‌و قسەکردنەوە هەیە، ئەمەش لەباری زمانەوە هەر ئاستەکانی رۆنانی زمان (دەنگو وشەو رستەو واتا) ناگرێتەوە، بەلکو لایەنێکی دیکەی زامانەوانی دەگرێتەوە، ئەویش قسەکردنە، کە راستەوخۆ پەیوەندی بەشیکردنەوەی گوتار هەیە. بۆیە قسەکردن تواناکەی چالاکە، مەسەلەکە هەر تەنیا کردەی هەستپێکردن نییە، بەلکو کردەیەکی هەمەلایەنەشە. دەق کردەی بەرهەمهێنانە، ئەمەش

واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە بەرهەمهێنانی کارەکە، دەبێت وەکو ئەوە بێت، کە گێڕانەوەو هەڵسوکەت بەشێوازەکان پێویستییەتی. بەلکو خودی کەشوهەواکەی دەقەکەیە خاوەنی دەقەکەو خوێنەرەکانی بەیەک دەگەیەنێت. (هەمان سەرچاوە، ٢١٣).

پەیوەندییەکی تەواوکەری یەکتریی لەنێوان نێرەرو وەرگر هەیە، لەگوتاردا نێرەر بەتەنیا ناتوانێت بەتەواوەتی گوتار بەرهەمبهێنێت، ئەگەر وەرگر ئامادە نەبێتو بەشداری سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە نەکات، یان بەواتایەکی دیکە دەقێکی رۆشنبیری هەر تەنیا کردەی بەرهەمهێنان نییە، بەلکو تێکەڵبوونو کارتێکردنو کاریگەریی‌و گۆڕانکاریشە. بۆیە لەپڕۆسەی کارتێکردن لەدقدا چی روودەدات؟ زمان، زمانی پەیوەندیکردن هەڵدەوەشێنێتەوە، هەروەها زمانی نواندنو دەربڕین هەڵدەوەشێنێتەوە، زمانێکی دیکەی خاوەن قەوراوە رۆدەنێتەوە. نە قوڵەو نەڕووکەشە، چونکە کارەکەی شێوەو چوارچێوەی نییە، کە لەتابلۆیەکەی هونەری بەدیاردەکەوێت، بەلکو کاری جوڵەی بەیەکەوە بەستراون، سنوری نییە کاتێک لەچوارچێوەی پەیوەندییە باوەکان لەسنوری بەیەکچوونی لەگەڵ چیرۆکو گوتار دەردەچێت. (هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣).

دەکرێت ئاماژە بەلایەنێکی دیکە پەیوەندی نێوان دەقێکی رۆشنبیری/ ئەدەبی‌و گوتار بدەین، کە رۆنانکارەکانی بەخۆیەوە مژول کردووە، ئەویش پەیوەندی نێوان دەقو نووسینو چۆنیەتی بەسترانەوەیانە بەزاراوەی گوتار. لەمبارەوە گوتار وەکو دۆخێکە بۆ نێوانگیری لەنێوان زمانو قسەکردندا. ( هەمان سەرچاوە، ٢١٨). بۆیە ئەگەر بپرسین ئەی پێش دروستبوونی پڕۆسەی

نووسین، شوێنی نووسین لەنێو گوتار، یان قسەکردندا چۆن بووە؟ ئایا بەڕاستی دەق لەناو قسەکردندا پێش نووسین چۆن بووە؟ رەنگە باشترین وەڵام بۆ ئەمە ئەوە بێت، کە "دی سوسێر" ئاماژەی پێدەکاتو دەیبەستێتەوە بەبەرهەمهێنانی گوتارو پەیوەستە بەبەدیهێنانی زمان لای تاک لەکاتی جێبەجێ کردنی گوتاردا. واتە بەدیهێنانی زمان لەلای تاکەوە روودەدات. زمانیش دەبێتە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیو بەدوای قسەکردنەوە دێت.( هەمان سەرچاوە، ٢١٩).

ئێمە دەزانین چەمکی تێگەیشتن لەبارەی گوتار لەکۆنو ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەکۆندا گوتار واتای گەیاندن، یان راپۆرتێک بوو دەربارەی شتێک، بەڵام ئەمڕۆ گوتار لەفکری هاوچەرخدا واتای زۆر جیاوازە لەو واتایەی لەکۆندا هەیبوو، لای خاوەنەکەی ئەو ئامانجە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بەکارتێکردنو گۆڕانکاری، بەپێی ئەم مەبەستە بەکارهێنانی زمان ئەوەیە، کە لەقسەوە دەگۆڕێت بۆ کارێک، یان کردەیەک. (الاهرام، جديد الخطاب الثقافى.. أى خطاب؟ وكيف، أحمد عبدالمعطي حجازي http://www.ahram.org.eg /News/181919/4/519874/ )، واتە (کردە قسە) روودەدات. ئامانجی ئێمەش شیکردنەوەی گوتارە بەپێی ئەو چەمکو تیۆرە نوێیانەی بایەخ بەزمانو رۆڵی زمان دەدەن، لەگەڵ دەوروبەر، کە گونجاوترینیان شیکردنەوەی پراگماتیکییە، لەنێوشیاندا تیۆری کردە قسەیی، کە بایەخ بەشیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان دەدات، هەروەها چۆن تەنیا لەرێگەی بەکارهێنانی وشەو گوتنەوە کارێک رادەپەڕێنێنرێت، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدرێت.

ئامرازی جودا بۆ شیکردنەوەی بابەتی گوتار هەیە، ئامرازەکان بەپێی هەڵکەوتو پێکهاتەو جۆری گوتارەکە دەگۆڕێت، هەرچەندە لەهەندێک بواریشدا هاوبەشیو هەماهەنگیو لێکچوون هەیە. لەتوێژینەوەدا دەتوانرێت ئەم کەرەستەو ئامرازانە بۆ شیکردنەوەی گوتار بەکاربهێنرێت:

١- پاشخانی رۆشنبیریو زانستی لەبواری توێژینەوەکەدا.

٢- توانای تێگەیشتن لەواتای وشەو گوتنەکان هەبێت.

٣- خوێندنەوەیەکی وردیش لەبواری زانستی زمان لەبەردەست بێت.

واتا لەشیکردنەوەی گوتار بەشێوەیەکی گشتی دەبێت هەندێک کەرەستەمان دیارکردبێت، یان لەبەردەست بن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو کارەکان بکرێت، توێژینەوە رێبازی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر بەهۆی پێشکەوتنی زانستی رێبازو شێوازی توێژنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام دیسان وەکو سەرچاوەی سەرەکیو کەرەستەی بنەڕەتی ژمارەیەک بنەمای پشت پێبەستراوی تۆکمە هەن، هەمیشە توێژەر دەبێت لەبەرچاویان بگرێت. بەڵام کاتێک بمانەوێت توێژینەوەیەکی زمانەوانی، یان ئەکادیمی بۆ گوتاری رۆشنبیری بکەین، پێویستە بەلای کەمەوە رەچاوی بایەخو بوونی هەندێک کەرەستەی لەمجۆرە لەبواری شیکردنەوە بکەین، وەکو:

یەکەم/ بواری واتاسازی ئەمەش کۆمەڵێک لقو شێوازو کاری لێدەبێتەوە. واتای واتا لەنێو گوتارەکە کامەیە؟ ئەو وشەو

زاراوانەی بەکارهێنراون لەڕووی واتاوە، چەندە کارێک یان پتریان ڕاپەڕاندووە، ڕۆڵی ڕەنگو بەرگو وێنەو هێلکاری لەڕووی واتاوە چۆنە؟ ئەو کردەو سەرچاوەو سیفەتە ئەرێنیو نەرێنیانەی دەبێت واتاکانیان بەوردی دیاربکرێت. دەبێت واتای هەموو ئەو کەرەستەو ئامرازانە بدۆزرێنەوەو شیبکرێنەوە، کە لەنێو گوتارەکەدا، یان دەقەکدا بەکارهێنراون. هەر کەرەستەیەکی واتادار، یان واتا ئامێزو واتایی چەندە توانیویەتی کردارێکی بەکردەوە لەرێگەی وشەو رستەو گۆکردنەوە جێبەجێ بکات.

دووەم/ شیکردنەوەی هێزە ڕاپەڕێنەرەکان، مەبەست لەمە دیارکردنی ئەو هێزو لایەنو کاریگەریانەیە، کە بەکردەوە کاریگەریان لەسەر ڕاپەڕاندنی شتێک لەنێو گوتاری ڕۆشنبیری هەیە، ڕەنگە ئەمە دەزگایەک، یان لایەنێک، یان گۆڤارێک، یان ڕۆشنبیرێک، یان حزبێک، یان هەڵومەرجێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، یان کۆمپانیایەک ... تد بێت. کارکردن لەسەر ئەم بوارە، هەمان ئەو ڕێسایانەی دەگەڵ بەکاردێت، کە لەبواری واتادا رەچاو دەکرێت.

سێیەم/ بەڵگە هێنانەوەو قسەکردن بەرەهەندێکی بەڵگەدار، مەبەست شیکردنەوەی ئەو هێماو بەڵگانەیە، کە بۆ بڕواپێهێنان بەکارهێنراون، جا ئەمە هێماو بەڵگەی عەقڵی بن، یان سۆزدار.

چوارەم/ چوارچێوەی پاشخانو باکگراوندی بابەتەکە، مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەو باکگراوندانەیە، کە لەگوتارەکەدا

بەکارهێنراون پاشخانی مێژوویی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و رۆشنبیری‌و فەلسەفی ... تد هەیە.

پێنجەم/ پێگەی کۆمەڵایەتی نێرەرو وەرگر، واتا شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و رۆشنبیری نێرەرو چۆنیەتی راپەڕاندنی گوتارەکە، ئینجا شیکردنەوەی پێکهاتەی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی وەرگر، کە بەشداری کاراو سەرەکی لەگوتاردا هەیە. واتا بۆ ئەوەی شیکردنەوەکە بتوانێت لایەنە نادیارو گریمانەو پێشهات‌و کارتێکردن‌و کارلێکران‌و مەبەستەکان بەرجەستە بکات، پێویستە رەچاوی پێکهاتەو جۆرو رۆڵ‌و ژینگەی کۆمەڵایەتی نێرەرو وەرگر بکات.

شەشەم/ دەوروبەر، ئەو سیاقەی گوتارەکەی تێدا بەرهەم دێت. سیاقی نووسین، سیاقی گۆکردن‌و گوتن، سیاقی کات‌و شوێن، ئەمانە شیکردنەوەی پێویستیان بۆ بکرێت.

واتا شیکردنەوەی گوتار، پەیوەستە بەشیکردنەوەی زمان لەچوارچێوەی پەیوەندیکردنی نێوان نێرەرو وەرگرو ئەو دەوروبەری تێیدا دەژین‌و کاری گوتارەکە رادەپەڕێنن، بەمەش ئەرکی شیکردنەوەی پراگماتیکی بەرجەستە دەبێت.

### ٢-٦ زمان چییە؟

پێناسەی جودا بۆ زمان کراوە، زمان وەکو سیستەمی قسەکردن‌و دوان، زمان وەکو سیتەمێکی فسیۆلۆجی، زمان وەکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی‌و زمان وەکو بەشێک لەعەقڵ، زمان وەکو کەرەستەیەکی پەیوەندیکردن لەنێوان بەکارهێنەرانی، زمان وەکو ئاست‌و بنەما ڕێزمانییەکەی، زمان‌و واتا، زمان‌و پراگماتیک...تد، بەڵام دەکرێت لەسەر ئەوە کۆک بین، کە (زمان لەخودی خۆی مەبەست نییە، بەلکو کەرەستەیەکە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیارکراو بۆ پەیوەندیکردن (اتصال) بەکاریدەهێنن، بۆ ڕاستەڕێبوونی پەیوەندییەکانیان‌و سەرگرتنی کاروباری ژیانیان. (د. احمد محمد العتیق، ٣٠). هەروەها زمان ئامرازێکە بەدەست مرۆڤەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکانی دیکە بدوێت، لێکبگەن‌و بیروڕاو بۆچوون‌و هەستونەستیان بگۆڕنەوە، ڕێگەشە بۆ تێگەیشتنیان‌و چاککردنی مەزاجیان.... (هەمان سەچاوە، ٣١). هەروەها پەیوەندییەکی پتەوە لەنێوان زمان‌و فکر هەیە، بۆیەشە کەسێکی وەکو "کیسلەر" فکر بەتەنیا چەند جوڵەیەکەی لاشعوری دەزانێت، یان هەستێکی نەبیستراوەو تەنیا لەنێو مرۆڤ خۆیەتی. واتە قسەو دیالۆگێکی ناوەخۆییە. (هەمان سەرچاوە،٣٣).

تەنیا (وایتهێلد) پێی وایە زمان کاکلی فکرو نێوەڕۆکیەتی. هەروەها نابێت لەبیری بکەین، کە زمان لەهەمان کاتدا بێ فکر کارێکی ئەستەمە، هەروەها زۆر قورسە ئەگەر کەسانێک دابونەریتی خۆیان نەپارێزن، بتوانن زمانەکەیان بپارێزن، بۆیەشە لەبەر ئەوەی مرۆڤ پارێزگاری لەهەمان دابونەریتی

فکر کردنەوە دەکەن، کەواتە زمانیش هەر دەبێت، زمان بی مرۆڤ گەشە ناکات، بۆیە زمان لەدەرەوەی ئەو کەسانە نابێت، کە فکر دەکەنەوەو قسەدەکەن. (هەمان سەرچاوە، ٣٣).

(دیساسۆر) پێی وایە زمان سرشتیی ناوەوەی قسەکەرە، بریتییە لە توانینی (پەنامەگی) هەموو ئەو زانیارییە ژوورهۆشییانەی قسەکەرە لەبارەی زمانەکەیەوە. ئەمە وشەکانو یاسا ڕێزمانییەکانو فۆنۆلۆجییەکانو سیمانتییەکانو پڕاگماتییەکانی زمانەکەی دەگرێتەوە. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١، ٥٠).

(ساپیر) لەبارەی زمان دەڵێت: (زمان وادەکات لەکۆمەڵگە بەرێگایەکی دیاریکراو بیر بکاتەوەو هەڵسوکەوت بکات. واتە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی هەمان رێگایە، کە زمانەکەی هەیەتی). (قەیس کاکل:٢٠٠٧، ١٤).

لای (سۆسێر) زمان دیاردەیەکەی کۆمەڵایەتییەو لەکۆمەڵگەی دەوروبەر وەردەگیرێت. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣، ١٢٠). (هالیدەی) دەڵێت: (مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەکۆمەڵگا بژیو بمێنێتەوە). (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٣، ٤).

(زمانی کوردی تاکە هۆکار بووە بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد). (قەیس کاکل : ٢٠٠٧، ١٢). (کۆمەڵگا ناتوانی کە جیهان ببینێت تەنیا لەچوارچێوەی زمانەکەیدا نەبێت). (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٧، ١٥).

(نایف خراما) دەڵێت: (لەڕاستیدا زمانی حەقیقەت لەبەر ڕێژەیەکی زۆر لەسەر بنەمای زمانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دروست کراوە). (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٧، ١٥).

بەپێی بۆچوونی (بلۆم فێلد)ی خاوەنی قوتابخانەی شیکاری ڕەوشتکاری لە ئەمەریکا (گوتن کاتێک واتادار دەبێت، کە وەڵامێک لای گوێگر بەدەست بێتو کار لەرەفتار دەکات)، یان ڕونتر بڵێین ( بولم فێلد) ڕەوشتی بەکاروکاردانەوە لێک داوەتەوەو پێی وایە هەموو شتێک لەدەوروبەردا دەتوانێت ببێتە کار (هاندەر) بۆ گوتن). (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣، ١٢١).

زانا (ئەندریە مارتینی) دەڵێت "پیوسیتە شیکاری زمان لەوە حەقیقەتی بەکارهێنانیەوە بێت". (فیلیپ بلانشیە: ٢٠٠٧، ٣٦ ).

(کلود هیجاج) دەڵێت: مرۆڤ بە وانا زمانییەکەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها (فایارد) دەڵێت مرۆڤ قسەکردنە . (فیلیب بلانشیە: ٢٠٠٧، ٤٩).

(ئۆستن) پێی وایە، کە ئەنجامی بوونی پەیوەندی لەنێوان واقیعو ڕاستگۆیدا چەمکێکی نوێی داهێنا بەناوی قسەی بەجێهێنان، یان پیادەکردن (Performatif) یاخود جۆرێک لەڕستەیە، کە کرداری تێدایە لەبەدیهێنانو پیادەکردندا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕستەیە، کە دەگوترێت . (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٧، ٥٣). (David Crystal: 2012, 357) . (چۆمسکی) ئەم بیرۆکەی وا پێناسە کردووە، کە (بریتییە لەبەکارهێنانی کردەیی زمان لەڕەوشتی کۆنکریتیدا). یاخود پیادەکردنو بەجێگەیاندنی بیرۆکەو هزری نێو مێشکە، ئەم پیادەکردنە ملکەچ و بەزاندنی

یاساکانی زمانە. (سەلام ناوخۆش: ٢٠١٤، ٢٤٠). هەروەها (بێتی ج. بیرنەر) لەبارەی سیمانتیکو پراگماتیک وەها نیمچە سنورێک لەنێوان هەردوو ئاستی زمانەوانی دادەنێت "لەسیاقی سەربەخۆدا واتای سیمانتیک دەگەیەیێنێتو لەسیاقی دەقدا واتای پراگماتیک دەگەیێنێت" (Betty J. Birner: 2013, 35) .

بەپێی بۆچوونەکانی (شارل مۆریس) زمان لەسێ پێکهاتەی پێویستو تەواوکەری یەکتر دەردەکەوێت، کە بریتین لە(رێزمان، واتا، ئەرک) بۆیە زمان سێ شێوەکاریشی- مظاهر/ دەبێت، وەکو (شێوەکاری گوتار، شێوەکاری پەیوەندی، شێوەکاری کۆمەڵایەتی) بۆیەشە پراگماتیک، یان پەیوەندی پراگماتیکی لەم لایەنەی زمان دەکۆڵێتەوە. (جمیل الحمدانی: ٢٠١٥، ٩).

(زمان ئەو کاتە دەبێتە زمان، کە لەچوارچێوەی دەق (دواندن) دەرببڕێت) (قەیس کاکل: ٢٠٠٢ ، ١٠)، هەروەها وەکو (هاریس) دەڵێت "وشەی پەرتەوازەو رستەی پەرشوبڵاو، زمان پێک ناهێنێت بەڵکو زمان لەشێوەی دواندن (Discourse) ی لکاودا دەبێت" ( قەیس کاکل: ٢٠٠٢ ، ١٠).

٢-٧ ئەرکەکانی زمان

ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن، کە مرۆڤ بەگۆکردنی لەکۆمەڵگەدا جێبەجێیان دەکات. زانایەکانی بواری زمانەوانیش دەیکەنە حەوت جۆر (زانیاری، هەواڵ گەیاندن، پرسیارکردن، هەست دەربڕین، وروژاندن، فەرماندان، راپەڕاندنو جێ خۆشکردن). ( محمد معروف فتاح: ٢٠١١، ٣١).

کەواتە دەکرێت ئەرکی بەکارهێنانی زمان، کە لایەنێکی ڕەوشتی دەگرێتەوە وەها چڕ بکرێتەوە: بەکارهێنانی زمانەوانی واتا پاڵپشتیکردنی شێوەیەک لەڕەوشتە بەپێی ریسا. بەکارهێنانی زمانەوانی واتا بەدیهێنانی کردەکانی قسەیە. هەروەها یەکەکانی پەیوەندی زمانەوانی وەکو رەچاو دەکرێت مەرج نییە رەمز، یان وشە، یان رستە بێت، هەتا دەرنەکەوتنی رەمزو وشەو رستەش بێت، بەڵکو بەرهەمهێنانی رەمزو وشەو رستەیە، یان پەخشکردنیەتی لەکاتی جێبەجێکردنی زمانیدا. (فیلیب بلانشیە: ٢٠٠٧، ٥٥).

(فۆکۆ) لەبارەی گوتارو پەیوەندی نێوان فکرو قسەکردندا دەڵێت: (فکری رۆژئاوایی پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی، کە بەکارهێنانی گوتار جۆرێکە لەتێکەڵبوونی کردە بیرکردنەوەیی- فعل تفکیرو کردە قسەیی- فعل کلام). (فۆکۆ : ٢٠١٢، ٣٤). (وێدۆوسن) ئەرکەکانی زمانی بەمجۆرە دیارکردووە: "هۆکارێک بۆ خەڵک دابین بکات، تا کارلەیەک بکەن، کەسی یەکەم لەگەڵ کەسی دووەم هەڵبکاتو بناغەیەک بۆ هاوکاریو پەیوەندی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن، کەواتە زمان دەبێت ئەرکێکی دیکە بەجێ بهێنێت، کە بە ئەرکی کۆمەڵایەتی، یا نێوان کەسەکان ناودەبرێت". ( چۆلی ئەسعەد: ٢٠١٣، ١٥).

(د. هدسن- D. Hudson) لەبارەی ئەرکی قسەکردن دەڵێت "بەزۆری قسەکردن رەنگدانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو وەرگرە" (د.هدسن: ١٩٨٧، ٢٠٩).

هەموو زمانەکان هەمان ئەرک بەهەمان پەیڕەو بەجێ دەهێنن، ئەویش گواستنەوەی بیرو ئەندێشەیە، کە لەمێشکی

قسەکەردا پارێزراوە بۆ مێشکی گوێگر بەهۆی ئەو دەنگانەی بەئەندامەکانی ئاخاوتن دروست دەکرێن. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١، ١٢٥). وریا عومەر ئەمین پێی وایە (ئەو لۆژیکەی بەهۆیەوە زمان کار دەکات پێوەندیی بەپێڕەوی کارکردنی مێشکەوە هەیە. تێگەیشتن لەسروشتو چۆنیەتی زمان تا ڕادەیەکی زۆر تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی مێشک). (هەمان سەرچاوە: ٢٠١١، ١٢٧).

هەروەها (د. هدسن) لەبارەی رۆڵی هێز Power و هاوکاریش Solidarity لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیو رۆنانی زماندا وەها بۆچوونەکانی کورت کردۆتەوە "هێزو هاوکاری وەکو دوو هۆکاری دیارکراو رۆڵیان لەهەڵبژاردنی راناوەکانو دەرکەوتنی گۆڕانکارییەکانو هاوتایی لەڕۆنانی کۆمەڵایەتیدا هەیە" (د.هدسن: ١٩٨٧، ٢١١). رەوشتکارییەکان پێیان وایە وشە کاتێک واتادار دەبێت، کە کاردانەوەیەک بەجێبهێڵێت لەلای گوێگر. (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١١، ٣٦).

ناکرێت لەبارەی ئەرکی زماندا ئاماژە بەرۆڵی (ئۆستن) لەداهێنانی تیۆری کردە قسەییەکان نەکەین، چونکە ئەو پێی وایە ناکرێت واتا بەدابڕاوی لەسیاقدا بەکاربهێنرێتو بەشێوەیەکی روتو بێ پەیوەندی دەربکەوێت، چونکە زمان بەشێوەیەکی ئاسایی لەنێو سیاقی قسەکردندا بەکاردێت، بۆ ئەوەی زۆر ئەرک راپەڕێنێت، کاتێک قسە دەکەین، پێشنیار Suggestionsپێشکەش دەکەین، پەیمان Promises دەدەینو داوەتنامە Invitations پێشکەش دەکەینو دەست بەداواکاری

Requests دەکەین‌و قەدەغەکراوەکان Prohibitions بەبیردەهێنینەوە.. هتد. ( د، هدسن: ١٩٨٧، ١٨٩).

دەکرێت ئەرکەکانی زمان لەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە ( زانیاری‌و هەوڵگەیاندن، پرسیارکردن، هەستدەربڕین‌و وروژاندن، فەرماندان، جێخۆشکردن). ( عەبوڵڵا حوسێن ڕەسول: ٢٠١٤، ١٣). هەروەها وەکو (مالینوفسکی) دەڵێت "ئێمە لەهەندێک باردا خودی زمان بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی کردن وەکو خۆی بکەین". ( د .هدسن: ١٩٨٧، ١٨٩).

## ٢-٨ زمانی وتاری رۆژنامەوانی

لەگوتاری رۆژنامەنووسیدا زمانە دەق بەرهەمدەهێنێت‌و تێکچوونی زمان، واتە تێکچوونی پەیوەندی لەتێگەیشتن لەنێوان نێنەرو وەرگر. هەندێک پێیان وایە، کە شێوازی رۆژنامەنووسی پێویستە نزیک بێت لەشارەزایی خوێنەرو ئەزموونەکانی. ( محمود حمدی عبدالقوی: ٢٠١٢، ٨٤). ئەمە بەشێوەیەکی روون واتای رۆڵی پراگماتیک‌و کردە قسەییەکان دەگەیەنێت، کە شیکردنەوەی گوتارو رۆڵی نێنەرو وەرگرو سیاق بەرجەستە دەبێت.

(ئالان بێل Allan Bell) لەبارەی شێوازی داڕشتنی زمانی رۆژنامەنووسی دەڵێت: گرینگە بایەخ بەڕێگەی هەمەجۆری

دارِشتن بدرێت بۆ تێگەیاندنی جەماوەر لەچیرۆکە هەواڵدا. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢، ٨٤).

بۆیە بۆ گەیاندنی پەیامو مەبەست لەرێگەی گوتاری رۆژنامەنووسییەوە شارەزایە رۆژئاواییەکان بایەخی (وشەو رستەو برِگە)و شێوازی دارِشتنیان دیارکردووە، کە ئەم بوارە بەجۆرێک لەجۆرەکان نزیکیو لەیەچوونێک لەرِووی زمانو شێوازی گەیاندنی پەیامو هەبوونی (نێنەرو وەرگر)و رۆڵی سیاق لەپەیوەندیکردنو ئامادەیی باری کۆمەڵایەتیو دەروونیو رەوشتکاریو ئینجا کاتو شوێن دەگەیەنێت. ئەوانەش هەمان ئەو رەگەزانەن، کە لەگوتاردا رۆڵ دەگێرِن.

شارەزایان لەبارەی بایەخی وشەو ئەرکەکانی دەڵێن، پێویستە:

- دوورکەوتنە لە وشەی روتو گشتی، کە واتای زۆر بەخۆیانەوە هەڵدەگرنو شێوازو وشەی (مبتذل)ن.

- بەکارهێنانی قسەی رۆنراو لەبەرانبەر شتی دیارو ناسراو، لادانی وشەی زیاد، پێوستە وشەی کورت بەکاربێت، کە لای خوێنەر ناسراونو ئەو کاتە کورتنووسیش بەدەست دەهێنێت. (محمود حمدی عبدالقوی: ٢٠١٢، ٨٥). هەروەها وشەکان رون (Clear)و پوخت (Concise)و واتادار (Complete)و راستگۆیی (Caurteous)و راست (Correct)و سنوردار (Concrete) بێت. ئینجا وشەکان باشترە، کە نافەرمی نەبن ( Unfamiliar Words)و پێوستە وشیاربن لەبەکارهێنانی وشەی حوکمدان (Bvaluative Words)و برِیاردان . (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢، ٨٤).

لەبارەی رستەشەوە گوتویانە:

- رستەکان کورتو واتاکان روون بن.
- بەکارهێنانی ئاسایی لەڕستەداو وشەکانی لەنێوان (١٢-٢٥) ی بێت.
- دوورکەوتنە لەڕستەی بەزۆر پێچراوی داڕێژراو و ئالۆز.
- دوورکەوتنەوە لەداڕشتنی نادیارو بکەر نادیار. رستەکان سادە (Simple) و یەک هزر لەخۆی بگرێت، پێچەوانەی رستەی داڕێژراو (Compound)، کە دوو هزر لەخۆی دەگرێت. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢، ٨٦). هەروەها لەبەکارهێنانی رستەی ئالۆزدا (Complex)، کە خاوەنی بیرۆکەی سەرەکی نێو دەقەکەیەو رستەکانی دیکە دەبێت پشتیوانی ئەم رستە ئالۆزە بکەنو سەبەرخۆ نەبن ئەمەش گونجانی هزرەکان لەنێو دەقدا دەچەسپێنێت. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢، ٨٦).

لەبارەی بڕگەشەوە وەها رێنوێنی رۆژنامەنووسان (نێنەران) دەکەن، بۆ ئەوەی بەگونجاوی مەبەستو پەیامەکان بگەیننە (وەرگر/ خوێنەر). وەکو

- بەکارهێنانی بڕگەی کورتو روون.
- بڕگەی کورت جەخت لەسەر بیرۆکە سەرەکییەکان دەکاتەوە، کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێت.
- هەروەها بڕگەی کورت شێوازی نوێی نووسینو دیزانینی دێڕو نێوانی رستەکان چاکتر دەگونجێنێت.

- پارێزگاری لەئاوازی ناو دەق بکرێت، ئەمە خێرا، یان خاو بێت، کە جۆرێک لەیەکێتی (Unity) لەنێو دەق دروست دەکات. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢، ٨٧-٨٨).

## ٢-٩ زمان لەنێوان داهێنانو بیرۆکە کوژیدا

زمان یەکێکە لەو کەرەستەو ئامرازانەی پەیوەندیکردن (کۆمینۆکەشین)ی پێ رادەپەڕێندرێت، واتە ئەگەر زمان لەنێو پرۆسەی رۆشنبیریدا ئامادەیی نەبێت، ئەو کاتە گرفتێکی گەورە دروست دەبێت. بۆیە، کە زمان نەبێت، بیرۆکە چۆن دەگاتو کاریگەرییو شێوازەکانی کارتێکردن چۆن پەیدا دەبێت؟ واتە ئەگەر بیرۆکەی هەرچەندە بەهێزو کاریگەرو سەرنجڕاکیش هەبێت، بەڵام زمانی دواندنو گەیاندنو نیشاندانو جولاندنو کارتێکردنی نەبێت، بیرۆکەکە، وەکو لاشەیەکی لەکار کەوتوو دەبینرێت، هەروەها زمانیش ئەگەر بیرۆکەک نەبێت، نەخشەو هاندانو بەرنامەی بۆ دارێژێت، هیچ کاریگەرییو کارتێکردنێک دروست ناکات.

گوتاری رۆشنبیری پێویستی بەزمان هەیە، زمان وەکو هۆکاری دواندنو ئاخافتن، زمان وەکو نواندنو نیشاندانو دەرخستنو هاندانو کارتێکردن، چونکە ئەگەر زمان نەبێت پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەرو وەرگر رووبەرووی قەیرانو کێشە دەبێت.

پەیوەندیکردنەکە، لەئاستی پێویست نابێت.. وەکو ئەوە وادەبێت کەڕو لالێک بیەوێت بەئاماژە کوێرێک تێبگەیەنێت، بێ ئەوەی بزانێت گوێگرەکەی کەسێکی نابینایە.. یان بەپێچەوانە، نابینایەک بێ ئەوەی بزانێت گوێگرەکەی، کەسێکی کەڕو لالەو بیەوێت لەرێگەی قسەکردنەوە تێی بگەیەنێت، یان مەبەستو پەیامەکەی پێبگەیەنێت..

زمانی رۆشنبیرش وایە، داهێنان بێ زمان تەواو نابێت، زمانە دەتوانێت هێماو نیشاندانو کارتێکردنێکی کارا لای خوێنەرو گوێگرەکەی دروست بکات، بەتایبەتی لەگۆڤارێکی رۆشنبیریدا، زمان کاریگەرترین ئامرازە، بۆ گەیاندنی پەیامو مەبەستەکانی نێرەر.

لەنێو گوتاری رۆشنبیرییدا بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بەپێگەی زمانو کاریگەریی زمان نادرێت، گەلێک لەرۆژنامەنووسانو نووسەران، لەگەیاندنی پەیامەکانیان، جوانیو دروستی زمانو بەکارهێنانی زاراوەو دەستەواژەکان لەبەرچاو ناگرن، ئەمەش وایکردووە، زمان وەکو کەرەستەیەکی لاوەکی، یان مردوو دەربکەوێت.

لەمبارەوە سەرنووسەری گۆڤاری رامان، دەنووسێت (زۆرجار بابەتو نووسینی گەلەک جوانمان بەدەست دەگات، بەڵام لەبەر گوێ نەدان بەدارشتنو کوردییەکەیان، ناتوانین بابەتەکان بڵاوبکەینەوە). (ئازاد عەبدولواحید، رامان، ژمارە ٢٤٠ ، ١٥٠).

بۆیەشە، کە (جۆرج شەحاتە) لەخزمەتی نوێکردنەوەی زمانی فەرەنسی بووە، دەڵێت داهێنەرەکان لەهەموو کەس زیاتر لەزمانی نەتەوەو نوێ کردنەوەی زمانەکەیەوە نزیکن‌و دەبێت ئەو زمانە بەباشی بزانن‌و بەکاری بهێنن‌و پێی بنووسن، چونکە بەشێکی گەورەی ئەرکەکەیان لەپاڵ نوێ کردنەوەی جیهانبینی‌و خەیاڵ‌و تەکنیک‌و کەرەستەکانی نووسین، دەبێ زمانەکەیان شان بەشانی ئەو رەگەزانە بەرێوەبڕوات. (هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠).

کەواتە زمانی داهێنان، زمانی گەیاندنی وێنە شیعری‌و رووداوەکانی چیرۆک‌و دونیابینی رۆمان‌و پەیامەکانی گوتاری رۆشنبرییە، هەرچەندە هەندێک پێیان وایە مەرج نییە، داهێنەران ئاستەکانی زمان بەباشی بزانن، بەڵام لەنێو گوتاری رۆشنبیریدا، ئەگەر زمان کارامەو پوخت‌و سازو لەبارو دروست نەبێت، کارتێکردن‌و گەیاندنی پەیامەکان، دووچاری کێشە دەبن.

بۆیە زۆر ئاساییە، گوتار بۆ ئەو کەسانە بنووسرێتەوە، کە کێشەی دەربڕین‌و گوتن‌و بەکارهێنانی زاراوەو دەستەواژەکانیان هەیە، یان توانای کورتکردنەوەو پوخت دەربڕین‌و کۆکردنەوەی بیرۆکەکان لەچەن دێڕێک‌و دەستەواژەیەک هەیە، ئەمە لەنووسینشیدا هەمان کاریگەری هەیە. لەبەرئەوە لەزۆر لەدەزگاکانی راگەیاندن‌و بڵاوکردنەوە، پسپۆری زمانزان‌و زمانەوان هەن، شەنو کەوی زمانی نووسین‌و چاپکراوەکان دەکەن.

رامان لەمبارەوە پێی وایە پێویستە لەهەموو ئەو بڵاوکراوەو دەزگایانە کەسانی زمانزان هەبن تاکو بەنووسینو بابەتەکانی گۆڤارو رۆژنامەو کتێبەکاندا بێنەوە، هەروەها دەبێت داودەزگاکانی چاپو پەخشی کتێبیش کەسانی پسپۆرو شارەزا لەزمان، لەلای خۆیان دابنێن، تاکو بەمزانی نووسینی نووسەرانو کتێبەکانیاندا بچنەوەو رێنووسەکانیان، زاراوەکان، ناوی نووسەرو رەخنەگرو فەیلەسوفو بیرمەندو هونەرمەندانی بیانی، ناوی شارو شارۆچکەکان یەک دەست بکرێن، نەک پەنا ببرێتە بەر کەسانێک، کە زۆر باسی زمان پاراوی دەکەنو زۆر لەبارەی زمانەوە دەنووسنو دەدوێن، بەڵام خۆیان، کە بەکوردی دەنووسن، کوردییەکەیان باش نییەو بۆ رستەیەکی کوردی پوختو راستو رەوان دەچن بەئاسماندا.(هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٢).

کەواتە هەرچەندە زمانو داهێنان تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەهەندێک بواردا بیرۆکە پێش زمان دەکەوێتو لەهەندێک بواریشدا زمان بیرۆکە بەزیندوویی رادەگرێت، یان دەیکوژێت. هەندێکجاریش زمانە وەکو مامان بیرۆکە دەهێنێتە ژیانەوە، زمان هەناسەی دەقە، خوێنەرو ژیان وەبەر دەق دەدات. بۆیە لەنێو گوتاری رۆشنبیریشدا زمان هەمان رۆڵ دەگێرێت.

ئەگەر کێشەی گوتار لەدوای گوتنی، هەندێک لەیەکەکانی لەناوبچن، یان لای وەرگرو گوێگرەکەی لەبیر کرێن، مەسەلەی فکرو یەکەکانی ئەو بیرۆکانەی، کە پێشکەش دەکرێن، بەیەکەوە بەستراون. لێک جودا ناکرێنەوە، بۆ نموونە کاتێک قسەکەر

گوتارێک پێشکەش دەکات، یان دەنووسێت، خوێنەرو وەرگر پێویستیان بەوەستان هەیە، بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی سەر لەنوێ ئەو یەکانەی گوتارەکە پێکدەهێنن، دەبێت لەبیستنی رستەی دووەم، بیر لەرستەی یەکەم بکات، تاکو بیرۆکەکانو مەبەستو واتاکانی نێو گوتارەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەڵام فکر وانییە، بەیەکەوە بەستراون. (ایریک بویسنس، ٢٠١٧، ١٨).

واتا لەشیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیریدا پێویستە رۆڵی زمان لەداهێنانو کوشتنی بیرۆکەکان بایەخی پێبدرێت، چونکە زمان بەهەموو شێوەکانی لەباری دەوروبەری دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو هەتا خودیشەوە، کاریگەرییان لەسەر بیرۆکەکانی نێو فکرە سەرەکییەکان هەیە، وەکو چۆن بیرۆکەکان دەبنە هاندەر بۆ فرەبوونی رۆڵو کاریگەرییو فرە واتاییو کارتێکردنو پێکهێنانی بارێکی دەروونی تایبەت، ئەوهاش زمان دەبێتە بەدیهێنەری هەمەلایەنی لەوشەو فرە واتاییو فرە بیرکردنەوەیی لەو ئەنجامانەی بەدیدێن. واتا گوتار، کە لەلایەن گوێگرەکانی جارێکی دیکەو رەنگە بەشێوەیەکی نوێ وەبەربهێنرێتەوە، فکریش دوای ئەداکردنی لەلایەن زمانەوە، وەبەردەهێنرێتەوە، لێرەدا هێزی نوێبوونەوە، یەکەمیان لەلایەن خاوەن گوتارەکە (نووسەر، رۆژنامەنووس، هونەرمەند... )بێت، دوومیشیان لەلایەن وەرگرەکانییەوە (خوێنەر، گوێگرو بینەر.... ) بێت، بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەمەیە پرۆسەی دروستبوونی گوتار، چونکە گوتار بەتەنیا (نووسەرو نێرەر) تەواو نابێت، بەلکو (وەرگرو بەکارهێنەرەکان)ی بەشداری لەو دروستبوونەو

تەواوکردنی گوتارەکە دەکەن. بۆیەشە ئاساییە نوێبوونەوە لەم ڕوانگەو هۆکارانەوە دروست بێت، کە ئەمەش بەئەرکی گوتار دادەنرێت، نێرەرەکەی هەمیشە نوێبوونەوە لەزمان دروست بکات. بۆیەشە هەر بەتەنیا وەکو دیاردەیەکی زمان سەیری گوتار ناکەین، بەلکو وەکو دیاردەیەکی پەیوەست بەدەوروبەر (کۆمەڵایەتی) زمان ئەرکەکانی رادەپەڕێنێت، کەیەکێک لەو ئەرکانە پەیوەندیکردنە.

## ٢-١٠ پەیوەندی نێوان وتارو دەقو گوتار

١- دەبێت بۆ گوتار گوێگرێک هەبێت، بەڵام دەق ئاراستەی وەرگێرێکی نادیار دەکرێت، لەرێگەی خوێندەوەی بەچاو وەریدەگرێت، کەواتە گوتار چالاکییەکی پەیوەندیکردنە ، پێش هەرشتێکو یەکەمجار لەرێگەی زمانی گوتنەوە دروست دەبێت، بەڵام دەق نووسراوە.

٢- گوتار لەگوێگرەکەی پتر تێناپەڕێت، یاخود بەستراوەتەوە بەچرکەی وەربەرهێنانییەوە، بەڵام دەق بەردەوامی نووسینی هەیە، لەهەموو سەردەمو کاتێک دەخوێندرێتەوە.

٣- گوتار زمانی گۆکردن بەرهەمی دەهێنێت، بەڵام دەق نووسین بەرهەمی دەهێنێت. وەکو چۆن رۆبێر ئیسکاریت( R. Escarpit) گوتیەتی زمانی قسەکردنو زارەکی گوتار ( Des Discours) بەرهەم دێنێتو نووسینیش دەق (texes Des) بەرهەم دێنێت. (هاجر مدقن: ٢٠١٣، ٣١).

٤- گوتاری دەقی نووسراو ناگۆڕدرێتو وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام دەقی گوتراوی زارەکی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو کۆمپیۆتەر بەئاسانی دەستکاری دەکرێتو دەگۆڕدرێت.

٥- لەوتاری رۆژنامەنووسیش بایەخ بەشێوازو پەیامو رۆڵی نێنەرو وەرگر دەدرێت. هەرچەندە لەرۆژنامەنووسیدا باسی دارِشتنو بەکارهێنانی وشەو رستەو برِگەیە، کە ئەمەش پتر لایەنی رێزمانی دەگرێتەوەو خزمایەتی توندی لەگەڵ دەقی نووسراو دەبێت، بەڵام لەکۆتایدا ئامانجی بایەخ دانە بە(پەیوەندیو پەیام)و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی هەواڵەکە لەسیاقێکی دیارکراودا.

٦- گوتار تەنها بونیادێکی زمانی نییە، بەڵکو پیادەکردنی بونیادێکی زمانییە. بۆ بەرهەمهێنانی واتاو کۆمەڵێک هەقیقەت، کە هەوڵ دەدات هەقیقەت بۆ کۆمەڵو بەکارهێنانی زمانی سنوری دەسەڵاتی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە بەئاراستەی چەند ئامانجێک، کە پێشتر خۆی دیاریی کردون. (دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٩، ٨).

## ٢-١١ دەسەڵاتی زمانو هێزی دەربرِین لەسەردەمی نوێی کۆمپیۆتەر

ئەمە پەیوەستە بەبواری زمانەوانی کۆمپیۆتەریو شیکردنەوەی گوتاری نووسراوو گوتاری زارەکییە، هەروەها وەرگێرانی دەقو قسە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، دیارە مەبەست خودی کۆمپیۆتەر نییە،

بەڵکو بەکارهێنانی زامانە لەلایەن مرۆڤەوە لەکاتی پەیوەندیکردندا (communication)، لە نێوان کۆمپیۆتەرو خەڵکەکەدا ، ئەمە تاقیکردنەوەیەکی مۆدێرنی تیۆری زمانەوانییە. ( Victoria Fromkin, Robert Rodman, nina Hyams : ۲۰۰۹، ٤۹٥).

وەکو زانای بواری تەکنەلۆجیا (ئار. ئییە . بوکانان) دەڵێت تەکنەلۆجیا چارەسەری هەریەکە لەکەی؟ لەکوێ ؟ بۆچی ئەم تەکنیکە؟ دەکات بەو واتایەی ئامانجی شیکردنەوەیەتی لەنێو سیاقێکی کۆمەڵایەتیدا، راگەیاندنی ئەوەی چۆن دەرکەوتو گەشەی کرد، هەروەها ئەو رێگەیەی پەیوەستە پێییەوە لەپەیوەندی بەناویەکداچووی نێوانیان، هەروەها شێوازی بەمیللی بوونو بڵاوبوونەوەیی‌و هۆکاری لەناوچوونو نەمانی. (ار.ایە. بوکانان: ۲۰۰۰، ۱٥).

لەمەش پتر وەکو چۆن زمان رۆڵی هەیە لەدیارکردنی کردەو کاردانەوەو دەرخستن‌و بەرجەستەکردنی رەوشتی مرۆڤ لەسیاقێکی کۆمەڵایەتی دیارکراودا بەهەمان شێوە تەکنەلۆجیا ئەرکی مەرعریفی‌و تێگەیشتنیشی هەیە، لەچوارچێوەی دەوربەرێکی کۆمەڵایەتیدا، وەکو (بوکانان) دەڵێت: هەروەها تەکنەلۆجیا بایەخ بەتێگەیشتنە تەکنییەکەکان لەنێو ژینگە دەدات، کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیان تێدا دەرخستووە. (هەمان سەرچاوە: ۲۰۰۰، ۱٥).

کێشەی دیکە لەشیکردنەوەی گوتاردا ئێمە چۆن مامەلە لەگەڵ زمانی سەرەکی‌و دیالکتیکەکان دەکەین، کە هەڵکشان‌و داکشانێکی توندن، یان ناکۆکیی بەهۆی عەقڵیەتی خێلەکی‌و

سیاسی کاریگەریی بەسەرەوە هەیە، ئەمە لەزمانەکانی دیکەشدا بەدی دەکرێتو لەزمانی کوردیدا پتر وەکو کێشەو گرفت بەرجەستە بووە بەهۆی بەکارنەهێنانی زمانێکی ستاندار لەگوتاردا. زانایانی ئەم بوارە دەڵێن (ئەمە بزاقێکە لەهاتوچون دایە لەنێوان زمانەکانو دیالیکتیکەکان تەنیا لەنێو یەک رستەو گوتاریشدا هەیە لەزمانی ئینگلیزی ئەم دیاردەیە بە Codeswitching ناو براوە). Victoria Fromkin, Robert ) Rodman, nina Hyams : ٢٠٠٩، ٥٥٩ ).

٢-١٢ گلۆبالیزمو زمانی کوردی

لەنێو گوتاری کوریدا زاراوەو دەستەواژەیەکی زۆر بەکاردێت، کە لەرێگەی کرانەوەی سنورە دوورەکان، یان کاریگەری زمانە دراوسێکان پەیدابوون. گەلێک زاراوەی وەکو (خۆبەدەستەوەدان)، (لاپەڕەیەکی سپی)، (توانەوەی بەستەلەکی سیاسی)، (هەژمون)، (دیپلۆماسی نەرم)، (لە پشتەوە سەرکردایەتی کردن) (هێزی نەرم)، یان لەرۆژنامەکاندا بەکارهێنانی (گوێبیست لەجیاتی گوێگرتن، (پێی هەستا لەجیاتی هەڵدەستێ)، (هەستیار لەجیاتی ناسک و شلۆق)، (دروست بۆتە تەندروست)و (کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەموءتمر صحفی عەرەبی وەرگیراوە)و (سەلماندن کراوەتە پشت راستکردنەوە)، زیانی گیانی لە اضرار روحیەی عەرەبی وەرگیراوە.. هتد) ( رەوف حەسەن: ٢٠١١، ٦٢-٧٠).

لەناونیشانی هەندێک رۆژنامە، کە لەیەک رۆژدا دەرچووەو ئێمە رەچاوکردنی لایەنگرییو گەڕانەوە بۆ پێشینە

هەڵمانبژاردوون و بەمجۆرە هەندێک ناونیشانیان بڵاوکردۆتەوە: (لە بۆشاییەکی گەورەی سەرکرایەتیدا)، (ئۆچەلان ئاگربڕی درێژکردەوە)، (تەقریری سکون)، (بۆردی رێکخراوەکان)، (بەرژەوەندی باڵا)، (راسیزم)، (لووتکەی دەسەڵات)، (ئیلهام لە خەباتی بایکۆتکردن)، (ئەو ژنەی چۆکی بەراسیزم هێنا)، (بەلجیکا پارێزگاری لە پێشەنگی ریزبەندیی کرد)، (ئیدین هازارد ئەم مێرکاتۆیە یانەیەکی نوێ هەڵدەبژێرێت)، (قۆناغی دیموکراسی و کرانەوە)، (هاووڵاتی مەدەنی)، (خۆسەریی)، (پراکتیزەکردن)، (هێندەی بەرزیی بنمیچی خواستەکان)، (ململانێ سیاسییەکان)، (قەیران)، (گەمارۆی سەر ناوچەکانی سوریای تاوتوێ دەکرێت)، (بەئاراستەی بەرژەوەندییە باڵاکان)، (کوردستانی نوێ ژمارە ٦٨٦٨). (کارتی فشار)، (بیرکردنەوەی سەقەت)، (ژوری پەیجور)، (خۆراکی گازۆ)، (بەئاووخوێ موبایلەکەت شەحن بکەوە)، ( سەلاجەی زیرەکی سامسۆنگ)، ( کامێرایەک بە دیقەتی ١٠٠ میگاپیکسڵ). (Flash)، (سۆسی قارچک)، ( رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٧١٥). (ریفراندۆم)، (سەروەریی خاکی هەرێم کوردستان)، (چاکسازی و پاکسازی)، (ماڵپەڕێکی ئەمەریکی)، (دەوڵەتی کوردستان)، (وردەکاریەکان)، (تەنگەژەی دارایی)، (شەڕی ساردی ڕاگەیاندن)، (نەزانی مێدیایی)، (جووڵەی بازرگانی)، (دەروازە نێودەڵەتییەکانی پارێزگای هەولێر)، (زوومی فۆلکلۆر)، (پڕچەک)، (تۆرنادۆکانی ئەلمان)، (بۆمبی ناوەکی)، (هەڵمەتی سیخوڕی)، (پێنسەد)، (فڕۆکەی هەڵفڕاند)، (راپۆتی مەیدامی)، (سپۆنسەر)، (هەولێر و دهۆک لووتەکەیان گرت)، (خولی نایابی فاسی لینک)، (ژانی

نیوەی سەر)، (وێژەخەڵات)، (ستاف) (ڕۆژنامەی هەولێر ، ژمارە ٢٢٩٠).

کەناڵە جۆراوجۆرەکانی گلۆبالیزەیشن لەسنوری خودی هەر یەکێکمان بێ سانسۆر دێتە ژوورەوەو دیالۆگێک لەنێوان خودو منەکانمان دروست دەکات، ئاستی کەلتووریو زنیاری هەر یەکێکمان ڕۆل دەبینێت، کە ئایا ئالآی سپی بۆ هێرشەکانی بەجیهانبوونەوە بەرزبکەینەوە، یاخود لەگەڵیدا رابێینو بگونجێین، یان خۆمانی لێ موتربە بکەین، یان سەنگەری لەدژ بگرینو ببین بەپاسەوانی کلتور. (محەمەد تەها حوسێن: ٢٠١٥، ١١٩-١٢٠).

ئێمە گوتمان گوتار پەیوەستە بەگوتن، ئەداکردنی کارێک لەرێگەی بەکارهێنانی وشەو ئاخاوتن، بۆیەشە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زمانو گوتاری رۆشنبیریی هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر توێژینەوە لەبارەی گۆڤارێک، یان رۆژنامەو دەزگایەکی راگەیاندن لەچۆنیەتی بەدیهێنانی گوتاری رۆشنبیری بکەین، بۆمان ساخ دەبێتەوە، کە زمان پێگەیەکی سەرەکی لەپێکهێنانی گوتاری رۆشنبیریدا هەیە، هەروەها تواناو لێهاتوویی نێرەرو لەهەمان کاتیشدا وەرگر دەردەخات. بۆیە فکرو زیرەکی بەواتای توانای فکریو زمان لای نێرەرو وەرگر دەردەخات. زۆر گرینگە لەم بوارەدا جەخت لەسەر بایەخو توانای فکریو پانتاییو لێهاتووییو فراوانی لەکۆگاکردنی وشەو زاراوەو دەستەواژەو شێوازی ئاخاوتنی جیاوازو بەکارهێنانی کەرەستەی جودا بۆ چۆنیەتی گێڕانەوەی رووداوێک، یان مەبەستێک لای نێرەرو

چۆنیەتی لێکدانەوەی لای وەرگر بکرێتەوە. گرینگە لەمبارەوە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرینگ لەپەیوەندی نێوان فکرو توانا و لێهاتووی نێرەرو وەرگرو زمانو گوتار بەیکەوە بکەین:

یەکەم/ پەیوەندییەکی ئەرێنی لای تاک لەچۆنیەتی کۆگاکردنی وشەو ڕێژەی زیرەکیی کەسەکە هەیە، ئەو کەسانەی بەقوڵی بیر لەشتی هەمەجۆر دەکەنەوە، بیریش دەکەنەوە، لەئەنجامی ئەوەشدا بەگشتی بەدوای زانیاریو مەعریفەی ئەندازەیی دان. تەنیا زانایەکی وەکو (هوارد گاردنەر Gardner ) پێی وایە زیرەکی حەوت ئاڕاستەی هەیە، کە سەرەکیو هەرە دیارەکەیان زمانە. (تیسیر صبحی ود.یوسف قطامی: ١٩٩٢، ٤١).

دووەم/ ئەمە شتێکی زانراوە، هەرچەندە ڕێژەی زیرەکی عەقڵ لای تاک تواناکەی زیادبێت، بۆ ئەوەی ئەو شتەی دەیخوێنێتەوەو دەیبیستێت لەڕستەو دەستەواژەکاندا، دەتوانێت چاکتر پەیوەندییەکانی نێوان وشەکانی زمانو واتاکانیان ساخ بکاتەوە، ئەمەش لەکۆتاییدا دەبێتە زیادبوونی بەروبوومی زمانیی. (د. عبدالمجید سیس احمد منصور: ١٩٨،٢١٠٥-١٦٠).

سێیەم/ زمانی قسەکردن هۆکارێکی گرینگەو یارمەتیدەریشە بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوەو پەرەگرتنو پەرەسەندنی، ئەمەش پانتاییەکە بۆ گەشەکردنو پێوەریشە بۆ مەعریفە. ( هەمان سەرچاوە، ٣٤).

## ٢-٢ پراگماتیک چییە؟

ئەگەر بمانەوێت لەچەمکی پراگماتیک بگەینو بزانین چ ئاستو بوارێکی زمانەوانی دەگرێتەوە، دەبێت ئاگاداری کارە زانستییەکانی زانای وەکو (ئۆستن Austin)و (سێرل Searle)و زانایەکانی دیکەی بواری کۆمەڵناسی وەکو (گۆفمان Goffman)و (ستراوس)و (گرایس)و (میشێل فۆکۆ F. Faucault)و زانایەکانی دیکە لەبواری زمانەوانی کۆمەڵایەتیو ئەسنۆلۆجی نمونەی (گومپێرز Gumperz) بین.

گەلێک پێناسە بۆ پراگماتیک کراوە وەکو:

- پرگماتیک کۆمەڵە توێژینەوەیەکی مەنتیقی زمانەوانییە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەواتای بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، بایەخ بەمەسەلەی گونجان لەنێوان ڕەمزەکانو سیاقەکانی سەرچاوەو پێگەو نوێخوازیو بوارە مرۆییەکان دەدات. (Enecyclopaediea Universalis) . (فیلیپ بلانشیە: ٢٠٠٧ ، ١٨).

- پرگماتیک ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە، کە بایەخ بەزمانو گوتار دەدەن، ئەمە پێناسەی هەریەک لە (آ.م.دیلر A.M. Diller)و ف. ریکاناتی F.Recanati)یە. (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٧ ، ١٨).

-(ڵ. سفیز L. Sfes) وای بۆچووە، کە پراگماتیک لێکۆڵینەوەو پسپۆرییە، دەچێتە نێو زمانەوانیو بایەخ بە بەکارهێنانی زمان لەپەیوەندیکردن دەدات.

- پراگماتیک وەکو (ف. جاکویس F. Jacques) دەڵێت: بریتییە لە "لێکۆڵینەوەی زمان، کە دیاردەیەکی گوتار ئامێزو پەیوەندیکردنو کۆمەڵایەتیشە لەیەک کاتدا. (هەمان سەرچاوە: ۲۰۰۷ ،۱۹).

- ئینسکلۆپیدیای کەمبریدج: ئەم زانستە بەرانبەر وشەی Pragmatics بەکاردێت. پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی زمان لای کەسەکان دیاردەکەنو هەروەها ئەم کاریگەرییە لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە لەیەکێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئینجا کارتێکردنی بەپێی دۆخی نێنەرو خواستەکانی وەرگر دەبێت. ( , Stephen.C.Levenson: 25)

- پراگماتیک لە وشەی پراگما (Pragma) یۆنانی هاتووە، کە واتای کارکردنو پراکتیک دەگرێتەوەو بۆیەکەمجار لەساڵی ۱۹۳۷ لەلایەن (چارلز مۆریس) بەکارهێنراوە، زمان لەکتێبەکەی بەناوی زانستی رەمزەکان(semiotics) دەکاتە سێ بەش (سینتاکسseynatcs ، واتاسازی

Semantics پراگماتیک (Pragmatic) . (محمد معروف فتاح: ٢٠١١، ١٨٢)

- ئەو لقەی زانستی زمان، کە لەپێوەندییەکانی واتایی نێوان زمانو دەرەوەی زمان دەکۆڵێتەوە، بەپراگماتیک Pragmatics ناودەبرێت. (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١، ١٥).

- پراگماتیک ئەو زانستە نوێیەیە، کە لێکۆڵێنەوە لەدیاردەکانی زمانەوانی لەبواری بەکارهێنان دەکات. (مسعود صحراوی: ٢٠٠٥ ، ١٦).

ئەم زانستە لەئەنجامی پێشکەوتنو تێکەڵبوونی زمانەوانی لەگەڵ بوارەکانی دیکەی زانستدا دەرکەوت، گەلێک بواری وەکو (زانستە کۆمەڵایەتییەکانو بایۆلۆجییەکانو بەکارهێنانی زانستی رەمزەکان، کە فراوانە، دەچێتە بواری پراگماتیکەوەو تێکەڵی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی sociolingusiticsو دەروونpsycho- linguisticsو بایۆلۆجی (biological دەبێت. (محمد معروف فتاح: ٢٠١١، ١٨٢)

تیۆری پراگماتیک بایەخ بەڕۆڵی گوتاربێژ دەدات لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم گوتاربێژانە هەر تەنیا بەهۆی زمانەوە تێکەڵی یەکتر نابن، بەڵکو ئەمانە پێشوازی لەم تێکەڵبوونو هاوکاری کردنیشی دەکەن. (فیلیب بلانشیە: ٢٠٠٧، ٨٤).

(بێتی .ج بیرنەر Betty J. Birner) لەبارەی پەیوەندی نێوان شیکردنەوەی پراگماتیکو واتا دەڵێت "پراگماتیک

شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە لەسیاقدا لەکاتی بەراورد کردنیدا بەسیمانتیک ، بەڵام سیمانتیک شیکردنەوەی پیشەی واتای سەربەخۆیە لەدەرەوەی سیاقدا" ( Betty J. Birner: 2013, 2).

(ستیفن سی. لێڤینسۆن) دەربارەی گوتەو بەرهەمهێنانو شیکردنەوەی گوتە لەڕاونگەی پراگماتیکەوە دەڵێت: دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان هەڵوێستی گوتە لەفیچەرە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەڵاوێرکردنی ئەو فیچەرانەی، کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتیو زمانەوانیەوە پەیوستمان دەکەن بە بەرهەمهێنانو لێکدانەوەی گوتەوە. ( ئاڤێستا کەمال مەحمود: ٢٠٠٩، ١١). تەنیا ئەو کاریگەرییەی، کە دەوروبەر هەیەتی وایلێدەکات ببێتە بەشێک لەپێناسەی هەریەکێک لەجۆرەکانی پراگماتیک. (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٩، ١٢).

پراگماتیک زانستێکە لەواتا دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ جەختکردن لەپەیوەندی نێوان ئامازەکانو بەکارهێنەرانیو دەوروبەر (سیاق)، پتر لەوەی، کە بایەخ بەسەرچاوەو هەقیقەت، یا پێکهاتەکان بدات. ( جمیل الحمدانی: ٢٠١٥ ، ٩). هەروەها پراگماتیک تایبەتە بەزمانو هەروەها واتای کێڵگەی فەلسەفە دەداتو کاریگەرییەکانیشی لەزمانو کۆمەڵناسیو ... تد دەردەکەوێت. (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٥، ٨).

(فرانسسواز ریکاناتی و ماری دیلر) دەڵێن: پراگماتیک ئەو توێژینەوانەیە، کە لێکۆڵێنەوە لەبەکارهێنانی زمان لەنێو گوتار دەکات، ئەو شێوە تایبەتیانەی، کە ئاراستەکانی گوتار لەنێو زماندا دروست دەکات. (یسمینە عبدالسلام: ٢٠١٤، ١٠٠).

یەکێک لەزانستە نوێیەکانی شیکردنەوەی زمان پراگماتیکە، بەتایبەتی ئەو بوارانەی زانستی زمانەوانی (دەنگو وشەو رستەو واتا) ناتوانێت شیکاریان بکات، پراگماتیک لێکۆڵێنەوەیان لەبارەوە دەکات، شیان دەکاتەوەو ئەو بوارانە دەدۆزێتەوە، کە پێشتر نەتوانراوە چارەسەری گرفتەکانیان بکات.

پراگماتیک بایەخ بەمەرجو رێسا پێویستە گونجاوەکانی نێوان کردە قسەییو ئەو دەوروبەرەی تایبەتە بەهەڵوێستەکانی دەدات، یان بایەخ بەپەیوەندییەکانی نێوان دەقو دەوروبەر دەدات. ( د. صلاح فضل، ٢٠).

٢-٢-١ شیکردنەوەی راگەیاندنو گوتاری رۆشنبیری

لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی پڕلەجولەو کاردانەوە لەنێوان دەزگاکانی راگەیاندنو رەهەندی رۆشنبیریی هەیە، بۆیە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ شیکردنەوەو سوککردنی باری توێژینەوە دەکرێت، ئەگەر رەچاوی هەندێک لەو خاڵانە بکرێت، کە توێژەری میسری محەمەد شۆمان لەبارەی شیکردنەوەی گوتاری راگەیاندن ئاماژەی پێکردووە، کە لەکۆتایدا گوتاری راگەیاندن، گوتارێکی رۆشنبیریشە، واتە راگەیاندن وەکو بەشێک لەگوتاری رۆشنبیری دەردەکەوێت.

خاڵەکان بەمجۆرە دیارکراون:

١- لەچوارچێوەی گشتی کۆمەڵگەدا، تاچەند دیموکراتیەتو بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری پەرەی سەندووە.

٢- مولکەیەتی ئامرازەکانی راگەیاندن، یاخود کێ خاوەنداریەتی دەکاتو بەرێوەی دەبات؟ ئایا کۆنترۆلکراوە، یان فرەیی دەربڕین لەئارادیە؟ سەرچاوەکانی دارایی کامەن؟ ئایا شەفافیەت لەم بوارە هەیە، ئایا چاودێری دەکرێت؟ ئایا تاچەند راگەیاندن پشت بەسەرچاوەی داهاتی ریکلام دەبەستێت؟

٣- ئەو یاساو رێسیانەی کاری راگەیاندیان پێ رێکخراوە، چەند شەفافە، ئەو ئازادیەی بەکردەوە لەژیانی رۆژانە پیادە دەکرێت، چەندە جیاوازی لەگەڵ دەقە یاساییەکان هەیە، زۆرە یان کەمە؟.

٤- ئاستی سەربەخۆییو بێلایەنیو توانای رێکخستنی سەندیکا لەنێو کارگەکانی راگەیاندن، تا چ ئاستێک مافی مادیو مەعنەویان، لەبەرانبەر فشاری دەوڵەتو بزنسامانەکانو ریکلامدا بۆ دابینکراوە.

٥- رێسا پیشەییەکانو ئەو دابونەریتە باوەی لەدامودەزگا جیاوازەکانی راگەیاندن هەیە، ئایا پەیڕەوی وردو هاوسەنگو شەفافی تێدایە؟ ئایا هەموو کارمەندەکان توانای بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی گوتاریان هەیە؟ ئایا نەبوونی جیاوازیی لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی دابینکردووە؟.

٦- ئاستی خوێندەواریو پسپۆری ڕاگەیاندكارەكان، ئایا تا چەند پەیوەستن بە بەڵێنامەكانی كارو شەرەفی پیشەیی؟ سەرباری ئەوەش چەندە ڕێز لەمافی هاووڵاتیان لەكاتی پەیوەندیكردنو كاری ڕاگەیاندن دەگرن؟

٧- ئاستی خوێندنو ڕۆشنبیری ئەو كەسانەی گوتارەكەی ڕاگەیاندن بەكاردەهێنن، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكەن؟ ئایا جەماوەر چەندە بەشداری لەبەرهەمهێنانی گوتاری ڕاگەیاندن دەكاتو بەكاری دەهێنێت؟ ئایا ڕێكخراوو دەستەی سەربەخۆ هەن داكۆكی لەمافی جەماور بكەن، تاكو لەكاتی پەیوەندیكردندا زامنی بەشداربوونەكەی بكرێت؟

٨- ئایا چەندە فرەییو هەمەجۆری لەبەكارهێنانی گوتارەكەدا هەیەو سروشتی پەیوەندییەكانی نێوان گوتاری باڵادەستو گوتاری لاوەكی چییە؟ تا چ ئاستێك گوتاری لاوەكیو ئۆپۆزسیۆن بەدەست سەركوتكردنو پەراوێزخستن لەلایەن دەسەڵات، یان ڕاگەیاندنكاران، یان خودی جەماوەرەوە دەناڵێنن؟.

٩- ئەو گۆڕانكارییە سەرەكیانەی لەخودی گوتاری ڕاگەیاندن بەدیهاتوون، چونكە لێكۆڵینەوە لەبارەی گۆڕانكارییو دابڕانەكان زۆر گرینگترە لەلێكۆڵێنەوە لەبەردەوامیو سەقامگیریی لەبەرهەمهێنانو بەكارهێنانی گوتارەكەدا.

١٠- تا چەند گوتاری ڕاگەیاندن دان بەهەڵەو لایەنگیری خۆی دەنێت، چەندە كار بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو ڕەوشە دەكات، كە تێی

کەوتووە؟ ئایا ئەمە دەسەڵات، یان دەستە سەربەخۆکانو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەیکەن، یان ڕاگەیاندنکارەکان بەخۆیان لەچوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییو سەندیکایی ئەنجامی دەدەن؟. (محمد شوفان، تحلیل الخطاب الاعلامی،

( http://www.youm7.com/story/2015/7/19

١١- کێشەیەکی گەورە لەبارەی گوتار ڕووبەڕووی دۆخی ڕۆشنبیری دەبێتەوە، ئەویش بەکارهێنانی زمانێکی ستاندار، یان شێوە ڕێنووسو شێوازی گوتنو قسەکردنی ڕۆژانەی سیاسییەکانو ڕۆشنبیرانو ڕاگەیاندکارانو پەروەردەکارانە، کە (بەشێوەیەکی گشتی ئیلتزام بەبەکارهێنانی زمانی ستاندار ناکەن، لەکاتی پەیوەندیکردنیان بەجەماوەر، یان لەو گاڤەی قسەیان بۆ دەکەن). (احمد محمد المعتوق، عالم المعرفة، ژمارە ٢١٢، ١٨) سەرباری ئەوەش هەندێکجار بەهۆی دابەشبوونی کوردستان، خەریکە زمانەکەش بەسەر هێزی دیالکتیکە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دابەش دەبێت، بێگومان بوونی دیالەکتیکی جیاجیا مانای لاوازییو خراپی زمان ناگەیەنێت، بەڵام لەبواری ڕۆسنبیریدا، لەکاتی ئەداکردنی گوتاری (نووسراو، یان گوتراو) ڕووبەڕووی کێشەیەکی جددی لەبەکارهێنانی زاراوەو بەکارهێنانی شێوازو دیالەکتیکی ناوچەیی دەبینەوە، بەتایبەتی لەکاتی گۆکردن، یان گوتاری گۆتندا. ئەمە لەهەندێک بواری نووسینیشدا ڕەنگی داوەتەوە، لەهەندێک بواردا گوتارە ڕۆشنبیرییەکان لەژێر کاریگەری زمانە بێگانەکانی وەکو عەرەبیو فارسیو تورکیو هەندێک خەریکە

دەی ئینگلیزییێنن، ئەمەی دوایی پەیوەندی بەجیهانگەراییو کاردانەوە بەرانبەر کەلچەرو زمانی داگیرکەرانی کوردستانو نەبوونی سەرچاوەو دابڕان لەزمانی وڵاتە داگیرکەرەکان دەگرێتەوە،بەتایبەتیش زمانی عەرەبی لەساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠١٧بەشێوەیەکی بەرچاو پشتی تێکراوە، بەرانبەر ئەو پشت تێکردنەش لەرووی رۆشنبرییەوە بایەخ بە زمانی ئینگلزیی دەدرێت. ئەگەر سەیری بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەش بکرێت، دەردەکەوێت وەرگێڕان لەزمانی عەرەبییەوە، لە پاشەکشەدایە.

١٢- بەکارهێنانی زمانی گشتی، یان زمانو دیالەکتیکی ناوچەیی لەدەزگاکانی راگەیاندن هۆکارێکی دیکە، وای کردووە گوتاری رۆشنبیریی لەکوردستاندا، گوتارێکی سەرتاسەری نەبێت، تەنیا هەژموونی دیالکێتیکو سیاسەتو ناوچەو هەتا گروپو رێکخراوە سیاسییەکانیشی بەسەرەوە بێت. وەکو چۆن عەرەبەکان بەدەست دەزگاکانی راگەیاندن دەناڵێنن لەبەکارهێنانی گوتنی نادروستو رستەی دروستکراوی ناشایستەو بەپندو بۆڵە لەنێو زمانی رەسەندا، یان شێوەی زمانی هێنراوو دەستەواژەی وەبەرهێندراوی پڕ لەکەموڕی، یان نادروست، ئەمەش وا لەو جەماوەرە دەکات، نەتوانن وەکو پێویست زمانی یەکگرتوو بەکاربهێنن، کەماوەیەکی زۆر لەکاتیان بەم شتانە بەسەر دەچێت. (هەمان سەرچاوە، ل١٨ ).

١٣- گوتاری رۆشنبییر لەژێر کاریگەری وەرگێڕان دایە، بەداخەوە گەلێک لەو وەرگێڕانەی لەزمانی دووەمەوە دەبینرێت، ئەگەر لەسێیەمو چوارەمیش وەر نەگێڕدرابن، هەست بە

تەنگەنەفەسی دەکرێت، هەروەها گومان لەوەرگێڕان، یان گومان لەکوردییەکەو ئینجا ئەمانە گومان دێخنە سەر نێوەڕۆکی بابەتەکەش، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان، بێ زمانێکی دروستو تێگەیشتنو شارەزایی لەهەردوو زمان، ناتوانرێت ئەو گوتارە کاراو و دروستە بەرهەم بهێنێت، کە کاریگەری لەسەر رۆشنبیری لەکۆمەڵگەی جوداو هەمەرەنگ دروست دەکات.

واتا شیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیری دەزگایەکی رۆشنبیری، یان گۆڤارو رۆژنامەیەک، یان بابەتێکی ئەدەبیو رۆشنبیری هاوبەشو خزمایەتییەکی بەرچاویان لەگەڵ ئەم بنەمایانە دەبێت، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد. بێگومان ئەم بنەمایانەش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، کە خودی بابەتەکە، یان کۆمەڵگەو دامودەزگاکان دەگۆڕێن، یان هەڵبژاردنی توێژەر دەبێتە پێوەر بۆ دروستکردنی هەندێک بنەمای نوێی دیکە، یان بەکارنەهێنانی هەندێک لەوانەی ئاماژەمان پێکرد. گوتمان راگەیاندن راستە ئەمڕۆ بۆتە هۆکارو ئامرازێکی گرینگ بۆ بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەرو وەرگر، بەڵام دیسان لەچوارچێوە گشتیەکەدا راگەیاندنیش پەیوەستە بەبنەما گشتییەکانی رۆشنبیریی.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت شیکاری گوتاری رۆشنبیری، یان راگەیاندنی گۆڤارو رۆژنامەو سەرچاوەیەکی رۆشنبیری بکەین، دەبێت رەچاوی پێوەرە گشتییەکان، هەروەها پێوەرە هاوبەشەکانی نێوان راگەیاندنو رۆشنبیری بکەین. بۆ نموونە پێوەرە هاوبەشەکانی وەکو:

یەکەم/ مولکداری:

دووەم/ فرە رەنگیو فرە جیاوازیی لەبڵاوکردنەوەو فکرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو هەروەها ئامرازەکانی پەیوەندکردنو گەیاندن.

سێیەم/ سیستەمی کارکردنو بیرکردنەوەو فەلسەفی ئەو دەزگاو کەسو لایەنانەی پاڵپشی ئەمجۆرە گوتارە دەکەن، یان کەسایەتی خاوەنی گوتارەکە چۆنە؟ ئایا کەسێکی کراوەو ئازادە، بڕوای بەخۆسەپاندنو تاکڕەویی هەیە، یان ڕێز لەجیاوازیو ئازادی ڕادەربڕین دەگرێت. خاوەنی گوتارەکە چەندە دەرفەتی ئازادانە بۆ بەشداری خەڵک لەئاستی خوێندەواری جوداو تەمەنو رەگەزو چینی کۆمەڵایەتی جوداو وەرگرو هەمە لایەنی جەماوەر دەرەخسێنێت؟.

چوارەم/ ئاڕاستەی گوتارەکە چییەو چۆنە؟ نەتەوەییو نیشتیمانییە، رەگەز پەرستانەیە، یان حزبییە؟ ئایا ئاڕاستەیەکی سەربەخۆیانەی هەیە، یان لایەنگیریو پاشکۆبوونی بۆ لایەنێکو دەسەڵاتو فکرێکی دیارکراوی هەیە؟

پێنجەم/ ئاستی خوێندەواریو رۆشنبیری نێرەرو وەرگر یەکسانە، چونکە هەر گوتارێکی ڕاگەیاندراو، پێویستی بەوەبەرهێنانو جارێکی دیکە وەبەرهێنانەوە هەیە. یەکەمیان نێرەر دەیکاتو دووەمیشیان وەرگرو بەکارهێنەرەکانی گوتارەکە ئەنجامی دەدەن، کە هەردووکیان پەیوەستن بەتواناو ئاستی رۆشنبیریو دەوروبەری کۆمەڵایەتیو ئاڕاستەی سیاسی.

شەشەم/ دەسەڵاتی گوتار، دەسەڵاتێکی فیزیکی نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی مەعنەوی گرینگە، کە لەرێگەی قسەکردنو دەقەی گوتراو، یان نووسراو دەردەکەوێت. واتا هێزی وشەو پەیڤینو جۆری راپەڕاندنی گوتارەکەو شێوازی گەیاندنی مەبەستەکانو بەکارهێنانی ئەو پێکهاتانەی لەنێو گوتارەکەدا رۆڵی بیناکردنیان هەیە، دەبنە هێزی ئەو کارەی، کە گوتارەکە رایدەپەڕێنێتو لەهەمان کاتیشدا پێویستییەکانی گوتارەکەش دیاردەکات. واتا، گوتارێکی سەلەفی، یان گوتارێکی مۆدێرنی مینارەوی کراوەیە، شێوازو پێکهاتەو هێزو پێویستی تایبەت بەدەوروبەری خۆیان هەیە، کە رۆڵ لەوەبەرهێنانی گوتارەکەو راپەڕاندنیو بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی دەگێڕن.

٢-٢-٢ گوتاری رۆشنبیریو دەوڵەت

لەکۆنەوە گفتوگۆو جیاوازیو لێکدانەوەی جیا بۆ پەیوەندییو کاریگەرییو کار لەیەکترکردن لەنێوان رۆشنبیرو دەوڵەت، یان لەنێوان پرۆسەی رۆشنبیرییو سیستەمی حوکمڕانیو دامودەزگاکانی دەوڵەت لەئارادیە، بێگومان راستەوخۆ بێت، یان نارِستەوخۆ ئەم شیکردنەوەیە لەرێگەی گوتاری رۆشنبرییەوە ئەنجام دەدەرێت. پەیوەندی رۆشنبیرییو دەوڵەت لەرۆژهەڵاتدا، لەسەر بنەمای پاشکۆبوونو ملکەچیو سانسۆرو سزا بیناکراوە، ئەم چوار بنەمایەش پەیوەندییەکی نایەکسانو ناهاوسەنگە لەنێوان هەردوو ئاڕاستەو بواردا.

لەکوردستاندا حوکمڕانی خۆماڵی کوردی لەدوای ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە، بەڵام کورد تاکو ئێستا دەوڵەت نییە، بەڵام

دامودەزگای خۆبەڕێوەبردن‌و ئیدارەو دەسەڵاتی حکومڕانی لەبوارەکانی یاسادانان‌و جێبەجێ کردن‌و دادوەریی هەیە. ڕۆشنبیریی کوردی، لەدێر زەمانەوە پشتی بەبنەما مرۆیی‌و ئازادیخوازیی بەستوە، ئەمڕۆش ئەم پەیوەندیی‌و لەهەمان کاتیشدا ئیشکالیەت لەنێوان دەسەڵات‌و ئازادیدا، لەنێوان سانسۆرو ئازادی بڵاوکردنەوەدا لەناکۆکی‌و هاوسەنگیدا هەنگاو دەنێت.

بۆیەشە ئەگەر سەیر بکەین هەندێک لایەن‌و دەزگای ڕۆشنبیریی، دەوڵەت بەبەرەنجامی فکری‌و ئەخلاقی ئەم کارتێکردن‌و قاڵبگرتنەی گوتار دادەنێن، تەنیا مەترسیدارترین گرفت بەوە دەبەستنەوە، کەبەشێک هاوئاهەنگ دەڕۆن لەگەڵ ئاوازو شێوازی گوتاری یەکبوون‌و کۆبوونەوە لەدەوری دروشمی نیشتیمانی گشتگیرو تێکەڵبوونی لەگەڵ گوتاری سیاسی دەوڵەت. ئەگەر ڕۆشنبیریی پڕۆژەو ئاکاری ئەخلاقی هەبێت، ئەوە ڕۆشنبیریش بۆ دەوڵەت وەکو پڕۆژەیەکی ئەخلاقی دەردەکەوێت.

لەدەوڵەتەکانی ڕۆژهەلاتدا، پڕۆژەی ڕۆشنبیری ملکەچ پێکردنە لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتداران لەنێو سیستەمی حوکمڕانیدا، کەچی لەڕاستیدا ناکۆکی‌و ململانێییەکی توند لەنێوان پڕۆژەی دەوڵەت، کە پشت بەکۆیەلکردن‌و پاشکۆبوون‌و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕۆشنبیر دەبەستێت، لەگەڵ پڕۆژەی ڕۆشنبیریی ئازادیخوازو دەرەوەی دەسەڵات‌و حوکمڕانی هەیە، کە بریتییە لەپڕۆژەی فکریی‌و ئەخلاقی ئازادی ڕادەربڕین‌و سەربەخۆبوون لەبڕیارو گوتاردا. بۆیەشە کە دەوروبەری نێرەری گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی‌و وەرگرەکانی شی دەکرێتەوە،

پرسیارو گومانێکی راشکاوانە لەکاریگەریی گوتاری حزبیو لەهەنووکەشدا نیمچە ناوچەییو کەسی دروست دەبێت، کە ئەمەش گوتاری رۆشنبریی لەقەیرانی بەدامەزراوەیی بوون پتر دەکات.

بۆ نموونە لەعێراقدا دوای ساڵی ٢٠٠٣، کە بانگەشەی رۆشنبیریی عێراقی نوێیە، دەتوانرێت بگوترێت، پرۆژەیەکی پێچەوانەیە، گوتاری رۆشنبیری لەژێر کاریگەریی گوتاری سیاسی تائیفیو خۆسەپێنیو حوکمڕانییەکی زۆرینەیە، کە جێگە بۆ جیاوازییو ئازادی کەمینە ناهێڵێتەوە. بۆیەشە هەندێک پێیان وایە (گوتاری رۆشنبیری بەشێوەیەکی نیمچە رەها ملکەچی گوتاری سیاسیی بووە). الخطاب الثقافي للدولة . http://www.middle-east-online.com/?id=229739

ئەمە دەریدەخات، کە گوتاری رۆشنبیریی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاینیو ئابوریو پەروەردەییو ئەدەبیوزانستیش تاکو ئاستێکی باڵا لەژێر کاریگەرییو هەژموونی گوتاری سیاسی دەوڵەتو حزب دایە. دەوڵەتیش لەژێر کۆنترۆڵی بەنێو زۆرینەیەک دایە، کە بەئاسانی دەتوانێت لەرێگەی گوتاری دیموکراسیو ئەنجامی ئازادانەی هەڵبژاردن، لایەنەکانی دیکە ملکەچ بکات. ئەمەش دەبێتە بەرهەمهێنانی گوتاری خۆسەپێنو نەهێشتنی زەمینەی رۆشنبیریی لەیەکتر گەیشتنو گفتوگۆی وەبەرهێن. واتا ئەگەر سەیر بکرێت لەعێراقی ئەمرۆدا گوتاری ئاینیو تائیفیو بەیاسایکردنی هەموو بنەماکانی گوتار لەپێناو بچووکردنەوەی دەوڵەت لەخزمەتی یەک پێکهاتە دایە، وەکو چۆن لە نیو سەدەی رابردوو گوتاری نەتەوەیی فەشەلی هێنا،

هەروەها گەورەکردنی یەک پێکهاتە لەنێو گوتاری دەوڵەتێکی کۆنترۆلکراوی بچووکدا، کە فکرو عەقڵی تێدا پشتگۆ دەخرێت.

## ٢-٢-٣ نوێکردنەوەی گوتار

کاتێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو ئابوری ڕوودەداتو کاریگەری لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن لەبواری سیاسیو خوێندنو پەروەردەو ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیری دروست دەکات، گوتاریش پێویستی بەنوێکردنەوە دەبێت. لە میسری دوای قەومانی ڕاپەڕینی جەماوەرو لەکار دوورخستنەوەی موبارەکو هاوینی ئیخوان بۆ حوکمو دواتریش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن سیسیەوە، میسرییەکان لەدەوڵەتو لەدامەزراوە ڕۆشنبیرییەکاندا پێداچوونەوە بەگوتاری ڕۆشنبیری خۆیان دەکەن، لەناویشاندا گوتاری ئاینی، کە بەشێکە لەگوتاری ڕۆشنبیری، یان گوتاری دەوڵەتو گوتاری فێرکردنو پەروەردەو ڕاگەیاندنو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو... تد. ئەحمەد ئەلحجازی لەمبارەوە دەڵێت: گوتار هەر تەنیا وشەو ڕستە بەکارهێنراوەکانی نێو دەقێکی نووسراو، یان گوتراو ناگرێتەوە، کە واتایەکی پیشەییو دەلالەتی ڕاستەوخۆیان هەیە، بەلکو لەمە تێپەڕیوەو ئامازەو دەلالەتی زۆر لەمە دوورتر دەگرێتەوە، کە لەنێو دەقدا تێی دەگەین. مافی خۆمانە، کە گوتاری ئاینی نوێ بکەینەوە، هەروەها مافی نوێکردنەوەی گوتاری ڕۆشنبیریمان هەیە، ڕۆشنبیری نیشتیمانی گۆڕەپانێکە لەو گۆڕەپانانەی، کە دەوڵەتی نیشتیمانی سەرپەرشتی دەکات،

چونکە دەوڵەت خاوەنداری ئامرازەکانی نوێبوونەوە دەکات، کە بریتین لەدەستەو دامودەزگای فێرکردنو رۆشنبیریو ئاینیو راگەیاندن، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە میسر لەپاشەکشە دایە، نوێبوونەوە بۆتە کاری نێو دائیرەکانو گۆڤارو رۆژنامەکان، لەجیاتی ئەوەی بکرێتە سەرەتایەک بۆ نوێبوونەوەی گوتاری سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتی. (احمد عبدالمعطی حجازی، ( http://www.ahram.org.eg/News/181919/4/519874/ ) .

گوتاری پەیوەندی بەدەوروبەرە هەیە، دەوروبەریش وابەستەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، کە دەوروبەر دەگۆڕێت، گوتاریش شێوەو پێکهاتەو مەبەستو ئامانجەکانی دەگۆڕێت، گۆڕانیش پێویستی بەتوانای تێگەیشتن لای وەرگرو ئینجا بڕواپێکهێنان بۆ گۆڕانکاریی هەیە، ئەمەش نوێبوونەوەی پێویستە. عەرەب، کە خاوەنی گوتاری هەمەجۆری رۆشنبیرین، تەنیا بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیرییەکانیان، جۆرو شێوازی گوتارەکانیشیان گۆڕاوە، بەڵام بەگشتی لەبەردەم پڕۆسەی رەخنەو نوێبوونەوە، هەندێک پێیان وایە، کە چاکسازی لەدامەزراوەکانی بیرکردنەوەو خوڕەوشت لەڕوانگەی عەقائیدی ئاینێکی کراوە دەبێت، چونکە ئاین هێزێکی رۆحییە دەتوانێت کەسایەتی مرۆڤ دابڕێژێتەوەو بڵاوی بکاتەوە. بۆیە دەبێت هانی بزاڤی چاکسازی ئاینی بدرێت، لەو روانگەیەی، کە پێکهاتەیەکی ژیاری رۆشنگەریی هەیەو لەگەڵ گیانی زانستو حوکمی عەقڵ دەگونجێت.( وفاء صندی، ( http://www.elwatannews.com/news/details/1211424 )

واتە ئەگەر چاکسازیو نوێبوونەوە لەگوتار بکرێت، پێویستە پشت بەبنەما کۆمەڵایەتییەکان ببەسترێت، واتە هەر تەنیا چاکسازی لەدەق ناکرێت، بەڵکو دەوروبەری کۆمەڵایەتی (ئاینی، سیاسی، دامەزراوەکانی فکرو بواری رۆشنبیریو چاپو راگەیاندنو... تد) کاریگەریان لەسەر خودی پرۆسەی چاکسازی هەیە، ئەو چاکسازیەش لە کۆمەڵگەو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری رۆشنبیری لەهەموو کۆمەڵگەکاندا، پشت بەهەندێک بنەمای هاوبەش بۆ نوێبوونەوەو چاکسازی ببەستن، ئەمەش پەیوەستە بەلایەنە هاوبەشەکانی پێکهێنەرەکانو یەکەکانی گوتار، لەرووی رێزمانو قسەکردنەوە، لەبواری دەقی نووسراو گوتراودا. هەروەها چاکسازی گوتاری رۆشنبیری پشت بەبواری پەروەردەیەکی دیموکراسیو مۆدێرنو کراوە دەبەستێت، پشت بەزانستو لۆژیکو بابەتی بوون دەبەستێت.

بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە نوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیری بەتەنیا وەکو کردەیەکی ئیداری بەڕێوەناچێت، واتا لەرێگەی دامودەزگا ئیدارییەکانو بەبڕیاری یاساییو ئیداریی نوێبوونەی گوتار ئەنجام نادرێت، پێویستە وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابوریو فەرهەنگیو سیاسیو ئاینی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. رێگەی راستیش ئەوەیە هەر بەتەنیا بایەخ بە نێنەرو خاوەنی گوتار نەدرێت، بەلکو پێویستە کار لەمەڕ وەرگرەکانیش بکرێت، چۆن ئەو پەیامە دەگاتە ویژدانی

وەرگرەکان، مەبەستیش لەویژدان دڵە، ئەو دڵە نا، کە لەنێو سینگ دایە، بەلکو ئەو دڵەیە، کە لەنێو مێشک دایە، لەرێگەی هەر پێنج هەستەکەوە کاریگەری لەسەر دروست دەبێت. لەبیری نەکەین قسەکردن لەم سەردەمەدا لەگەڵ وشە هاوڕایە، لەکۆنگرەکان بەردەوام قسە لەسەر کەرەستە نێردراو و کاریگەریان‌و کێشەو گرفتەکانی راپەراندیان‌و گەشەپێدانیان دەکرێت، بەڵام قەت باسی خودی زانستی گوتارو دەوروبەری گوتارو کاریگەریی بەکارهێنەرەکانی لەنوێکردنەوەو بەرهەمهێنانەوەی سەر لەنوێی گوتارەکە ناکرێت، کە ئامرازێکە بۆ پەیوەنیکردن لەنێوان نێرەرو وەرگر. بۆیەشە، کە باسی گەشەپێدانی گوتار دەکرێت، دەبێت بایەخ بەگێڕانەوە بدرێت، هەروەها گوتاری راستەوخۆ تەنیا لەرێگەی یاخیبوون‌و کولان لەناخەوە دروست نابێت، چونکە ئێمە میللەتێکین لەسەر سەرووەریی پەروەردە کراوین، بۆیە شێوازی گێڕانەوەی بابەتەکان‌و پیاهەڵدان‌و گەڕانەوە بۆ سەروەرەییەکانی مێژوو خۆشیمان پێدەنەخشێت، چونکە ئێمە میللەتێکین تەنیا گوێگرین، ئێمە لەزەت لەگوێیەکانمان وەردەگرین، بۆیەشە دەکرێت بڵێین ئێمە میللەتێکی قسەکەرو ئاخێوەرین.( ملحة عبداللە، http://www.alriyadh.com/1510137).

ئەم بۆچوونەی باس لەوە دەکات، کە رۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرە، نەک بەرهەمهێن، قسەکەرە، نەک بەدیهێنانی کردەی بەرهەمهێنان، وەکو کێشەیەک لەبەردەم گوتاری رۆشنبیری دەبینرێت، بەو واتایەی، کە عەرەبەکان لەبەرانبەر پێداچوونەوە بەگوتاری رۆشنبیران، رەخنەگرانە دەڵێن:

(لەبەرچاونەگرتنی زمانی زانستیو بابەتی، دەرکەوتنی رۆشنبیریی زالکردنی شتەکان، تەنیا لەکاتی وەسفکردنی شارستانییەکەشیان، دەڵێن گەورەترین شارستانی، کاتێک قسە لەبارەی ئەم سەردەمەیان دەکەن، پڕی دەکەن لەقسە بەزمانی گەورەکردنی شتەکان، کە دوور لەواقیعە. بۆیەشە ئەزموونەکەیان شتێکی نایابو سەرکەتنەکانیشیان وەکو ئەفسانە نیشان دەدەن).( قفاء صندی، .(http://www.elwatannews.com/news/details/1211424

رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەک جیاوازە لەوەی دیکە، هەروەها سەردەمی هەموو رۆشنبیرییەکانیش جیاوازە لەوی دیکەیان، تەنیا لەنێو یەک زمانو نەک زمانە جیاوازەکان، گوتاری رۆشنبیریی جیاوازی لەخۆدەگرێت. بۆیەشە نوێبوونەوەی هەر گوتارێک پێویستی بەڕەچاوکردنی کەرەسەتەکانی گوتارەکەو سەردەمو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابووری کۆمەڵگە هەیە، بۆ نموونە لەزەت لای هەر کۆمەڵگەیەک مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها شێوازی لەزەت لای وەرگرو بەکارهێنەرەکان لەنێو یەک کۆمەڵگەو تەنیا یەک دەقیشدا دەگۆڕێت، سەرباری کاریگەرییەکانی ئەو کەرەستانەی لەنێو گوتاری رۆشنبیری بەکاردەهێنرێن. زمانی هەر گوتارێک رۆشنبیرییو شێوازی گەیاندنو پێوەندیکردن لەگەڵ وەرگرەکانو ئاستی رۆشنبیریو چینایەتی وەرگرەکان دەگۆڕێت. بۆیەشە گرینگە بۆ نوێبوونەوەی گوتار رەچاوی کەتواری دەوروبەری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری کۆمەڵگەی خۆت

بکەیت، سەیری ئاستو لێهاتوویی‌و دەوروبەری وەرگرەکان بکەیت، کەرەستەکانی گەیاندنی لەزەتو تێگەیشتن‌و چۆنیەتی بەکارهێنانەوەی گوتارەکە لەلایەن وەرگرەکانەوە بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بۆیە هەندێک لایەن پێیان وایە لەپێناو گەشەپێدانی گوتار پێویستە لێکۆڵێنەوە لەبارەی نێرەرو شیوازەکانی بکرێت، نەک ئەو کەرەستانەی نێرەر بەکاریان دەهێنێت، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە گەشەپێدانی گوتاری رۆشنبیری پێویستە پشت بە( گێڕانەوە، ئەندێشە، عەقیدە) ببەستێت، ئەمانە هەرسێکیان دەبنە مایە دروستکردنی لەزەت. (ملحة عبدالله، http://www.alriyadh.com/1510137 ).

نوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیری لەیەکێک لەکۆنفرانسەکانی قاهیرە لەنێوان ٢٩-٣١ی ئایاری ٢٠١٦، ئامارژە بەڕۆڵی ئەو چەمکانە کراوە، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر نوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیریی عەرەبی دابنێن، لەوانە: (رۆشنبیری‌و چاکسازی تەشریعی، مافی رۆشنبیری‌و زانستی هاووڵاتی، دروستکردنی پیشەسازی رۆشنبیری داهێنەرانە، رۆشنبیری‌و فێربوون، جوگرافیای رۆشنبیری‌و رۆڵی تەکنەلۆجیا لەنوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیری‌و کەرەستەکانی نوێبوونەوەی گوتار، بەبازارکردنی بەرهەمی رۆشنبیری، گەنجو رۆڵیان لەنوێکردنەوەی گوتاری رۆشنبیری.. تد). لەنێویشاندا بایەخ بەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بدرێت‌و هەندێک ئەگەری ئەوەش دەخەنە روو، کە نوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیری بێ نوێبوونەوەی گوتاری ئاینی کارێکی زەحمەتە، هەروەها بایەخدا بەبواری فێربوون‌و خوێندن لەپێناو کرانەوەی عەقڵی هاووڵاتی

لەباری هوشیاریو ویژادنییەوە. بایەخدان بەئیدارەی راگەیاندن بەپێی پڕۆژەی رۆشنبیریی، کە رووبەرووی بارودۆخێکی تایبەتی دەکاتەوە، لەئامانجی سەرەکی پڕۆژەی نوێبوونەوەی گوتاری رۆشنبیریی نزیکمان دەخاتەوە.

سەرباری ئەوەش لای عەرەبەکان جەت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە بایەخ بەکەلەپوری کۆنی عەرەبی بدرێتو لەپێگە ئەلەکترۆنییەکان سەر لەنوێ بڵاوبکرێنەوە تاکو گەنجەکان پێی ئاشنابن، هەروەها کراونەوەی رۆشنبیریی بەڕووی رۆشنبیرییە جیاوازەکانی دیکەی وەکو چینو روسیاو هیندو ئەمەریکاو فەرەنساو ئیسپانیاو یابان ئەنجام بدرێت.( جریدە الشرق الاوسط http://aawsat.com/home/article/657371/).

واتا ئەگەر بمانەوێت گوتاری رۆشنبیری کوردستان پەرەپێبدەینو نوێکردنەوەی تێدا ئەنجام بدرێت، پێویستە رەچاوی دەوروبەرو بارودۆخو هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی نێرەر بکرێت، وەکو چۆن بایەخ بەوەرگر دەدرێتو ئەرکی توێژەریشە لێکۆڵێنەوە لەشێوازەکانی پەیوەندیکردن بکات. بۆ نموونە ئەگەر گۆڤارێکی وەکو رامان وەربگرین (رامان/ نێرەر)ەکە بێت، پێویستە شێوازی (رامان بزانرێت، ئەندێشەی رامان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێتو عەقیدەکانی دیاربن). ئەمەش بێگومان بێ لێکدانەوە لەبارەی (پێگەی کۆمەڵایەتیو ئاستی رۆشنبیرییو توانای تێگەیشتنی (وەرگر)، کە (خوێنەر/ رەخنەگر/ توێژەر/ خوێنەری ئاساییە) کارەکە هاوسەنگ نابێت، بۆیە دەبێت بایەخی پێبدرێت. گوتار لەسەردەمی نوێدا بەکردەی گوتن دادەنرێت، شیکردنەوەی بایەخ بەڕاپەڕاندنی کردەیەک لەرێگەی

گوتنی وشەیەک، رستەیەکو پەرەگرافێکو گوتنێکەوە، یان بەکارهێنانی هێماو هێما بۆکراوەکان دەبێت.

## ٢-٢-٤ گوتاری رۆشنبیریو جیهانگەرایی

کاتێک باسی گوتاری رۆشنبیریی راگەیاندنی کوردی دەکەین، دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین، کە کۆمەڵگەی کوردی هەرچەندە لەزۆر بواردا تێکەڵی گۆڕانکارییە رووکەشەکانی دونیا بووە، لەرێگەی راگەیاندنو شەڕی دژی تیرۆرو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەرکو پەیامی رۆشنبریی هەمەلایەنو پڕ ئەرکتر بووە، لەگەڵێک بواردا کاریگەرییە رۆشنبیرییەکان بەسەر کۆمەڵگەشەوە دەبینرێت، راگەیاندن دەیەوێت نمایشێکی سەردمیانەو بەشێوازو سیستەمی جیهانگەرایی لەبواری ئازادی بیروڕاو بڵاوکردنەوە بکات، لەبنەڕەتدا ئەوەی گوتاری رۆشنبیریی رووبەرووی قەیران کردۆتەوە ئەو نمایشە چاولێکەرانییەی راگەیاندنی بیانییە، کە لەهەندێک بواردا دەوروبەری خۆماڵی رەچاو ناکات.

هۆکارە سەربازییأو ئابورییەکان، کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێزی مادی بەرێوەدەچێت، ئامادەیە بۆ یەکلایکردنەوەی مەسەلەی ملکەچ پێکردنی خەڵکانی دیکەو سەپاندنی مەرجی لایەنە سەرکەوتووەکان بەسەریاندا، بەڵام ئەمرۆ گۆڕانکارییەکی ریشەییی لەکەرەستەو کەلوپەلی ئیدارەی ململانێکان دەبینین، هۆکارەکەشی ئەو پێشکەوتنەیە، کە لەبواری بەرهەمهێنانی مەعریفیو فکرو سیمبولو هێماکان

دەبینرێت، یان بەشێوەیەکی دیکە بیلێین بواری رۆشنبیریی لەهۆکاری یارمەتیدەر گواستراوەتەوە بۆ ئاستی ململانێیەکان، کە ئەمەش بۆتە کێڵگەی ململانێ هاوچەرەخەکان. (کریم ابو حلاوه،مجله الفکر، ژماره،٣، ١٨١).

رەنگە ئەو نیشتیمانو رۆشنبیریانەی بەنیگەرانیی دەژینو بەردەوام لەناکۆکیو کێشە دەژین، هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە، کە رۆشنبیریی جیهانگەرایی داگیریان دەکاتو دەیانسڕێتەوەو دەرفەتی جیاوازییو پێکەوەژیانیان لەبەردەمدا ناهێڵێتەوە. لە کوردستاندا گوتاری رۆشنبیری بڕواپێکهێنانو پێکەوژیانو یەکتر قبوڵکردن بنەمایەکی کۆنی مێژوویی هەیە. عەبدولئیلا بلقەزیز لەبارەی کاریگەرییەکانی رۆشنبیریی جیهانگەرایی دەڵێت: کردیەکی دەستدرێژی کردنە سەر رۆشنبیرییەو سیمبولی دوژمنکارانەی لەدژی هەموو رۆشنبیرییەکان لەخۆگرتووە، بەئاسانی دێتەناوەو بەکەلوپەلەکانییەوە چەکدارەو هەڕەشە لەسەر سەروەری رۆشنبیریی سەرجەم کۆمەڵگەکان دەکات، لەوچوارچێوەیەی، کە جیهانگەرایی دەستی پێڕادگات. ( عبدالاله بلقیزیز، مجله المستقبل العربی،ژماره ٢٢٩، ٩٨).

## ٢-٢-٥ رەخنەو گوتاری رۆشنبیری

کاتێک لەخەیاڵدانی خۆماندا وێنایەکی کەسی، یان بابەتی بۆ رەخنەی رۆشنبیرییو ئەدەبی لەمێژووی ئەدەبی کورد دەکەین، زۆر بەدەگمەن باسی تیۆرەکانی توێژینەوەی رەخنەیی لەبارەی گوتاری رۆشنبیریی کراوە، باسی هەموو ژانرو پێکهاتەو ئاستو

جۆری دەربڕینو شێوازی نووسینو زمانو داهێنانو دۆخی ڕۆشنبیریو کاریگەرییەکانی لەنێو کۆمەڵگەو پەیوەندی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانو ڕۆشنبیریی، ڕۆشنبیرو دەسەڵاتو جۆرەها بابەتی دیکەی شیکاریی، یان ڕەخنەیی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بایەخی گوتارو پێکهاتەی خودی گوتارو ئەو بنەما نوێیانەی لەئاستی زمانو کۆمەڵایەتییەوە وەکو پێویست کاری لەبارەوە نەکراوە.

گوتار بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی لەبواری ڕەخنەی ڕۆشنبیریی نییە، بەڵام لەبارەی ڕەخنەوە کاری زۆر کراوە، بەپێی میتۆدە باوەکان، چ عەرەبی بێت، یان فارسیو تورکی، بەزۆریش ئەوروپاییو ئەمەریکی کاری لەبواری توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیری کردووە. ئەمەش وەکو سەروەتو سیمایەکی مرۆڤانەی سەرتاپاگیر ئاساییەو هیچ خەوشێک لەخۆ ناگرێت، بەپێچەوانە، ئەو کاتە خەوشەکە هێندە زەق دەبوو، وەکو ماستی سپی بەبەری سمێلانەوە دیار دەکەوت، کە بەدابڕوای لەمێژوو، بواری کۆمەڵایەتی شیکردنەوە بکرابایە.

دیسان دەڵێم، لەبارەی شیکاری گوتاری ڕۆشنبیریی، شتێکمان نەکردووە، ئەگەر قسەیەکیش کرابێت، ئەوە یان ناوهێنان بووە، یان تۆمارکردنی بۆچوونێکی سەرکەشانە بووە، یان وەرگێڕانو بۆچوونی خەڵکی دیکە بووە، بۆ پاڵپشتی هەندێک بۆچوونی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان ئابوریو ڕۆشنبیرییو فکری. لەم توێژینەوەیەدا باسی گوتاری ڕۆشنبیری گۆڤارێکی کوردی دەکەین، ڕاستە ئەم گۆڤارە بەشێوە گشتییەکە، کاری گشتی لەباری ڕەخنە کردووە، بەڵام دەتوانرێت بڵێین، پانتاییەکی

زۆریشی بۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، یان شیکردنەوەی دۆخێکی ڕۆشنبیریی بەبۆچوونی ڕەخنەگرانە تەرخان کردووە.

ئێمە نامەنەوێت گیرمانەی خراپ، یان هەڵە دژی ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردستان بەگشتی بکەین، بەپێچەوانەوە لەئەنجامی داگیرکاریی ڕۆشنبیریی لەپتر لە دە سەدەو بەکارهێنانی هێزی ئاینی بۆ تواندنەوەی هەموو ئەو شتە فکریو کەلتوریو مێژوویيو مادیو کۆمەڵایەتیانەی لەبواری ژیانو بەرهەمهێنانو گواستنەوە بەکاردێت، کۆمەڵگەی کوردی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ئاینو ئینجا دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستو پاشکۆبوون بەتەواوی داگیر کراوە، ئەم داگیرکردنەش گوتاری ڕۆشنبیریی خۆماڵی دواخستووە، وەکو چۆن کەسایەتی سەربەخۆی کوردستانی تێکشکاندووە. بۆیە ئیمە بەتەنیا لەڕوانگەی هەڵسەنگاندێکی فکری، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان زمان سەیری پرۆسەی ڕەخنە لەگوتاری ڕۆشنبیریی کوردستان ناکەین، بەڵکو پێویستە پێشگیرمانەی دیکە، یان گریمانەی هەمەلایەنە بۆ شیکردنەوەی ڕەخنە لەگوتاری ڕۆشنبیری بکەین. بۆ نموونە:

پێشگریمانەی ئەوە دەکەین، کە لەنێو گوتاری ڕۆشنبیریدا (مەبەست/ قصد) بەشێوەیەکی چالاک بەکارهێنراوە، هەندێک لەزمانەوانەکان پێیان وایە، کە قسەکردنو ئاخاوتن کردەیەکی مەبەستدارە لەکردەوەکانی مرۆڤدا، لەرێگەی هێماکانی زمانەوە هاتوون، بۆیە لەمجۆرە توێژینەوانەدا پێویستە جەخت لەسەر دوو بنەماو یەکە بکرێتەوە، کە ئەوانیش ئەمانەن: یەکەم/ مەبەستی قسەکردن، دووەم/ ئەو کەرەستانەی قسەکەر بۆ

دەرخستنی مەبەستەکانی بەکاریان دەهێنێت، هەر یەکەشیان مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بەدیهاتن، ئەوە بەکردە قسەیی بەشێوەیەکی تەواو بەدی دێت. (محمد علی http://nosos.net ).

٢-٣-١ کردە قسەیی

یەکێک لەو زانایانەی باسی کردە قسەیی لەنێو شیکردنەوەی پراگماتیکی کردووەو کاری کردووە تیۆرەکەی (ئۆستن)، کە تایبەتە بە بەدیهێنانی کارێک لەرێگەی بەکارهێنانی قسەکردنەوە، یان ئاخاوتنەوە، (سێرل)ە. ئەو پشتی بەو بنەمایە بەستوە لەبەدیهێنانی کردە قسەیی، کە دەڵێت: پۆلێن کردنی کردەی هێزی گوتنو جۆرە جیاوازەکانی پەیوەستە بەشێوەو ئامانجەکانی هێزی گوتنەوە، ئەگەر لەکاری زمانەوانی ویستمان پشت بەئامانجی هێزی گوتنەوە ببەستین، پێویستە ئاگاداری لایەنی گونجانو مەرجی راستگۆیی بین، کە بنەمان بۆ شیکردنەوەی زمانی. سێرل پێی وایە ئەم سێ هۆکارە ئامانجی هێزی قسەکردن، یان کردەی مەبەستو لایەنی گونجاوو مەرجی راستگۆیی، زۆر گرینگن. بۆیەشە بڕوای وایە، کە پتەویی لەوردبینیو دیارکردنی چەمکی کردەی مەبەستو چەمکە پێویستەکان، دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی، ئەم هۆکارانەی پێشتر ئامازەی پێکراوە، کە پێنج جۆر لەکردەی مەبەست بەرهەم دەهێنێت، واتە سێ هۆکارەکە دەبنە بەرهەمهێنەری ئەم پێنچ جۆرە لەکردەی مەبەست، کە لەخوارەوە هاتوون:

١- کردەی نواندن ( assertive ) ئەم کردەیە قسەکەر والێدەکات، کە وابەستە بێت بەڕاستگۆیی لەبارەی ئەو مەسەلەی قسەی لەبارەوە دەکات، ئەمجۆرە مەسەلانە ، رەنگدەرەوەی کەتواری شتەکان جیهانی دەوروبەر دەبێت. لەوانە کردەی راپۆرتی، گەیشتنە رای کۆتایی (استسنتاج)، روونکردنەوە، پۆلێنکردن ... تد. ئەمەش گونجاو دەبێت لەگەڵ کردەی، کە لە(وشەوە بۆ جیهان) ( word to world)بەدی دێت، بەو واتایەی ئاخێوەر دەیەوێت هەواڵی واقیعی خۆی بگەیەنێتە جیهانو بیکاتە راپۆرت، مەرجی راستگۆیەکەشی، بەشێوەیەکی بەردەوام بڕوابوونی خۆیەتی بەنێوەڕۆکی قسەکانی، بۆ نموونە کەسێک دەڵێت (باران دەبارێت) ئەم قسەیە دەربڕی دۆخی دەروونی قسەکەرەکەیە، وا نیشانی گوێگرەکەی دەدات، کە ئەو بڕوای وایە باران دەبارێت، باشترین رێگەش بۆ سەلماندی ئەو قسەیە، ئەوە بیسەلمێنین ئەم قسەیە چەندە راستە، یان درۆیە.

٢- کردەی ئاڕاستەکردن ( directives ) ئەمجۆرە کردەیە وا نیشان دەدات، کە ئاخێوەر قسەکانی ئاڕاستەی گوێگرەکەی دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لەنێوەڕۆکی قسەکانی وەکو کردەی (داواکردن، پرسیار، فەرماندان)، لایەنی گونجاوی ئەم مەسەلەیە، پێچەوانەی مەرجی یەکەمە، کە بریتییە لە(جیهانەوە بۆ وشە) ( world to word). واتە ئەمە واتایەکی بەدیدیهاتووە، چونکە ئاخێوەر داوا لەگوێگرەکەی دەکات، نێوەڕۆکی قسەکانی لەدەرەوەی قسەکانی ئەودا ، بەدیبهێنێت، دۆخی دەروونی ئاخێوەرەکە، بەدیهێنەرانەیە، چونکە لەم مەسەلەیەدا خواستێک هەیە پشت بەبنەمای بەدیهێنانی شتێک

لەلایەن گوێگرەوە دەبەستێت، بۆ دەربارەی ئەو کردەی ئاخێوەر داوای دەکات. بۆ ئەم خواستەش پلەو ئاستی جیاواز هەیە، لەمانە مەسەلەکە دەکەوێتە نێو ئەو دۆخانەی، کە ئاخێوەر داوا لەگوێگرەکەی دەکات، کردەیەک بەدیبهێنێت، لەچوارچێوەی (کردەی بەدیهێنان، یان پێشنیار، یان پابەستکردن، یان پێداگری، تەنیا هێماکانی پرسیارکردنیش پێگەو شوێنی لەم بوارە هەیە). بۆیە ئەم جۆرە کردەیەی مەبەست، بەهیچ شێوەیەک پشت بەراستگۆییو درۆ نابەستێت، بەلکو ئەمە دەچێتە چوارچێوەی (پابەستکردنو وەفاداریی لەکارکردن، یان پشتگوێ خستن )ەوە.

٣- کردەی پابەستبوون ( cormmisives) ئەم کردەیە وا لەئاخێوەر دەکات پابەستبێت، بەزنجیرەیەک کردە لەدۆخی داهاتوودا. لەوانە: (کردەی نیشاندان، پەیمان، گفتو سوێندو نەزرگرتن) ئەمەش وەکو دۆخی (جیهان بۆ وشەیە) ( world to word). ئەو دۆخە دەروونییەی ئاخێوەر دەیەوێت لای خۆی دەریبخات، پەیوەستە بەمەسەلەیەک، کە ئەویش مەبەستە. ئەگەر (ئۆستن) بەرگری لەیەکخستنی هەردوو جۆری کردەی پابەستبوونو کردەی ئاڕاستەکردن بەئاسایی بزانێت، کەچی (سێرل) پێی وایە، نابێت یەکبخرێن، پێویستە بەجیا مامەڵە لەگەڵ هەردوو جۆردا بکرێت، نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە کردەی (پەیمان)و کردەی( داواکردن) راستە یەکە، بەڵام ئامانجو مەبەستی سەرەکی لەکردە قسەی (پەیمان) ئەوە دەردەخات، کە ئاخێوەر گفتی بەدیهێنانی کردەیەک دەدات، بەڵام هیچ مەرجو پێویست نییە بەشێوەیەکی کارەکیو بەکردەوە کردەکە ئەنجام

بدات، لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی لەکردە قسەی (داواکردن)، گوێگر دەخاتە بارێکەوە، کە کردەیەک راپەڕێنێت، لێرەدا قسەمان لەسەر پابەستکردنو پەیماندان لەبەدیهێنانی کردەیەک نییە. بۆیە ویستمان کردەی (پەیمان)و کردەی (داواکردن) بخەینە یەک چینەوە، پێویستە بەڵگەی ئەوە بهێنینەوە، کە کردەی (پەیمان) هەمان شێوەو کۆپی کردەی (داواکردن)ە، یان کردەی (داواکردن)ی گوێگرەکە دەخرێتە نێو چوارچێوەی کردەی پابەستکردنو پەیماندان. دیارە سەلماندی ئەمەش کارێکی قورسە، تاکو بتوانین ئەم دوو بەڵگەیە ساخ بکەینەوە، بۆیە لەئەنجامدا هەردووکیان دەکەونە دوو چینی جوداوە.

٤- کردەی دەربڕین ( expressives) ئەم کردەیە دەربڕی دۆخی دەروونی ئاخێوەرە، لەنموونەی : سوپاس، داوای لێبووردن، پێشوازیکردن، پیرۆزبایی، سەرەخۆشیو ئەمجۆرە کردانە، لەم بارەدا هیچ شێوەیەکی لەیەکچوو نادۆزرێتەوە، واتە نە وشە بۆ جیهانەو نە جیهانیش بۆ وشەیە. بۆ نموونە کەسێک، کە دەڵێت سوپاس بەرانبەر ئەوەی پارەکەی داوە، لەبنەڕەتدا ئەو دەیەوێت بەشێوەیەکی راستگۆیانە مەسەلەکە جێبەجێ بکات، کە راستگۆیانە باسی دەکات، ئەویش پێدانی پارەکەیە. لێرەدا تەنیا مەبەست دەربڕینی دۆخێکی تایبەتی دەروونییە، بەرانبەر نێوەڕۆکی مەسەلەیەکی دیارکراو.

٥- کردەی راگەیاندن ( declaratives) ئەو کردەیە، کە گۆڕانکاری خێرا لەجۆری رووداوە ناسراوەکان دروست دەکات. بەشێوەیەکی گشتی پشت بەدابونەریتو پیرۆزییە

کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت. لەوانە: کردەی ڕێگەگرتن لەکەنیسە، راگەیاندنی جەنگ، رێورەسمی ژنخواستن، کردەی دەرکردنو لەکار دوورخستنەوە، کاتێک سەرکردەیەک دۆخی جەنگ رادەگەیەنێت، ئەو لەو ڕێگەیە دەیەوێت شەڕو کوشتار رابگەیەنێت، بەم راگەیاندنەشی واقیعەکە دەگۆڕێتو دۆخێکی نوێ دروست دەبێت. لێرەدا دەیەوێت جیهانو واقیع بگۆڕێت، واتە مەسەلەکە گونجاوە لەگەڵ جیهان بۆ وشە ( world to word)، دووەمیش دەیەوێت ئەو کردە بەدیبهێنێت، کە دەڵێت شەڕم راگەیاند، ئەمەش دۆخێکە گونجاوە لەگەڵ وشە بۆ جیهان (word to world). لێرەدا دەوروبەرێکی نا زمانی لەتەک دەوربەرێکی زمانی لەئارادایە، بۆیەشە ئەمە وەکو مەرجێکی پێویستی کردە قسەی راگەیاندن دادەنرێت. (سێرل) ئەم دۆخەی بەدامەزراوەیی کردنی زانیاری ناودەبات.( محمد علی عبداللهی، http://nosos.net ).

مەبەست کاتێک بەدەوروبەر (سیاق) دەبەسترێتەوە، هەمان ئەو مەبەستە نییە، کە وەکو کیانێکی باڵاو کارای نێو دەقی نووسراو، یان گوتراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. شێوازی (پەیوەندیکردن) لەچ ئاستو بوارێکدا لەبارو گونجاوە؟. گوتاری رۆشنبیری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ؟ بوونی بنەما سەرەکییەکانی تیۆری کردە قسەیی لەهەرسێ ئاستی (هێزی کردە قسەیی، پێویستی کردە قسەیی، کردەی کردەقسەیی) چۆن بەدی دەکرێت؟ لەوانە (حوکم، بڕیار، ئاگادارکردنەوە، هوشداری دان، هەڕەشە، پەیمان، دەربڕینو راگەیاندنو پابەستبوون ... تد)، هەروەها

هونەری (لێکگەیشتن، هونەری ئەداکردنی گوتارو چۆنیەتی بەیەکەوەبەستنی چەمکە رۆشنبیرییەکانو نێوەڕۆکو پەیامو مەبەستەکانی دەقێکی رۆشنبیریی بەدەوروبەری کۆمەڵایەتیو بەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئێمە بەشی زۆری قسەمان لەسەر شێوازو قەپێلکو دەرەوەی ناوەوەی دەقە. باسی بنەمای زمانو جۆری رۆشنبیرییەکەو ئەو شێوازەی بەکاری دەهێنین دەکەین، لەکاتێکدا لەڕوانگەی شیکردنەوەی پراگماتیکی، توێژینەوە هەر تەنیا لەچوارچێوەی (دەنگو وشەو رستەو واتا) نابێت، هەروەها بەتەنیا نێوەڕۆکی دەقەکە شی ناکرێتەوە، بەلکو پەیوەندییو شێوازی پەیوەندیکردنو ئاستی تێگەیشتنی نێوان (نێرەرو وەرگر)و (دەورەبەرەکە) شی دەکرێتەوە.

ئەگەر سەیری بۆچوونەکانی (بول ریکور) بکەین لەبارەی (نووسەر/ نێرەرو خوێنەر/ وەرگر)ەوە، ئەو پێی وایە بەجۆرێکی دیکە نووسەرو دانەر لەڕووی خودییەوە ناتوانرێت بەتەنیا بڕیارلێدراوی کۆتایی بێت، بەلکو بابەتی بوون کاریگەریی هەیە. لەمبارەوە بەپشت بەستن بەپراگماتیک پێی وایە، کە مەسەلەی دەقو ناسینەوەی دەق، واتای دەقێکی بابەتیانە دەگرێتەوە، ئەمەش دەریدەخات، کەشتێکی جیاوازە لەمەبەستەکانی خودی دانەرەکە، بۆیە بابەتی بوون واتای شتێکی شاراوە نییە، خۆی لەپشت دەقەکەوە شاردبێتەوە، بەلکو داواکارییەکەو پێشکەشی خوێنەر دەکرێت. (یونس رابح، ٢٠٠٨، ١٤).

لەکاتی شیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاری رۆشنبیریی، نووسەر/ نێرەر بەدوای واتاو مانا ئاشکراکاندا دەگەڕێت، نەک داواکارییە

خودییەکانی نووسەر. ئەمەش وایکردووە، ئەم مەسەلەیە بەبابەتی بوون ببەستێتەوە، نەک خودی نێرەرو کەسەکە. بۆیە لەشیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیری کوردیشدا بابەتی بوونو ئەو مەبەستە ئاشکرایانەی خوێنەر راستەوخۆ لەدەقەکەوە وەری دەگرێت، هەروەها وەکو پێشتر ئامازەمان پێکرد، پێگەی کۆمەڵایەتیو زانستیو رۆشنبیریی خوێنەریش کاریگەری لەمەڕ بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە دەبێت، بۆیە ئاساییە لەم روانگەیەوە، خوێنەری سەدەی بیستو یەک بابەتیانە بیربکاتەوەو تێبگاتو شتەکان سەرلەنوێ شیبکاتەوە، هەروەها مەبەستێکی بابەتیانەی نووسەرێکی سەدەی هەژدەم بخوێنێتەوەو شیبکاتەوە، بێ ئەوەی دەقەکە بشێوێنرێتو لێکدانەوەی نەگونجاوی بۆ بکرێت. ئەمەش گریمانەی ئەوەمان لادروست دەکات، کە خوێنەر/ وەرگر/ بەکارهێنەری دەقەکە خۆی گیرۆدەی پەیوەندی نێوان خودی دانەرو خودی خوێنەر ناکات، بەقەد ئەوەی بەدوای ئەو بەیەکەوەبەستنەوەدا دەچێت، کە لەنێوان هەردوو گوتار (گوتاری دەقو گوتاری لێکدانەوە (تآویل)ەکەدا) هەیە. (هەمان سەرچاوە،١٤). بۆیەشە هەر لەم پێودانگەوە (هانز جۆرج گادامیر) پێی وایە دونیای خوێنەرو دونیای دەق تێکەڵی یەکتر دەبن. (هەمان سەرچاوە،٤١).

لەشیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاردا نووسەرو خوێنەر، نێرەرو وەرگر، بەرهەمهێنو بەکارهێنەر، لەیەک ئاستو پلەی بەکارهێنانی دەقەکە دان. واتا دەق بەتەنیا بەنێرەر پڕو تەواو نابێت، بەلکو رۆڵی وەرگر لەهەمان ئاستو پلە دایە. وەرگر بەرهەمهێنەرەوەی دەقە، ئاستی خوێندەواریو رۆشنبیریی

فکریی‌و پێگەی کۆمەڵایەتی وەرگر، تەواوکەرو پێکهێنەری دەقەکەیە. بۆیە کاتێک شیکاری گوتاری رۆشنبیریی دەکرێت، پێویستە هەر بەتەنیا باسی پێگەو تواناو لێهاتوویی‌و ئامادەیی نووسەر نەکرێت، بەلکو پێگەو رۆڵی وەرگریش بەهەمان شێوە بایەخی پێبدرێت.

بۆیە کاتێک پشت بەپراگماتیک لەشیکردنەوەی گوتار دەبەستین، دونیا بینی‌و دەرفەتێکی زۆر فراوانترمان لەشیکردنەوەی بوارە هەمەجۆرەکانی پێکهاتنی خودی گوتارەکە بۆ دەردەکەوێت، کەپڕیەتی لەدونیا بینییەکی فراوان‌و هەمەلایەن‌و فرە پێکهێنەر. واتا بەپشت بەستن بەپراگماتیک، دەتوانرێت گوتار لەبواری گریمانەو کردە قسەیی‌و ... تد بەوردی دوور لەدابڕان لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی شیبکرێتەوە.

زانایەکانی ئەم بوارە دوای دەرچوونی کتێبەکەی (فیتگنتشتاین) فەیلەسوفی نەمساوی لەساڵی ١٩٥٣دا، کەلەوێدا بایەخ بەگرینگی چالاکی زمان دەدات، ئەمەشی لەچوارچێوەی خوێندەوەیەکی نوێ بۆ زمان‌و سروشتی زمان هێنابەرهەم. ئەو فەیلەسوفە پێی وابوو زمان جۆرێکە لەچالاکی کۆمەڵایەتی چەسپوو، مرۆڤ لەرێگەی تێکەڵبوونی بەکۆمەڵگە فێری دەبێت، وەکو کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی‌و دروستکردنی کردەی پەیوەندیکردنی ئەرێنی‌و نەرێنی لەگەڵ خەڵکی دیکە بەکاردەهێنێت. (فیتگنتشتاین) لەبەشی ٢٤ی کتێبەکەیدا باسی "فەرمان‌و رەتکردنەوە، وەسف‌و پرسیارو وەڵام ... تد" دەکات، ئەمەش دۆخی پەیوەندیکردنی زمانیی لەنێوان خەڵک دروست دەکات، بەواتایەکی روونتر، ئەم فەیلەسوفە دەڵێت زمان

جۆرێکە لەچالاکیو وێنەیەکی ژیانی دیارکراوە. (محمد علی عبداللهی، http://nosos.net ).

بۆ ئەوەی وردتر لەباسەکەی خۆمان بدوێن، باشترە جارێکی دیکە بەگەڕێینەوە سەر تیۆری کردەی قسەیی، کە (ئۆستن) دایهێناوەو لەساڵی ١٩٦٢ لە زانکۆی هارڤارد پێشکەشی کردووەو ئەمڕۆش وەکو بەشێک لەپراگماتیک کاری لەبارەوە دەکرێت. ئەم زاناو فەیلەسوفە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی لەبارەی یاساوە داڕشت، کە ئەمڕۆ وەکو بەشێکی گرینگی شیکردنەوەی زمانو گوتار کاری پێدەکرێت. ئەو تیۆرەکەی بەناوی how to do things with words داڕشتو کتێبەکەشی هەر بەم ناوە ناونراوە. لای ئەم زانایە قسەکردن چالاکییەکی ئاڵۆزی پتەوە، بەکۆمەڵێک پرەنسیپی دیارکراوەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش وادەکات کردەقسە یەکەیەکی پەیوەندکردنی زمان بێت، یان بەدەستەواژەیەکی روونتر بێژین: پەیوەندیکردنی زمان ئەو کاتە بەدیدێت، کە ئاخێوەر هێماو ئامارژە تایبەتییەکانی زمان بەکاردەهێنێت، بۆ بەدیهێنانی کارێکی دیارکراو. (سێرل) ئەم بۆچوونەی وەها ساخکردۆتەوە، کە هەر پەیوەندییەکی زمانیی، پێویستی بەکردەیەکی زمانی هەیە. پێشی وایە هەر بەتەنیا هێماو وشەو رستەکانو هەتا راستگۆیی هێماو وشەو رستەکانیش ئەمانە نابنە یەکەی پەیوەندیکردنی زمان، بەلکو دۆزینەوەو دەرکردنی ئامارژەو وشەو رستەکان بۆ راپەڕاندنی کردە قسەییەو دەبێتە بەدیهێنەری یەکەی بنەڕەتی، یان بچوکترین یەکەی پەیوەندیکردنی زمانیی.

ئۆستن ئەمەی لەسێ خاڵدا کورت کردۆتەوە، کە بەمجۆرەیە:

١- گوتن بەوشە، کە ئەمەش (رستەو مۆرفیمەکان)، یان بەدیهێنانی کردەی گوتن/ تلفظ دەگرێتەوە.(utterance act).

٢- چیرۆکو مەسەلە، یان بەدیهێنانی کردەی مەسەلەیەک. (propositional act

٣- نێوەڕۆک (راپۆرت، بەدیهێنان...)، یان بەدیهێنانی کردەی هێزی گوتن. (illocutionary act). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، (http://nosos.، یان بەواتایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ئامانجی (ئۆستن) دەرخستنی کردەقسەو هێزی کردەقسەو پێویستی کردەقسەیە، کە ئەمانەش وەکو سێ بنەمای سەرەکی تێڕوانینەکانی کردەقسەیی دادەنرێت، کە چۆن لەرێگەی بەکارهێنانی وشە/ قسەکردن کارێک رادەپەڕێندرێتو ئەنجام دەدرێت، یان بەکردەوە کردەیەک رادەپەڕێنرێت. ئەم کردەیەش لەنێو کردەی گوتاردا بەشێوەیەکی گرینگو بەبایەخەوە بەدیار دەکەوێت. بۆیە لەشیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆشنبیریدا، پێویستە رەچاوی ئەم بۆچوونانە بکرێت.

ئەگەر لەبوارێکی دیکە شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆشنبیری، توێژینەوە بکرێت، پێویستە رەچاوی ئەو تێڕوانینە بکرێت، کە پێی وایە لەڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەیری قسەکردنو زمان دەکرێت، دەبێت ئاخاوتن لەنێو ئەو دەوروبەرەی تایبەتە بەزمان جیابکرێتەوە، یان ئەو رێگەیەی، کە پێی وایە سیستەمی زمان وەکو کردە روودەداتو رۆنانکاریش وەکو رووداو، بۆیەشە ئەم یەکەیە سەر بەزمان نییە، بەڵکو

لەئاخاوتنو گوتارەوەیە، ئەمەش دەرفەتێک دروست دەکات، کە زمان وەکو ئاخاوتنو گوتار بەرجەستە بکرێت. (یونس رابح، ٢٠٠٨ ، ٤).

هەروەها پێویستە لەبواری شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆشنبیری کوردیدا، لایەنێکی دیکەی گرینگی ئەم بوارە بایەخی پێبدرێتو شیکردنەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەویش گوتاری پاساو هێنانەوەیە، پاساو هێنانەوە بۆ (خود، نەتەوە، حزب، بابەت، کێشەو رووداوەکان)، تەنیا دەکرێت بڵێین پاساوهێنانەوە بۆ (بڕیارو حوکمەکان، ئاگادارکردنەوەو هەڕەشەو پۆزشو روونکردنەوەکان ... تد). ئەمە لایەنێکی کاراو گرینگی پشتگوێخراوی نێو پڕۆسەی گوتاری رۆشنبرییە. رەنگە لەنێو مانشێتو ناونیشانو ناونیشانە لاوەکییەکانو قسەو ئاخاوتنو دەقی گوتارە گۆکراوەکاندا، رۆژانە دەیان نموونەی زیندووی ئەم چەمکە بدۆزینەوە، کە رێکوڕەوان لەسەر بنەمای پاساوهێنانەوە بەرێوەدەچێتو بنەماکانی کردەی گوتنو کردە قسەی تێدا بەرجەستە دەبێت.

## ٢-٣-٢ هێزی کردەی گوتن لەشیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆشنبیریدا

بەپێی ئەو ئەنجامانەی توێژەران پێی گەیشتوون، چەند خاڵێکمان لەبارەی یەکە بنەڕەتییەکانی زمانو کردەقسەیی بۆ روون دەبێتەوە، وەکو:

١- کردە قسەیی، بەپێی شیکردنەوە، یەکەیەکی بنەڕەتی زمانە.

٢- شیکردنەوەی جۆرەکانی کردە قسەیی، کە لەلایەن ئاخێوەرەوە لەکاتی قسە کردنەوە دەردەبڕدرێت، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، کە کردەی هێزی گوتن، کە بەتەواوی کردە قسەیە.

٣- شیکردنەوەی پێکهاتەی کردەی هێزی گوتن، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەندامە سەرەکییەکانی بەیەکەوەبەستنی زمان، وابەستەیە بەنێوەڕۆکی هێزی گوتەنەکە.( محمد علی عبداللهی، http://nosos.net ).

لەمبارەوە دەردەکەوێت، کە کردەقسەیی هەر بەتەنیا مەبەستی بەدیهێنانی کارێکی دەرەکیو رووکەش نییە، وەکو توانایەکی تاکەکەسی نییە، بەلکو بەیەکەوە بەستنە، کە بەرهەمی دەربڕینو گۆکردنێکی نوێو زۆر جددییە، ئەمەش لەڕاستیدا نێوەڕۆکی زمانەکە، یان بەشێوەیەکی وردتر بڵێم چارەنووسیەتی. (یونس رابح،٢٠٠٨، ٢٧).

# بەشی سێیەم

## شیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیری لە گۆڤاری رامان

### ٣-١ رامان

گۆڤاری رامان لە١١-٦-١٩٩٦ یەکەم ژمارەی لە پیرمام، کەسەر بەپارێزگای هەولێرە دەرچووە, ژمارەی یەکەمی بەناوی (تێڕامان) بوو، بەڵام لەژمارەی دووەمیدا کرایە (رامان)، پڕۆیەکەی رۆشنبیریی هێمنو خاوەن پەیامو گوتاری تایبەتە.

گۆڤارێکی رۆشنبیریی هەمەلایەن‌و فرە رەهەندو نەتەوەییە. زمانێکی پاراوو رێنووسێکی پوختو بەدیزانین‌و بەرگێکی جوان دەردەچێت. ژمارەی ٢٠٠ی لە رۆژی ٥-١-٢٠١٤ دەرچووە.

بۆیەشە دوو سەد ژمارەمان هەڵبژارد، تاکو کاتێکو دۆخێکی دیارکراوی گۆڤارەکەوەربگرین‌و سنورێک بۆ توێژینەوەکەشمان دابنێین، ئەگەر ئەوەمان نەکردبایە، یان دەبووایە بەساڵ، یان بەژمارە ئەم کارەمان ئەنجام بدایە، بەپێویستمان زمانی ژمارەکە وەربگرین، کە ئاسانکارییەکی زۆرتری تێدابوو، هەروەها ئاسانکارییەکی دیکەشمان لەرێگەی ئەو ئیندێکسە لەبەردەست بوو، کە بۆ ئەم دوو سەد ژمارەیە ئامادەکراوەو لەم توێژینەوەیەدا سودمان لێوەرگرتووە کە تاکو ئێستا ئیندێکسەکە چاپ نەکراوە، لەهەمان کاڤیشدا دوو سەد مانگیش کاتێکی کەم نییە.

لەبارەی لێکۆڵینەوەی گوتاری رۆشنبیری، یان گوتار بەگشتی بۆچوونێک هەیە، کەپێی وایە، بەر لەوەی باسی کەرەسەتەکانی گوتارو یەکەکانی‌و ئاراستەکردنی گوتارەکە بکرێت، باشترە لە خودی نێرەرەکە بکۆڵێدرێتەوە، نێرەری ئەم شیکردنەوەی ئێمە، گۆڤاری رامانە، یان دەکرێت لەهەندێک بواردا، ئاماژە بەخاوەن‌و بەرێوەبەری گۆڤارەکەش بکرێت، کە جێگەی لەبوارەکانی (بیرۆکەو عەقیدەو جێبەجێ کردن) دیارە. ملحە عەبدوللا لە رۆژنامەی ریازدا دەڵێت لەگوتاردا باسی گێڕانەوەو خەیاڵ‌و عەقیدە دەکرێت، کە ئەمانە بنەمای پەرەپێدانی گوتارن، بۆیە گەڕان بەدوای بنەماکانی پەرەپێدانی گوتار، گەڕانە بەدوای (نێرەرو شێوازەکانی)، نەک کەرەستە

نێردراوەکانی نێو گوتارەکە. بۆیە پەرەپێدانی گوتاری ڕۆشنبیریی پشت بە (گێڕانەوەو خەیاڵو عەقیدە) دەبەستێت، لەپێناو بەدیهێنانی لەزەت وەرگرتن. ( ڕۆژنامەی ریاض: ملحه عبدالله، یونیو ٢٠١٦ ١٠). مەبەستمان لەمە بایەخدانە بە نێرەرەکە، کە بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی گوتارەکەیە، یان دەبێتە زەمینە خۆشکەرو هاندەر بۆ بەدیهێنانو پەرەپێدانی گوتاری ڕۆشنبیریی لەکوردستاندا.

هەروەها بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی کاراو گشتگیر، گشتگیر لە کەرەستەو یەکەکانی پێکهێنانی گوتارو پەرەپێدانی گوتار، کەدەبێتەوە بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە بەگشتی، هەروەها لەبواری ئایدیۆلۆجیو فکرو عەقیدەوە، دەبێت بایەخ بە گوتار وەکو پرۆسەیەکی پەرەپێدانی خودو کۆمەڵگە بدرێت. بۆیە پێویستمان بە پێداچوونەوەی گوتاری ڕۆشنبیریی وەکو هەقیقەتی گوتاری گشتگیرو لەوەش گرینگتر پێویستمان بە دروستکردنی گوتارێکی ڕۆشنبیریی هەیە، کە سەلامەتی بۆچوونو تەندروستیبوون لەئاراستەکانیمان بۆ دابین بکات. ( د.ظافر العمری: https://twasul.info/629137) . دەکرێت لێرەدا بەپێی کۆمەڵگەی کوردستانو ئەو هەڵچوون و داچوونە مێژوویانەی هەیەتی و کاریگەری لەسەر گوتاری ڕۆشنبیریش دروست کردووە، بڵێین پێویستە گوتار ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی وپێکەوەژیانو قوبڵکردنی یەکترو دەربازبوون لە خۆشکاندنی تێدا بێت، واتە گوتارێک نەبێت سەرچاوەکەی کۆیلەبوون و خۆ بەپلە دوو زان بێت. بۆیە ئاساییە بڵێین لە هەڵبژاردنی گۆڤاری ڕاماندا ڕەچاوی ئەوەشمان کردووە کە ( هەقیقەت بەپێی

هەڵکەوتەی گوتار پێکدێت، هەروەها گوتار بەپێی هەڵکەوتەی زمان پێکدێت، بۆیەشە زمان بەردەوام دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جۆرێک لە تێفکرینی بەردەوام بۆ سەپاندنی دەستڕۆیشتوویی خۆی، ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە وەکو نیچیە پشتی پێدەبەستێت، تێفکرین بەرهەمی دەرکەوتنی بەردەوامی واتاو بەهایە، کە دەبێتە وەبەرهێنەری هێزو باڵادەستیش. ( عادل عامر، https://www.diwannalarab.com/spip.php?article 40053) . ئەمە سەرچاوەی پەرەپێدانو دەرکەوتنی گوتاری ڕۆشنبیرییە، لە کوردستانیشدا ئەم پڕۆسەیە، بێگومان کەمتر لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، لە شیکردنەوەدا پتر بایەخ بەلایەنە رووکەشو قەپێلکو سەروسیما دراوە، نەک بایەخدان بە ناوەخنو یەکە سەرەکییەکانی پێکهاتنی خودی گوتارەکەو نێرەرەکە.

ئەگەر من پێناسەی ڕامان بکەم، ئەم توێژینەوە گەلێک قەبەو چەند هەندە دەردەچێت، بۆ ئەوەی کارەکەی من، کردەیەکی پتر زانستی بێت، گونجاوترە بیروڕای هەندێک لەنووسەرانو ڕۆشنبیرانی گۆڤاری ڕامان، بکەمە بەڵگەیەکی لەبار بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی ئەوان وەکو پێناسەی ئەم گۆڤارە تۆمار بکەمەوە، بۆیە بەکورتی، لەچەند سەد وشەی تەنیا چەند نووسەرێکی گۆڤاری ڕامان ئامانجەکەمان لە پێناسەو ناساندنی دەخەینە ڕوو، کە لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر نووسەرو ڕۆشنبیر بەشداریان لەنووسینو بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان لەم گۆڤارە هێمنو سەقامگیرو ڕوانگە ڕۆشنە ڕۆشنبیرییە کردووە. تەنێو تەنێ چەن

وشەیەک، بۆ پێناسەی گۆڤارەکە وەردەگرم، کە بریتین ئەوانیش بریتین لە:

ناسر وەحیدی (بۆکان)/ رامان بۆشاییو کەلەبەرێکی گەورەی لەژیانی رووناکبیریی کوردیدا پڕ کردۆتەوەو ئەزموونەکەی بۆتە میتۆدێک بۆ رۆژنامەگەری، لێکۆڵێنەوەو رووناکبیری. (رامان ژمارە ١٥٦ / ٥-٥-٢٠١٠، ل ١٥٩).

حەسەن جاف/ لەم گێژاوو پاشەگەرانییەدا رامان وەکو گۆڤارێکی رۆشنبیریی کوردی دەدرەوشێتەوە. رامان تەنیا گۆڤارێکە شایانی ئەوە بێ بەدوایدا بگەڕێیتو بیخوێنیتەوە (رامان، ژمارە ١٧٦/ ٥-١-٢٠١٢، ل ١٥٩).

حەمە کەریم هەورامی/ گۆڤاری رامان چۆن وەک ناوەندێکی گشتی رۆشنبیری دێتە پێش چاو، وەهاش وەک قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ فێرکردنی کورۆلۆجیات خۆی سەلماندووە. (رامان، ژمارە ١٩٦/ ٥-٩-٢٠١٣، ل ١٥٩).

بەدران ئەحمەد حەبیب/ منو زۆرانی وەک من، رەشەبا پاڵی داین بۆ ناو پێچەلوولی سیاسەت، بەڵام ئازاد(مەبەستی ئازاد عەبدولواحیدە- توێژەر) سەنگەرو کۆزکی بەرنەداو هەر ئەدیب مایەوە، جێپەنجەیەکی دیاریشی نا بەکاروانی ئەدەبی کوردییە، نەک هەر لەباشوور، بگرە لەرۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، کە رامانی کرد بەسییەک بۆ هەناسەدانی لاوەیلی تازە پێگەییوی ئەوێ. (رامان، ژمارە ٢٣٨/ ٥-٣-٢٠١٧،ل ١٥٨).

دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی/ گۆڤاری رامان بەشێوەیەکی یەکسانو نەتەوەیی هەموو تەوەرەکانی فەرهەنگو هونەر بڵاودەکاتەوە. (رامان، ژمارە ١٦٤/ ٥-١-٢٠١١، ل ١٥٨).

دلاوەر قەرەداغی/ ئافەرین بۆ رامان، کە لەم زەمەنی فرکانفرکانی گۆڤارو رۆژنامە خراپو پڕ لەژاوەژاوانەدا، لەم زەمەنی بێ بەهاکردنی نووسینو پیسنووسییەدا، تائێستا بەرگەی گرتووە. (رامان، ژمارە ٢٠٠/ ٥-١-٢٠١٤،ل ١٥٩).

فازل جاف/ لەگەڵ بەردەوامبوونی گۆڤارەکە، مەیدانەکانی ئەدەبو هونەرو فیکر بەگشتی قەرداری رامانن. (رامان، ژمارە ٢٢٠/ ٥-٩-٢٠١٥،ل ١٥٨).

عەبدوللا تاهیر بەرزنجی/ رامان گۆڤارێکە دوور لەئدیعاو خۆزلکردن، بەڵام بەهێمنی کاری چاکی بۆ رۆشنبیریو کتێبخانەی کوردی کردووە. سەدساڵی تر ئەگەر کەسێک بەدوای رووداوو ژیانی ئەدەبی ئێستاماندا بگەڕێت، ئەوە رامان دەبێت بەرێنوێنێکی باش بۆی. ( رامان، ژمارە ١٧٢/ ٩٠٥-٢٠١١،ل ١٥٨).

ئەمین گەردیگلانی/ دڵنیام مێژوو ئەگەر بێژوو نەبێت قەت گەورەیی‌و رووناکی رامانی لەبیر ناچێتەوەو بۆ هەتاهەتایە وەک ئەستێرەگەشەی ئاسمانی پاکی ئەدەبی کوردی لێی دەڕوانێت. (رامان، ژمارە ١٥٥/ ٥-٤-٢٠١٠،ل ١٥٨).

غەریب پشدەری/ رامان لەوەرزو سەردەمانێکی زۆر تەمومژاویو تۆفو زریانو پێتەڵووکەو باسریشکی نەگریسو رەزگرانو خوێن تاڵی شەڕی دەستەویەخەی خۆکوژی برایاندا چاوی بەژیان هەڵێناو مژدەی ئۆخژنێکی راستەقینەی پەیامو وشەی رەسەنو هاوماڵیو هاوزمانی کوردانەی پاکو بێگەردی کردە نوقڵانە. (رامان، ٢٢٨/٥-٥-٢٠١٦،ل ١٥٨).

سەعدوللا پەرۆش/ رامان یەکسانە بە ئازاد عەبدولواحید. (رامان، ژمارە٢٣٥/ ٥-١٢-٢٠١٦،ل ١٥٩).

تەلعەت تاهیر/ بەر لەهەر شتێک درەوشاوەترین خاڵی رامان لایەنی زمانەوانییەکەیەتی، گۆڤارێکی کەم هەڵەیەو بەزمانێکی رەوانو بێ گرێو سفتو لووس بابەتەکان بڵاودەکاتەوە، دەشزانم چەندین نووسەری فێرە کوردی کردووە. (رامان، ژمارە ١٨٢/ ٥-٧-٢٠١٢،ل ١٥٩).

فەرامەرز ئاغابەیگی/ رامان وەکو گۆڤارێک، بۆتە هۆی ئەوەی قەڵەم بەدەستان، هەست بەشوێنگەیەک بکەن، کە لەوێوە دەنگو بیرو هزریان لەگەڵ شوێنەکانی تر بگۆڕنەوە. (رامان، ژمارە ٢٣٧/ ٥-٢-٢٠١٧، ل ١٥٩).

هاوژین صلێوە/ لەنێو جیهانی رۆژنامەگەری کوردیدا شوێنێکی شایستەی خۆی کردووەو ئەو متمانە بەهێزەی بۆ خوێنەرانی دروست کردووە، کە لەخوێندنەوەی پەشیمان نەبێتەوە. هەروەها رامان بەدوای بەهرە نوێیەکاندا دەگەڕێتو پاڵپشتێکی باشی گەنجان بووە. (رمان، ٢٣٦،/ ٥-١-٢٠١٧، ل١٥٩).

## ٣-٢ رامان و نەوەکان

یەکێک لەتایبەتمەندییو کارە دیارەکان لەنێو گوتاری رامان بایەخدانە بەنەوەکان، نەوەی پێشەنگ، نەوەی دوای ئەوان، ئینجا نەوەی ناوەڕاستو حەفتەکانی سەدەی بیستەم ،تاکو ساڵی ١٩٩٠. نەوەی نوێ لەدوای راپەڕین تاکو ٢٠١٧. رامان لەگەڕانەوەی بۆ هەندێک دەقی کلاسیکی، یان پۆرترێتەکان، یان توێژنەوەکانیدا لەبارەی ئەدەبی کۆنو کلاسیکدا بایەخی زۆری بەنەوەی پێش پێشەنگەکانیش داوە. ( تەنیا بیست ساڵ تەمەنو

واتای کاری بەردەوام لەچنینی تۆڕی پەیوەندی هەمەچەشن لەگەڵ هەموو تەمەنەکان (نەوەکان)و لەسەر هەموو ئاستەکانی داهێنان، کە مەیلی جۆراوجۆریان لەنووسین بەستایلی جیاواز هەیە، کە ئەمەش ئیشکردن لەسەر یەکە بەیەکەی نووسەرو ئەدیبو داهێنەرو رۆژنامەنووسو رووناکبیرانی دەخوازێت، بۆیە توانراوە لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا بەدەیانو سەدان ناوی نوێ بەخوێنەرەکانی رامان ئاشنا بکرێنو دنیایەک بەهرەی نوێ بدۆزرێنەوەو بناسرێن، ئەمە بێجگە لەخزمەتکردنی ناوە درەوشاوەکانو هێنانیان بۆ سەر سفرەو خوانی رامان. لەماوەی بیست ساڵدا رامان بەردەوام پشتیوانی لەداهێنانی نوێ، تێڕوانینی نوێ، قەڵەمی نوێی هەموو بوارەکاندا کردووە. (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ ١٦-١٧).

تویژینەوەکەمان لەبارەی شیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیریو رۆڵی گۆڤاری رامان لەمبوارە ئەنجام دراوە، بێگومان توێژینەوەی رۆشنبیری لەنێو پڕۆسەی بەرهەمهێنانی رۆشنبیریی کوردیدا، لەئاستێکی زۆر سەرەتایی دایە، رەنگە لەهەندێک بواردا لەقەیراندا بێت، توێژینەوەکانی زانکۆ ئەویش هەموویان نا، بەشدارییەکی سەرەتایی لەبارن بۆ شیکردنەوەی ئەم بوارە. من لێرەدا لایەنێکی گرینگ، هەروەها کار لەسەرنەکراوی ئەم بوارەم وروژاندووەو شیکردۆتەوە، لەرێگەی پشت بەستن بەرێبازی نوێی توێژنیەوەی زمانەوانیو لێکدانەوەی گۆڤارەکە.

توێژەرێکی دیاری عەرەبی ( سەید یسین)، کە کەسێکی چەپخوازی عەرەبییە لەبارەی شیکردنەوەی رۆشنبیریدا پێی وایە (شیکردنەوەی رۆشنبیریی تەنیا لەم دوایانەدا پێگەیشت،

ئەویش لەئەنجامی بەشداری ژمارەیەک کەسانی خاوەن تیۆری زانستی کۆمەڵایەتی، وەکو (میشێل فۆکۆی فەرەنسیو هابەر ماسی ئەلمانیو پیتەر برگری ئەمەریکیو ماری دۆگلاسی بەرەگەز ئینگلیزی، دەتوانرێت دریدای فەرەنسیشی بخرێتە سەر). ( السید یسین، .(http://www.ahram.org.eg/NewsPrint/375902.aspx

گوتاری رامان پشتی بە تێڕوانینو میتۆدێکی بنەڕەتی بەستووە، کەبریتییە لەوەی (دەبێت هەمیشەو بەردەوام نوێخواز بین)،لەمەشدا گەڕاوەتەوە بۆ بۆچوونەکەی رامبۆ، بەڵام بێگومان بیناکردنی گوتارێک، کە بالانسی نێوان نەوەکان، ئەو نەوانەی هەمیشە لەناکۆکیو ململانێیو رکابەری دان، ناکۆکی نێوان نوێخوازیی و پابەستبوون بەبنەماکانی کلاسیکی، کارێکی ئاسانو بێ کێشە نییە، بۆ؟ چونکە وەکو (ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەری گۆڤارەکە دەڵێت: (لەوڵاتێکی وەکو ئێمەدا کارێکی لێبڕوانە تووشی میزاجی هەمەڕەنگو کەسایەتیو کارەکتەری جۆراوجۆر دەبیتەوە، کە لەوانەیە لەبەر بڵاونەبوونەوەی شیعرەکەی، نووسینەکەی، یان دانانی بابەتەکەی لەپشت کەسانی ترەوە، یان کارنەکردن بەپێی خواستو میزاجی ئەو، تووشی زۆر سەریەشە بووبینو سەرودڵمان گیرابێت، لەکاتێکدا لای ئێمە کار ئاسانی بۆ یەکتر نەبۆتە نەریت، گیانی هاوکاری یەکترو هاندانو کردنەوەی باوەشی میهرو خۆشەویستی نەبووە بەباو، بۆیە دەبێت لەهەموو ساتێکدا لەڕووی دەروونیو عەقڵیو زیهنییەوە ئامادە بیت بۆ هەر پاشقووڵو بەرپێنەدانو لێ خوێندنو کار لێ تێکدانێک، بەتایبەتیش لەرۆژگارێکدا، کە

هەموو شتەکانت تێدا بەسیاسی کراوە. (ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ ڕۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٦).

(ئەلسید یەسین) لە توێژینەوەکانیدا پشتی بەچوار بنەمای سەرەکی بەستووە ( دەستپێکی خودی، دەستپێکی ڕۆنانکاریی، دەستپێکی تەعبیریو دەستپێکی دامەزراوەیی). بێگومان ئەمانەشی لەسەر بنەمایەکی قوڵتر دارشتووە، کە ئەنجامەکەی ئەو گۆڕانکارییەی جیهانە، کە ڕویانداو ڕژێمە شمولییەکان دەرخوێن، کە تاکە حزب دەسەڵاتی قۆرخ کردبوو، دەرکەوتنی ئاڕاستەی لیبرالیو فرەیی سیاسی لەڕێگەی بزاڤی جەماوەریی ئاشتخوازنەدا، بۆ ئەوەی نامۆیی سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیریی نەهێڵن، کە ماوەیەکی درێژ بەدەستییەوە دەیاناڵاند، ئەمەش واتای کۆتایی پێهاتنی سیستەمی داخراوی سیاسی بوو . (السید یسین، ڕۆژنامەی ئەهرام، ٣ ئەبریل ٢٠١٥).

لەم پێشکەییەدا مەبەستمانە ئاماژە بەوە بکەین، دوای هەرەسی ڕژێمی بەعس لە کوردستان دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ، سیستەمێکی نوێی بەڕێوەبردن، کە بریتییە لەکرانەوەو فرەیی سیاسییو فرە دەنگیو فرەیی لەبڵاوکردنەوەو چاپو پەخش هاتە ئاراوە، ئەمەش دەرگای بەسەر ڕۆشنبیرییەکی کراوەی نوێدا کردەوە، کە ڕۆشنبیران بۆیەکەمجار خۆیان خاوەنی پرۆژەی خۆیان بوون، هەندێکیان پێس لەدایکبوون کۆتایان هات، هەندێکیشیان ماوەیەک درێژەی کێشاو هەشیانە وەکو گۆڤاری ڕامان درێژەی هەیە. من هەر بەتەنیا ناڵێم سیستەمێکی سیاسی کراوەی داهێنا، بەلکو مرۆڤێکی کراوەی نوێشی دروست کرد، کە پێداگری لەسەر فرەییو فرە بەرهەمیو نوێبوونەوەو جیاوازی

لەبۆچوون‌و ڕێکخراوبوون‌و کرانەوەی عەقڵ‌و رۆشنبیریدا کرد. گۆڤاری رامانیش نموونەی ئەم کرانەوەو فرەییە. لەهەمان کاتیشدا دۆخە نوێیەکە قەیرانی زۆری  لەگەڵ خۆی هێناوە، یەکێکیان بەربەستە لەبەردەم بەدامەزراوەیی بوونی گوتاری رۆشنبریی‌و گوتار بەگشتی.

## ٣-٣ رامان و گوتاری ستراتیژی

لایەنێکی دیکەی بایەخەکانی گوتاری رۆشنبیری لەگۆڤاری راماندا، کارکردنە لەپێناو هەبوونی ستراتیژێکی روون، هەروەها کاری ستراتیژیانەش هەناسە درێژیی‌و کات‌و توانای خاوەن متمانەی پێویستە، نەک تەنیا وەکو کاردانەوەیەکی رۆژانەو کورت خایەن دەربکەوێت. دیارە کارکردن لەماوەی بیست ساڵدا، هەروەها دەرچوونی ٢٠٠ ژمارە بێ پچڕانەوە لەسەردەمی جەنگی ناوەخۆیی‌و ناکۆکی سیاسی‌و قەیرانی داهێنان‌و  پاشقوڵ لێکگرتن‌و  فرەبوونی کاریگەری سیاسی‌و بەسیاسی کردنی هەموو بوارێک، کارێکی نەک هەر تەنیا ئاسان نییە، بەلکو هێز پڕوکێنەریشە لەهەندێک دۆخدا، بەڵام بەردەوامی گۆڤاری رامان خۆی لەخۆیدا کارێکی ستراتیژییە، سەرباری دارشتنی بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ بەستراتیژکردنی بابەت‌و  باس‌و تێڕوانینە رۆشنبیرییەکان. یەکێک لەوانە راگرتنی بالاسنی نێو نەوەکانە، بایەخدانە بەقەڵەمی گەنج، بایەخ دانە بەنووسەران‌و رۆشنبیرانی هەموو پارچەکانی کوردستان،

هەروەها وەرگێڕان، بایەخدان بەرؤشنبیرانی کورد لەتاراوگەو گێڕانەوەیان بۆ نێو کوردستان لەرێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، هەروەها گواستنەوەی ئەزموونی تاراوگە بۆ نێو رۆشنبیریی کوردی. بایەخدان بەستراتیژی قسەکردن لەسەر هزرو بۆچوونەکانی رۆشنبیرانی بیانی، نەک جووینەوەی باسو خواسی چۆنیەتی ژیانیانو سەربردەی بوونو مردنیان. لەمبارەوە سەرنووسەری گۆڤاری رامان دەڵێت: (دەبێت رەچاوی کاری ستراتیژی بکرێت، نەک خەریکی کاری رۆژانەو سەرپێی بیت، کە دەرەنجامی ئەو جۆرە کارانەی وەک رامان وان، کورت مەودا نییە، ئەوەندەی لەمەودای دووردا کاریگەریی بەرهەمی کارەکان جێ بەدەردەکەون، کە تۆ چەند ستراتیژیەکەت ئامانجی خۆی پێکاوەو بەرووبوومی خۆی هەبووە، بەڵام لەبیرمان نەچێت رامان دەرزی داهێنانی نییە تا داهێنەرو نووسەری گەورەو شاکارنووسی دروست بکات، بۆیە رازی بین، یان رازی نەبین بەئاستی ئەدەبیاتی کوردی، رامان هەر ئەوە دەگوێزێتەوە، کە لەواقیعی ئەدەبیاتو رۆشنبیری کوردیدا هەیە). (هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٦) .

ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی کوردی لەم سەردەمەدا، مەسەلەی مەعریفەو پەروەردە، مەسەلەی رەخنەی فکریو رۆشنبیریی لەنێو کۆمەڵگەدا، رۆڵی ئاینو پێگەو مینبەرە ئاینییەکانو حزبە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا، رۆشنبیری سیاسی نوێو ئەو بوارانەی پەیوەندیان بەنوێبوونەوەی رۆشنبیری هەیە، لەچ ئاستێک دایە، رامان مینبەرێکی گرینگی نوێبوونەوەی ئەدەبیو فرەیی لەبڵاوبکردنەوەو بەشداری هەمە

لایەنەی نووسەرانی کوردە لەهەموو پارچەکاندا، دەرگای بۆ بابەتی رۆشنبیرییو فکری، نووسین دەربارەی رێبازە ئەدەبییو رۆشنبیرییەکان، هونەرو شانۆ، پەیکەرتاشیو گۆرانیو شێوازی نووسینو زمانو گەلێک بابەتی کەلتوریو دابونەریتو فەرهەنگیی کراوە بووە.

زمانی گوتاری ئەمڕۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی سیاسییە، کە هەموو لایەنەکان دەبێت بەشێک لەپرۆژەکانی خۆیان بۆ گۆڕانکاری سیاسی بۆ یەکتر وازلێبهێنن. بۆیەشە ئەمە پشت بەململانێی رۆشنبیری دەبەستێت، کە دوو نموونەیە: هەریەکەشیان بۆچوونی خۆی بۆ ژیان هەیەو دژ بەیەکەشین. یەکەمیان نوێخوازییەو ئەوی دیکەشیان پێچەوانەی نوێخوازییە، کە دەیەوێت لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ئیسلامی کلاسیکی کاربکات، یان گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییە. (السید یسین : http://www.ahram.org.eg/NewsPrint/375902.aspx).

بۆیەشە لەئەنجامی ئەم ململانێو ناکۆیانەی لەنێو کۆمەڵگەو لەبواری رۆشنبیرایدا دروست دەبێت، گوتاری جوداش دێتە بەرهەم، گوتاری جودای کۆمەڵایەتی، لەدەوروبەری جوداو بەشێوازو مەبەسی جوداش ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن، لەوانەش گوتاری رۆشنبیریی خورافی، نەبوونی هوشیاری لەبیرکردنەوەی زانستیدا، سەرباری گوتاری توندڕەوییو بەلاوەنانی ئەوی دیکەو سڕینەوەی یەکتر. دیارە ئەمانەش وەکو (ئەلسەید یسین) ئاماژەی پێدەکات پەیوەستە بە(نەبوونی سەرچاوەی رۆشنبیریی زانستی لای جەماوری ئاسایی) ( هەمان سەرچاوە، رۆژنامەی ئەهرام، ٣ ئەبریل ٢٠١٥).

ستراتیژی گوتاری رۆشنبیری، بێگومان دەوربەرێکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەنێو هەر دەقێکدا هێزێکی کۆمەڵایەتیو بوونێکی کۆمەڵایەتی (چینو توێژەکان، جیاوازی نێوان چینەکان، ئاستی رۆشنبیریی، توانای بیرکردنەوەی تاک لەکۆمەڵگەیەکی ئازاد، یان دواکەوتوو) هەیە. بۆیەشە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەشیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیریدا کاریگەری هەیە، بۆ نموونە ئەگەر نموونەی دوو گروپ بهێنێینەوەو گروپی (آ) ئەندامەکانی دەسەڵاتیان بەسەر گروپی (ب)دا هەیە، ئەمەش وادەکات گروپی (آ) دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی خۆی بەسەر گروپی (ب) جێبەجێ بکات، جا ئەمە جێبەجێ کردنێکی رەچاوکراو بێت، یان بەکردەوە، بۆیەشە چەکی کردەیی لەلای خۆیەوە واتای چەمکی هەستەکی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەنجامدەری کارەکە زالبوونی دەرکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش زاڵبوونی کۆمەڵایەتی بەسەر گروپی (ب)دا دەسەپێنێت، لەڕێگەی کردەوەکانی گروپی (آ)دا. (توین ڤان دایک، ٢٠١٤، ٨٠).

لێرەدا ستراتیژی گوتاری رامان (کە دەبێتە گروپی آ)، کردەیەکە بۆ بەدەرخستنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی رۆشنبیریی بەسەر گورپی ب)دا، کە خوێنەرو وەرگرەکانی گوتارەکەیەتی، ئەمەش لەرێگەی پەیوەندیکردنو گەیاندنی پەیامو مەبەستی گوتارەکەیە، کە لەژمارەیەک شێوازو جۆری گوتاری شیعریو چیرۆکو رەخنەو لێکۆڵینەوەو هونەرو شانۆو دیدارو وێنە... پێکدێت.

پێش ئەوەی باسی لایەنێکی دیکەی سترایجیەتی گوتاری رۆشنبیریی بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو مرۆڤەی

خاوەنی زانست بێت دەتوانێت ترس‌و تۆقاندن بێنێتە ژێربارو هەتاهەتایە لەخزمەتی راستیدا بەکاری بهێنێت. (تۆزڤیتان تۆدۆرۆڤ، ٢٠٠٨، ٥٣، دەسەڵاتی رەهاو مەترسییەکانی دیموکراسی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر). بۆیەشە رامان کاردەکات لەبارەی ستراتیژی قوڵنووسین‌و داهێنان‌و کۆکردنەوەی هێزێکی وزەبەخشی نووسین گۆڤارەکە کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە لەبڵاوکردنەوەدا رەچاوی ستراتیژی ئەوە بکات، کە (قووڵی‌و گرینگی هەر گۆڤارێک لەوەدایە نووسەرە باشەکان بۆ ئەو گۆڤارە بنووسن، داهێنەرە بەرچاوەکان تێیدا بڵاوبکەنەوەو لێی تەریک نەبن. بەشی هەرە زۆری داهێنەرو نووسەرە جددی‌و باشەکان ئەوانەی جواننووسن‌و قووڵ دەنووسن لەرامانداا بەرهەمیان بڵاودەکەنەوە، بۆیە رامان بووەتە ئاوێنەیەکی بالانما بۆ ئاوەژووکردنەوەی واقیعی حاڵی رۆشنبیریی کوردی‌و ئەوەی لەواقیعدا هەیەو دەگوزەرێت). (هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٦). بۆیەشە دەکرێت بڵێین جواننووسی پێچەوانەی تۆقاندن‌و ترسە، قوڵنووسین، پێچەوانەی ناڕاستی‌و فریودانە. واقیعش پێچەوانەی درۆو خەیاڵیی بوونە.

لەهەمان کاتدا لەتەک ئەو لایەنە دیارانەی هەستکردنی کارێکی قورس نییە، بەڵام لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کردەی خۆسەپاندن‌و نەبوونی یەکسانی هەبوو، توڕەیی زیاد دەکات‌و دەبێتە بەرەنگاربوونە. وەکو چۆن لەکۆمەڵگە کراوەو فرە رەهەندەکانیشدا، کاتێک یاساو رێسای باوی دژ بەرەگەزپەرستی‌و جیاکاریی هەبوو، ئەمە وادەکات ئەو


مەسەلانە روون نەبن. (ڤان دایک، ٢٠١٤، ٢٧٥). واتا گوتاری رۆشنبیریی لەکۆمەڵگەیەکی راگوزاری وەکو هەرێمی کوردستان، تەژی دەبێت لەململانێ‌و هەتا ناکۆکیش بەخودی خۆی، بۆیە ئەو زەمینەی، کە دەبێتە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی رۆشنبیریی باو، کارێکی ئاسان نییە. لەئەوروپادا لەئەنجامی گەورەیی‌وکراونەوەو لێکبوردەیی، باسکردنی سەرکوت‌و رەگەزپەرستی کارێکی بڕواپێهێنەر نییە، بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە، لەکۆمەڵگەیەکی راگوزاری وەکو هەریمی کوردستانیشدا، جەختکردنەوە لەسەر مەسەلەی رەگەزپەرستی‌و جیاوازیی‌و فرەیی‌و سەرکوتکردن، پێناسەیەکی نوێی دەوێت، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە نە کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکاری دیکتاتۆری رەگەزپەرستانەیە، نە کۆمەڵگەیەکی فرەیی‌و فرە رەهەند، ئازادی ئەوروپایشە. بۆیەشە گوتاری رۆشنبیری کوردی، لەقەیران‌و ئیشکالیەتیی جددی دەبێت.

هەرچەندە گۆڤاری رامان کاری کردووە لەرێگەی پەیداکردنی گۆشەیەک بۆ نووسەرەکانی، مۆدێرن بێت، هەروەها رەخنەگر بێت لەدژی شێواندنی زانیاریی.

لەهەڵبژاردنی گوتاری رۆشنبیریدا چەند بنەمایەکی نەرێنی هەیە لەخۆیان دوور خستۆتەوە، کە ئەمەش رەنگە بووبێتە یەکێک لەهۆکارەکانی ستراتیژی بەردەوامبوون‌و مانەوەو پەیوەندیی نێوان رۆشنبیران‌و گۆڤارەکە بەبێ جیاوازی سیاسی‌و فکری‌و ئینتما حزبیی‌و ناوچەییەکان. وەکو سەرنووسەری رامان دەڵێت لەماوەی کارکردن، لە راماندا (دەستمان لەپشتی شێوازی توند لەنووسین، یان هەڵەشەیی‌و هەڵچوون‌و داچوونی

هەرزەیانە نەداوە. سواری ملی شەپۆلەکان نەبووینو هاندەرو ڕەواج پێدەری بیروبۆچوونو ئایدیۆلۆجیای توندو نامۆ بەواقیعی کۆمەڵی خۆمان نەبووین، کێشەکانی سەر زەوی، کە بەرۆکی بەئادەمیزاد گرتووە، نەبردووەتە ئاسمانو لەم رووەوە هەستو نەستی کەسمان نەرووشاندووە، بۆیە بەردەوام لەڕاماندا سەکۆیەکی ئازاد لەداهێنانکردنو بیروڕا دەربڕینمان فەراهەم کردووە، بەڵام لەم سەکۆ ئازادەدا تانەوتەشەر، نوقرچک گرتن، جنێوی شاراوەو ژێراوژێر، زمانی زبرو ناوزڕاندن جێگەیان نابێتەوە، بەردەوامیش پشتیوانیمان لەڕەخنەو مافی وەڵامدانەوەی رەخنەمان کردووە، بەڵام رەخنەی سەنگین بۆ راستکردنەوەی زانیاری یەکتر، بۆ دیالۆگکردنی قووڵ، نەک ملی یەکتر شکاندنو سووکایەتی بەیەکترکردنو پاکۆکردنی حیساباتی کەسیی نێوان کەسەکان). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٦). لەم بوارەدا دەبێت گوتاری رۆشنبیری لەباسی ئایدیۆلۆژیادا رەچاوی (کات/ سەردەم)و هەروەها (سەرچاوەی رۆشنبیریی) بکات. یان وەکو (میشێل فۆکۆ) ئاماژەی پێدەکات، دەبێت رەچاوی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرو کۆمەڵگە بکرێت. چونکە ئەمانە کاریگەریان لەسەر رەوشی گوتاری رۆشنبیری هەیە. لەراماندا (کات) وەکو سەردەمەکە کاریگەریی هەیە، گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەش کاریگەریان هەیە، بەڵام هەندێک دەق ئاساییە، پەیوەندی نێوان (کات)و (خود)ی نووسەرەکە بێت، نەک پەیوەندی نێوان (کات)و (کۆمەڵگە)، هەرچەندە لەکۆتایدا (خود)ەکەش بەرهەمی کۆمەڵگەیە. واتا دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت لەهەر گوتارێکدا،

زمان رۆلێکی کاریگەرو گرینگ دەگێڕێت، بۆیەشە قسەکردن، کە بەشێکە لەپێکهاتەی زمان، هەروەها لایەنێکی گرینگی گوتاریشە، چونکە گوتار کردەیەکە بەزمان‌و قسەکردن رادەپەڕێندرێت. ئەگەر سەیری ئەم هێلکارییە بکرێت، رەنگە کاریگەری زمان، کە رامان زۆر جەختی لەسەردەکاتەوە، باشتر ئامانجی گوتاری رۆشنبیریی‌و چۆنیەتی راپەڕاندنی گوتارەکەمان بۆ دەربکەوێت:



بەشی دەروونی بەشی ناردەوونی
لە مێشکدا لەوابەسەتە دیاردەکانی لەش و دیاردە
فیزیاییەکان
دەکرێت بەوێنەو وێنە کە لەدەرەوەی توانا تاکە
کەسییەکان دایە
بۆکێشراو

بەشی ئەرێنی بەشی نەرێنی
هەموو ئەو شتانەی لەناوەندی هەموو ئەو
شتانەی لەگوێ

بەیکەبەستنەوە لەکەسی یەکەمەوە بۆ کەسی وەرگرەوە
بۆ ناوەندی
گوێ کەسانی دیکە ئەنجام دەدرێت بەیەکبەستنەوە
دەگوازرێتەوە

(عمر اوگان،٢٠٠١، ٤١).

بێگومان ئەگەر مەزەندەمانو چارەتەکان ئەوەمان نیشان بدەن، کە نزیکەی دوو هەزار نووسەرو ڕۆشنبیر لەنێو ڕاماندا بەکردەوە نووسینیان بڵاوکرابێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ستراتیژی گوتاری ڕامان، ستراتیژێکی کراوەیەو هەر کەسێک بابەتی هەبووبێت، بۆی بڵاکراوەتەوە، نەخێر دۆخەکە بەمشێوەیە نییە، چونکە ڕامان ڕەچاوی پێوەری تایبەتمەندی خۆی لەهەڵبژاردنی بابەتو بڵاوکردنەوە دەکات (ڕامان نەهجو ڕێبازی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە، مەرج نییە هەر نووسینێکی بۆ بێت بڵاوبکرێتەوە، واتا ڕامان هەموو نووسینێک بڵاو ناکاتەوە، بەتایبەتی نووسینێک، کە لەگەڵ پێوەرە ڕەخنەییو ئێستێتیکاییەکان نەیەتەوە، ئەگەر وای نەکربایە ڕامان نەدەبووە ئەو گۆڤارەی ئەمڕۆکە ڕێزی لێ بگیرێتو شایانی باس بێتو بەو شێوەیە سەنگو قورسایی خۆی هەبێت). (ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ ڕۆژی ١٤-٧-٢٠١٦ ل ١٧).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەڵبژاردنو دیارکردنی بابەتی گونجاو لەسایەی تێڕوانینێکی ڕەخنەیی گونجاو دەبێت،

هەروەها پێویستە خودی رەخنەگرتنیش، پرۆسەیەکی بابەتیانە بێت، نەک هێرشو هەڵەشەییو سوکایەتی بێت. هەندێک پێیان وایە، کە پرۆسەی رەخنەگرتن لەخودیش دەبێتە دیاردەیەکی نەرێنی کاتێک بایەخی زۆر بەهەستکردن بەگوناهباریو لەزەت لەخۆ سەرکۆنەکردن وەردەگرێت، بەشێوەیەکی نیگەتیڤ هەموو شتێک وەردەگرێت، کە خەڵکی دیکە دەیکەن. (عبدالرزاق الدواى، ٢٠١٣، ١١١). راستە عەرەبەکان خۆیان لەژێر کاریگەری رۆشنبیریی رۆژئاوایی لەهەموو بوارەکانی زانستیو ئەدەبیو هونەریو فەلسەفیو سیاسیو یاسایی دەبینن. (هەمان سەرچاوە،١١٣)، بەڵام رۆشنبیریی کوردی چ لەبواری رەخنەگرتنو رەخنەلەخۆگرتندا لەژێر کاریگەریی رۆشنبیریی عەرەبیو فارسیو تورکی دایە، ئەمەش کەتوارێکی راستەقینەیە، ئەوەی لەبارەی رۆشنبیریی رۆژئاوایش هەیە، بەشێکی هەرە زۆری لەرێگەی وەرگێڕانو رۆشنبیریی باڵادەستی ئەم نەتەوانە وەرگیراون، کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. گۆڤارەی رامان ستراتیژی دروستکردنی خوێنەری جددیشی هەیە، بۆیە کاتێک ئێمە باسی گوتارو پێکهاتەی گوتار دەکەین، پێویستە (نێرەرو وەرگر/ نووسەرو خوێنەرو گۆڤارو خوێنەرەکانی) بایەخیان پێبدرێت، بێگومان ئەم بایەخ دانەش بێ پرۆسەی رەخنەگرتنو رەخنە لەخۆگرتن جێبەجێ بوونی قورس دەبێت، بۆیە پرۆسەی دروستکردنی خوێنەری جددی پێویستی بەتێڕامانو لێکدانەوەی هۆکارە خودیو بابەتییەکانی نەبوونی خوێنەری جددییە، کە ئەمەش پرۆسەیەکی رۆشنبیریی رەخنەگرانەی پێویستە. بۆیە ئەمە پێویستی بەپێداچوونەوەو

شیکردنەوەی گوتاری رۆشنبیریی هەیە، سەرباری ئەو شێوازو هۆکارانەی دەبنە بنەما بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان (نێرەو وەرگر)، یان پەرەپێدانی جۆری پەیوەندییەکردنەکان. بۆیە رامان لەتەک بایەخدان بەنووسەرو رۆشنبیری جددی، واتە دروستکردنی گوتاری رۆشنبییری جددی، بایەخ بەخوێنەری جددیش دەدات، چونکە خوێنەرە جددییەکانن سەرلەنوێ گوتاری رامان بەرهەم دەهێننەوە، ئەمەش وریاییو لێهاتوویی گۆڤارەکە نیشان دەدات. (ئەگەر رامان گۆڤارێک بێت بۆ خوێندنەوەو کەڵک لێورگرتن، ئەوە هەموو نووسەرێک، خوێنەرێکی جددی، رامان دەخوێنێتەوە، چونکە رامان هەر کەسێک بایی خۆی بابەتی تێدا دەدۆزێتەوە بیخوێنێتەوەو چێژو کەڵکی لێوەربگرێت، بەڵام ئەگەر رامان هەر بابەتێکی بۆی دێت بڵاوبکاتەوە، ئەوە بەدەردی فەیسبووکی لێ بەسەر دێت، رامان مامەڵە لەگەڵ جوانترینیان دەکات، کەبەشی هەرە زۆریان دەستدروونو خۆمان لەپێوەندی کردن بەنووسەرانەوە رایان دەسپێرین چیمان بۆ بکەن، هەر بەم شێوەیەش جوانترین دەقەکانو رەخنەو نووسینەکان دەچنینەوەو دەیانخەینە بەردەمی خوێنەرەکانمان، کەبەشی هەرە زۆریان گەڕانەوەن بۆ کوردێنیو سووژەو بابەتە کوردییەکان). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٧).

کەواتە ستراتیژیەتی پەیوەندیکردن، کە یەکێکە لەو هۆکارە گرینگانەی دەبنە بەدیهێنانی بنەمای گوتار، بایەخی پێدەرێت، چونکە پەیوەندکردن گۆڕینەوەی بەڵگەیە لەنێوان خودی نێرەرو خودی وەرگر، پەیامەکە لەخودی یەکەمەوە دەنێردرێت بۆ

کەسێکی دیکە، کردەکەش وەڵامێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیە، کە دەربارەی دەدوێن، ئەمەش شتێکە، یان گیان لەبەرێکە، یان بەواتایەکی گشتگیرتر بابەتەکانی دونیایە، بۆیەشە مەرجە بۆ سەرکەوتنی ئەم کردەیە نێرەرو وەرگر تێیدا بەشداربن. یاخود بەشێوەیەکی دیکەی ماتماتیکی بەمجۆرە دیاری دەکەین: لە (آ)ەوە بۆ (ب)، (ج) دەینرێت، کە باسی (د) دەکات، دەچێتە ژێر باری یاساکانی (ه)، هەروەها دەگوازرێتەوە لە (ا)ەوە بۆ (ب) لەرێگەی (و)ەوە. لەکاتێکدا (آ) نێرەرو (ب) وەگرەو (ج) پەیامەکەیە، (د) سەرچاوەیە، (ه) باسەکانە، (و) کەناڵەکانی گەیاندنە. ( عمر اوگان، ٢٠٠١، ٣٦).

ئەمە بۆ بەدیهێنانی هەر گوتارێکی رۆشنبیری گرینگە، بەتایبەتیش رامان دەیەوێت لەتەک گوتارێکی جددی، خوێنەرەکی جددیشی هەبێت. واتە کاتێک نێرەر جددییە، پەیامەکە و سەرچاوە و باس و بابەتەکانی و کەناڵەکانی گەیاندنی جددین، پێویستی بەوەرگرو خوێنەرێکی جددیش هەیە. ئێمە دەزانین کە رۆڵی نێرەرو وەرگر یەکسانە لەبەرهەمهێنانی گوتارو بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتارەکەدا. لەمبارەوە رامان بەشێوەیەکی وریا مامەڵەی لەگەڵ ئەم هاوکێشە پراگماتیکییە کردووە.

### ٣-٤ رامانو ستراتیژی نەتەوەیی

یەکێک لەتوخمە گرینگەکانی دیکەی گوتاری رۆشنبیری هزری نەتەوەییە، هزری نەتەوە وەکو بنەمایەک بۆ بیناکردنی

شۆڤینەتو سڕینەوەی بەها دیارەکانی کەسانو نەتەوەو گەلی دیکە نییە، بەلکو کۆکردنەوەی تواناکان لەپێناو رۆشنکردنەوەی هزرو توانای نەتەوە. فۆکۆ پێی وایە (گوتار رۆڵێکی بنەڕەتی لەپێکهێنانی عەقڵیەتی مرۆڤو ئاراستەکردنیو ویژدانی دەگێڕێت). (حسین موسی: ٢٠٠٩، ٦١). لەبیری نەکەین ئەم بنەمایانەی عەقڵیەتی مرۆڤی لەسەر رۆدەنرێت، پەیوەستە بەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بەگۆڕنکارییە ئابوریو رۆشنبیرییەکان. بۆیە گوتاری خود، کاتێک کاریگەری دروست دەکات، کە خودێکی پەیوەست بێت بەهەستو نەستو بوونی مرۆڤەکانەوە، پەیوەست بێت بەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیو دەروونییەوە. بۆیەشە گوتاری رۆشنبیریی، گوتارێکی وابەستەیە بەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی چالاکو کاراوە.

بەپێی ئەو ئامارو چارتانەی لەبەردەستی ئێمە دایە، کە وەکو بەشێک لەم توێژینەوە بەکارمان هێناوەو خۆمان دروستمان کردوون، دەردەکەوێت ستراتیژیەتی نەتەوەیی لەبەکارهێنانی زمانو شێوازی نووسین، رێنووسو هەڵبژاردنی بابەتدا هێڵە گشتییەکەی گوتاری رۆشنبیریی نەتەوەیی بەزەقی دیارن، هەروەها لایەنێکی دیکەی ئەم ستراتیژیەتە نەتەوەییە، کە گۆڤاری رمان لەگوتارەکەیدا بەرجەستەی کردووە، بەشدارییو کرانەوەیە بەڕووی سەرجەم رۆشنبیرانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان دایە. بێگومان لەم گوتارە رۆشنبیرییەی راماندا، لایەنێکی زۆر گرینگ دەردەکەوێت، کە پێویستە لەسەری بووەستین، ئەویش ئەوەیە، ئەوەی سیاسەت تێکی داوە، ئەم گۆڤارە دۆخە رۆشبیرییەکە سەر لەنوێ بینا دەکاتەوە، ئەو

کەشە زاڵەی سیاسەت، کە هەموو ئاڕاستەکانی کۆنترۆل کردووە، گوتاری رامان، ئازادیان دەکاتەوەو دونیایەکی نوێ لەپەیوەندیکردن لەرێگەی گوتاری گۆڤارەکە رۆدەنێتەوە.

دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین، کە یەکێک لەبنەماکانی شیکردنەوەی کردەقسەیی، کە پشت بەستنە بەپراگماتیک، بایەخدانو رەچاوکردنی (پەیوەندیکردنە) وەکو هۆکارو ئامراز ، هەروەها وەکو ئامانجو مەبەستیش، بۆیە رامان لەم بوارەدا توانیویەتی رچەشکێنێکی سەرکەوتوو بێت، یەکەمیان لەپەیوەندیی دەستەی بەرێوەبەری گۆڤارەکە لەگەڵ نووسەران، هەروەها دروستکردنی ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان (نێرەرو وەرگر، یان نووسەرو خوێنەرەکانیان)، بەواتایەکی دیکە چۆنیەتی دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی گەیاندنی پەیامەکانە.

دەکرێت ئەم ئاڕاستەیە بەکورتی لەقسەکانی سەرنووسەری گۆڤاری رامان، کە لەیادی بیست ساڵەی دەرچوونی گۆڤارەکە بڵاویکردۆتەوە بەرجەستە بکەین، کە دەڵێت: (رامان لەرۆژی دەرچوونییەوە تاکو ئێستا بەنەفەسێکی نەتەوەییانەو کوردانە کاری کردووە، بۆیە هەر زوو کەوتە پێوەندی گرتن لەگەڵ سەرجەم نووسەرانو ئەدیبانو رۆژنامەنووسانو هونەرمەندانو رووناکبیرانی هەموو پارچەکانی کوردستانو ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوسترالیا، لەهەر کوێ کەسێکی بەهرەدارو خاوەن توانایی شک بردبێت، پێوەندی پێوەکردووە، چونکە بەسەرمایەکی گرنگی نەتەوەیی زانیوەو رێزی لەبەهرەو رۆشنبیریو بەخششو توانایی ئەو کەسە ناوە، بەهیچ جۆرێک ئیعتباری بۆ ئایدیۆلۆجیاو شێوەی بیرکردنەوەی سیاسیو ناسیاسی کەسەکان دانەناوە.

لەبەر ئەوە کوردستانی باکورو رۆژئاوا، ئەوانەی بەکوردی دەخوێننەوەو دەنووسن پتر سەروسەختیان لەگەڵ پیتی لاتینی هەیە، بۆیە نەمانتوانیوە ئەو پێوەندییە پتەوو بەهێزەی لەگەڵ نووسەرانی رۆژهەلات هەمانە، هەمان ئاستی ئەو پەیوەندییەمان لەگەڵ نووسەرانی باکوورو رۆژئاوا هەبێت، بەلام دیسان چ بەشێوەی گفتوگۆو دیمانە، چ بەگۆڕینی پیتی لاتینی دەق‌و نووسینەکانیان بۆ سەر پیتی عەرەبی، ئەو نووسەرو داهێنەرانەمان فەرامۆش نەکردووەو ناساندوومانن، بۆیە ئەوەندەی ئاگام لێیە رامان لەلای کوردانی باکورو رۆژئاواش ناسراوەو پێشوازی لیَ کراوە، بەڵام وەکو پێشوازییەکەی کوردستانی رۆژهەڵات نییە. کە زۆر چالاکانە بۆمان دەنووسن‌و لەبۆنەکانیدا ئامادەدەبن‌و خۆیان بەخاوەن ماڵ دەزانن). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ١٤-٧-٢٠١٦ ل ١٦).

رەهەندێکی گرینگ لای رۆشنبیران هەیە، کە دەبێت وەکو بنەمای بیناکردنی نەتەوە رەچاو بکرێت، ئەویش زمانە، زمان بەواتای هۆکارێکی پەیوەندیکردن، هەروەها شێوازی ئاخاوتن‌و دەربڕین لەپێناو سازاندنی پەیوەندیکردن، لەنێو گوتاری رۆشنبیریدا رۆلێکی بەرچاو دەگێڕێت. (کارل پۆپەر)ی ئەلمانی لەبارەی رۆڵی رۆشنبیران لەسازاندنی زەمینەی نەتەوەیی، بەکارهێنانی زمان، هەروەها بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی دەڵێت : هەرجارەو ئێمەی رووناکبیر بووینە، کە بەهۆی ترس‌و خۆپارێزی، یان لەخۆباییبوونەوە سامناکترین کردارمان ئەنجام داوە. بیرمەندی فەرەنسی (روی ژولیان) دەریخستووە، کە ئەلمانەکان

ناسۆزنالیزمیان بەگەوجانەترین شکل داهێناوەو برەویان پێداوە. بۆیەشە پۆپەر لەدرێژەی بۆچوونەکانی دەڵێت: ئێمە حەزمان لەخۆ دەرخستنەو تامەزرۆین ئاخاوتن بەزمانێک بکەین، کە کەس تێینەگات، تەنیا بەو مەبەسەتەی، کە کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر بەردەنگەکان دابنێین، بەزمانێکی دەستکردو زانیانە، کە لەمامۆستاکانی رێڕەوی (هیگل) فێربووینە، کەسەرجەمی رێرەوانی (هێگل) لێک گرێدەدات، ئەوە شێواندنی زمانێکە، کە زمانی ئەلمانییە، بەهۆی ئەو زمانەوە رکابەری یەکتری دەکەین. هەر ئەو کارە تێکدەرانەیە، کە دەبێتە لەمپەری دیالۆگی لۆژیکی لەنێوان رووناکبیریداو لەمپەری سەرنجدانی ئێمە بەگوتەی گەوجانەی خۆمان‌و هەر ئەوە وێرانکارییەی ، کە دەبێتە هۆکاری ماسی لەئاوی لێڵدا. (کارل پۆپەر٢٠١٥، ٢٧).

رامان رەچاوی بەهرەو توانای رۆشنبیرانی کردووە، نەک وابەستەییان بەئایدۆلۆژیایەکی دیارکراوەوە، بەڵام وەکو (پۆپەر) دەڵێت لەرێگەی شێواندنی زمانەوە رکابەری یەکتر دەکەین، کوردیش لەرێگەی دابەشبوونی بۆ سەر جوگرافیاو زمانی داگیرکەرانەوە، رکابەری یەکتر دەکەن، هەرچەندە رامان دەیەوێت ئەو جیاوازی‌و دابەشبوونە خاوبکاتەوە، بەڵام ئاسان نییە، چونکە دابەشبوونەکە هێندە کاریگەرە، گوتاری رۆشنبیریی ناتوانێت کاریگەرییە نەرێنییەکان بسڕێتەوە. رامان کار دەکات، لەرێگەی دروستکردنی زەمینەو گۆشەیەکی لەباری دیالۆگ، رکابەریی رۆشنبریی بسڕێتەوە، لەپێناو نزیکبوونەوەی گوتاری نەتەوەیی لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، لەهەمان کاتیشدا

نەیتوانیوە هەقیەتی کاریگەریی نەریْنی بەکارهێنانی پیتی لاتینیو عەرەبی لەسەر گوتاری رۆشنبیرییو پرۆسەی پەیوەندیکردن بشارێتەوە.

راستە دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتیو ئابورییو رۆشنبیریی لەنێو گوتاری پارچەکانی کوردستاندا هەیە، بەڵام نابێت رۆڵی هونەرو رۆڵی تاک لەبیر بکەین، کە توانیویەتی هاوسەنگیو یەکبوونی نەتەوە لەبواری نەریتو هەڵسوکەوتو پێکهاتەی دەروونی خەڵکەکە بپارێزێت. تەنیا زمان ئەگەر لەژێر کاریگەریی گوتاری رۆشنبیری باڵاو وەرگێڕانو بەکارهێنانی پیتی لاتینیو عەرەبیشدا بێت، بەڵام توانیویەتی وەکو رێڕەوێکی پتەو پەیوەندییە رۆحییەکانی نێوان تاکەکانی کورد بپارێزێت.

لەبواری رۆشنبیریدا پێویستە بۆچوونەکانی (برتراند رسڵ) بەهەند وەربگرین کەلەبارەی رۆڵی تاکو رۆڵی کۆمەڵایەتی دەری بڕیوەو پێی وایە (ئەرکی تاکە کەسیو کۆمەڵایەتی، دوو پرسی هاوبەشنو زەحمەتە لەیەکتری جیابکرێنەوە، زۆرجاریش هونەرمەندو زاناو دۆزەرەوان هەندێک شت بەرهەمدەهێنن، کە سوودی کۆمەڵایەتی زۆریان هەیە، بەڵام ئەو پاڵنەرەی لەدوای ئەو داهێنانە بووە پاڵنەری خودی بووەو تایبەت بووە بەتواناو حەزی تایبەتی خۆی. (برتراند رسڵ، ٢٠٠٦، ١١٧). بۆیە گرینگە لەبەدیهێنانو دیارکردنی بەسوودیو بێ سوودی هەر کارێک نابێت، بخرێتە پێش ئەوی دیکە، بەلکو وەکو (برتراند رسڵ) دەڵێت: (مەسەلەکە بریتییە لەدۆزینەوەی تەوافق لەنێوان وەسیلەو مەبەستەکاندا، واتا لەنێوان ئەوانەی بۆخۆیان سوود

بەخشن، لەگەڵ ئەوانەی وەسیلەن بۆ سوودبەخشین). (هەمان سەرچاوە،١١٨).

بۆیە یەکێک لەهێڵە گشتییەکانی گوتاری رۆشنبیریی رامان ئەو هاوسەنگیەیە، کە لەنێوان ئامرازو مەبەستەکاندا هەیە. گوتار یەکێک لەبنەماکانی پێکهاتنی (مەبەست)ە، کە لەرێگەی ئامرازەکانەوە رادەپەڕێندرێت. هیچ گوتارێک بێ مەبەست، بێ پەیام گوتارێکی تەواوو کاریگەر نابێت.

## ٣-٥ گوتاری رەخنەیی لەراماندا

یەکێک لەبنەما گرینگەکانی رۆشنبیریی‌و رۆژنامەگەری رەخنەیە، رەخنە بەواتا گشتگیرە رۆشنبیرییەکە، کە دەبێتە هۆکار بۆ دروستکردنی (دیالۆگ، گۆڕینەوەی بیروڕا، پێدانی زانیاری نوێ، راستکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان)، نەک ئەو رەخنە سەرپێی‌و کەسیانەی لەسەر بنەمای (رق‌و تۆڵەکردنەوەو سڕینەوەی زەمینەی دیالۆگ‌و کوشتنی زانیارییە راستەکان) بیناکراون. بەپێی بۆچوونەکانی شیکردنەوەی پراگماتیکی‌و بەشێوەیەکی دیارکراو کردەقسەییەکان لەشیکردنەوەی گوتاردا راستی‌و درۆ ناکرێتە پێوانە بۆ شیکردنەوەی گوتارو دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لەنێو کۆمەڵگەدا، بەلکو گونجاون‌و نەگونجان پێوانەی سەرەکی‌و بنەڕەتییە لەشیکردنەوەی گوتاردا. بۆیەشە (ڤان دایک) پێی وایە، کە "شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی بەشێکە لەدابونەریتی لیبرالیەتی هاوچەرخ، کە وای دەدانێت زانست بەهای خوارکردنەوەو شکانەوەی بەلای هیچ شتێکی تێدا

نییە". (تونی ڤان دایک، ٢٠١٤،١٩٠). ئەمەش دەکرێت وەکو بنەمایەکی گرینگ لەراپەراندنی کردەقسەییو ئەنجامدانی کارێک لەرێگەی بەکارهێنانی وشەو پەیڤین سەیر بکرێت، کە بێگومان گوتاری رەخنەیی لە گۆڤاری راماندا، ئەنجامدانی کردەیەکی کاریگەرە بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی رۆشنبیریی لەنێو کۆمەڵگەدا. لەبیری نەکەین دەوروبەری هەریەکێک لەم گوتارانە، دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها دەوروبەری نێرەر/ نووسەر/ گۆڤارەکە یەکسانە لەگەڵ دەوروبەری وەرگر/ خوێنەرو جەماوەر، کە گوتار، یان بابەتەکەیان پێدەگات.

بەپێی ئەو چارتانەی دروستمان کردووە، بەشێکی زۆری بابەتەکانی گۆڤاری رامان لەسەر ئەو بنەمایە بەرهەمهێنراوە، کە پشت بەبنەما زانستییەکانی رەخنە دەبەستن، لەدیدارو دیمانەکاندا، هەمیشە گیانی رەخنەگرتن بۆ ئاشکرانی زانیارییە شاراوەکانی دونیای رۆشنبیریی کوردی پێڕەو کراوە، چونکە لەرێگەی ئەم گیانەدا، گەلێک لایەنی گوتاری رۆشنبیری لەکۆنو نوێدا روونکردنەوەی لەبارە دراوە، یان ئاشکرا بووە. ئەم گیانی رەخنەبوونە لەنێو گوتاری راماندا، گیانێکی (تۆڵەستێنو شکاندنو ریسواکردنو پلارلێدان) نییە، بەلکو ستراتیژی تۆمارکردنی زانیارییە ئاشکرا نەبووەکانو گەڕانەوە بۆ تۆمارکردنو بەرجەستەکردنی لایەنە هزرییو توانا کەسییەکانو ئاشکراکردنی ئەو شێوازو بڕواو تێڕوانیانەیە، کە رۆشنبیران بەتایبەتیش لەنەوەی پێشەنگو نەوەی ناوەڕاستدا بەکاریان هێناوە. دیارە لەبوارەکانی دیکەی نووسینو داهێنانیشدا وەکو (شیعرو چیرۆکو هونەری شانۆو گۆرانیو

مۆسیقاو شانۆ... تد) ئەم ڕێچەکەیە کاری لەسەر کراوە، بەمەش دەکرێت گوتاری رەخنەیی لەگۆڤاری رامان، وەکو بنەمایەکی گرینگی بوژانەوەی رۆشنبیریی لەئاستی زمانو دەربڕینو شێوازو دیالۆگی نێوان نەوەکانو بواری داهێنان سەیر بکرێت.

واتە گوتاری رەخنەیی لە گۆڤاری راماندا بوژانەوەیە، راستکردنەوەیە، دروستیکردنی پێوەندیی لەنێوان نەوەکانو تۆمارکردنی راستییەکانو ئاشکراکردنی شێوازی هزرو کارکردنو تواناکانە.

بۆیەشە سەرنووسەری گۆڤارەکە لەژمارەی یەکەمەوە تاکو ئێستا لەپێناو دروستکردنی پێوەندییەکی ئاساییو پتەو رەخنە لەپێناو بیناکردنەوەی پێوەندیی داهێنان، نەک تێکشکاندن پیادە دەکات، لەمبارەوە گوتیەتی (تاسەر ئێسقان بڕوامان بەرەخنە هەیە، بۆیە هەمیشە دەرگامان بۆ رەخنە لەسەر پشت بووە، ئێمە لە راماندا پشتیوانی زۆرمان لەڕەخنەو رەخنەگران کردووە، دەتوانم بڵێم زۆر قەڵەمی رەخنەییشمان دروست کردووەو پێگەیاندووە، کە سەرەتا لەلای ئێمە چاویان تررووکاندووە، پاشان بوونەتە ناوی دیارو کاریگەر لەگۆڕەپانی نووسینو رۆشنبیری کوردیدا. بۆ مەسەلەی بڕوا بوونیشمان بەبیروڕای جیاواز لە گۆڤاری راماندا، ئەوە بۆ پێشخستنی رەخنە، بیروڕای جیاوازمان بەکۆڵەگەیەکی بەهێز زانیوە. ئێمە لەسەرەتاوە تا ئێستا هەرگیز پشتیوانیمان لەنەوەیەک لەسەر حیسابی نەوەیەکی دی نەکردووە، رێبازێک، رێچکەیەک، ستایلێکی نووسینمان بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ نەکردووە، چونکە پێمان وابووە رۆشنبیری بۆ خۆی دیالۆگێکی کراوەیە،

(داهێنان) سەر بەهیچ ڕێبازێکی نووسینو هونەری بێت، ئەوە تەواوکەری یەکدین. قەت نەبیستراوە، کە ڕێبازێکی ئەدەبیو هونەری نوێ هاتووە، ڕێبازەکەی پێش خۆی سڕیبێتەوەو پاشەکشەی پێکرابێت، لەرەخنەی ئەمڕۆکەشدا خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەق دەکرێت، بەمەش دەتوانرێت دەقێکی ناوازەو جوان بەچەندان بەرنامەو میتۆدی رەخنەیی بخوێندرتەوەو تەئویل بکرێت، ئێمە، کە سەکۆیەکی ئازادمان بۆ دەقە جوانەکانو میتۆدو بیروڕا جیاوازەکان کردووەتەوە، بەهەمان شێوەش فەزایەکی ئازادمان بۆ (خوێندنەوە)و ( رەخنەکان) دەستەبەر کردووە). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ل ١٧).

لەراستیدا لەشیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی، کە گۆڤاری رامان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بایەخی بەم بوارە داوە، لەچەند روانگەیەکەوە گرینگە، لەوانە :

یەکەم/ توێژینەوەی شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی باشترە لەتوێژینەوەکانی دیکە لەپێناو ئەوەی شتێکی گونجاو بێت.

دووەم/ پێویستە جەخت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیو مەسەلە سیاسییەکان بکاتەوە، نەک هەموو شتێک لەنموونە هێنانەوەو مۆدێلە باوەکانی سەردەمەکە چڕبکاتەوە.

سێیەم/ ناکرێت هەر تەنیا باسی بنەمای گوتارەکە بکرێت، بەلکو شیکاری بکرێت بەپێی کارتێکردنە کۆمەڵایەتیو بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

چوارەم/ زۆر گرینگەو پێوستە شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی جەخت لەسەر ئەو هۆکارانە بکاتەوە، کە دەبنە

بەرهەمهێنانی بنەمای گوتار، لەکارتێکردنی دەسەڵاتو باڵادەستی لەنێو کۆمەڵگەو جێبەجێ کردنی جەختکردنەوەو بەردەوامیو دیارکردنی، یان گومان خستنە سەر شەرعیەتی. (ڤان دایک، ٢٠١٤، ١٩١).

کاتێک بمانەوێت گوتاری رەخنەییو رۆشنبیریی گۆڤاری رامان دیار بکەین، بەشێوەیەکی گشتی لەنێو دەقەکاندا گەلێک لەم بوارانە بەدیدەکرێت، کە (ڤان دایک) وەکو بنەمایەکی شیکردنەوەی گوتاریی رەخنەیی دیاریکردوون، وەکو:

١- شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.

٢- پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەشێوەی گوتار دەبێت.

٣- گوتاری کۆمەڵگاو رۆشنبیریی دەگرێتەوە.

٤- گوتار کارێکی ئایدیۆلۆژی دەکات.

٥- گوتاری مێژوویی دەبێت.

٦- پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو دەق پەیوەندییەکی بەیەکبەستنەوە دەبێت.

٧- شیکردنەوەی گوتارەکە، پراگماتیکیو شیکاریی دەبێت.

٨- گوتار جۆرێکە لەجۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی. (ڤان دایک، ٢٠١٤، ١٩٢).

بەپێی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی رۆشنبیریی لەگۆڤاری راماندا، پەیوەستە بەکۆمەڵگە، دەقێکی کۆمەڵایەتییە، لایەنەکانی ئایدۆلۆژیا، مێژوو، کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. لەراستیدا هیچ رەخنەیەکی گوتار، یان گوتارێکی رەخنەیی، بێ بوونی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی

نادۆزرێتەوە. تەنیا ئەو گوتارە رەخنەییەی باسی پێکهاتەی دەروونیو دابونەریتو هەڵسوکەوتی هەر کارەکتەرێکی نێو دەقێکی شیعریو چیرۆک، یان نووسەرێکو داهێنەرێکیش بکات، ناتوانێت لەدەرەوەی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، یان دوور لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان کردەیەکی رەخنەگرانەی گونجاو راپەڕێنێت، بۆیەشە سەرنووسەری رامان لەباسی رامانو ئامانجەکانیدا راشکاوانە دەڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەدەبو رۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردی مامەڵە دەکەینو لەوێوە سەرچاوەمان گرتووە. ئەمەش لەکردەوەدا بەدیهێنانی ئەو بنەمایانە، کە (ڤان دایک) لەسەرەوە ئامازەی کردووە.

نابێت ئەوە لەبیربکەین، رامانو گەلێک لەرۆژنامەو رۆشنبیرەکانیش لەراپەراندنی کردەی گوتاری رەخنەیی پشتیان بەوە بەستاوە، کە (شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی، پرسیار دەخولقێنێت لەڕێگەی بەکارهێنانی بنەمای گوتار لەسەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بالادەستی کۆمەڵایەتی). (ڤان دایک، ٢٠١٤، ١٩٣). ئەمەش بەراشکاوی لەگوتاری رۆشنبیرییو رەخنەیی رامان‌دا بەدی دەکرێت، کە دەیەوێت زەمینەی دیالۆگ لەنێو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی بخولقێنێت، دەیەوێت زەمینەی ئازادی رادەربڕین لەپێناو بەدیهێنانی دیالۆگو رێزگرتن بخولقێنێت.

### ٣-٦ گوتاری بەرگو دیزاینو ستایلی رامان

یەکێک لەسیما دیارەکانی گوتاری رۆشنبیری بەرگو وێنەو دیزاینو ستایلی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی پەیامو مەبەستی رۆشنبیرییە، بەخوێنەرو رۆشنبیرانی دیکە. لە گۆڤاری راماندا بایەخێکی زۆر بەدیزاین دەدرێت، دیزان وەکو سیماو بەهاو تاموچێژ بۆ خوێنەر، هەمیشە هەست بەناسکیو سادەییو لەهەمان کاتدا واتا بەواتای گەیاندنی واتای مەبەستێک هەست پێدەکرێت. ئەمەش لەبەکارهێنانی رەنگو خەتو شێوەی بەکارهێنانی هێلکارییەکانو دابەشکردنی بابەتەکانو پۆرترێتو بایەخدان بەوێنەو هونەری نیگارکێشیو وێنەی نووسەرانو رۆشنبیران دەردەکەوێت، چی ئەوانەی بەشداری لەنووسین دەکەن، چی ئەوانەی نەوەی پێشەنگنو گۆڤارەکە وەکو بیرهێنانەوەو رێزگرتنو بایەخ دان بەو کەسایەتیانە کاری کردووە.

راستە رامان لەستراتیژی خۆیدا بایەخێکی هێکجار زۆری بەبواری هونەر بەهەموو ئاستو جۆرەکانی داوە، لەفۆتۆگرافەوە بگرە، تاکو هێلکاریو شانۆ، سەرباری بایەخدان بەهونەری دیزاین، هونەری بەکارهێنانی رەنگەکان لەبەرگدا، هونەری نووسین، هونەری بڵاوکردنەوە وەکو بەشێک لەگوتاری گۆڤاری رامان دەردەکەون، ئەم هونەرە هەر لەپێناو دەرچوونو بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە بەکارنەهێنراوە، بەلکو دەکرێت وەکو هونەری گەیاندنی واتاو پەیام، هونەری شێوازو ئامرازەکانی پێوەندیکردن بەخوێنەرەکانی چەندین توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. هونەری دابەشکردنی بابەتەکان، مەسەلەیەکی گرینگە، هونەری بایەخدان بەنووسەرەکان لەتەمەنو ئاستی رۆشنبیرییو

کۆمەڵایەتی جودا، بایەخدان بەرەگەزو نەتەوەونەژادو ئاینەکان، بایەخدان بەهونەری دابەشکردنی جوگرافیای نووسەرەکانی، هەموو ئەوانە بەشێکن لەهونەری رامان لەدروستکردنی گوتاری رۆشنبیریدا. بۆیەشە بەکارێکی گونجاوی دەزانم ئەم بوارە توێژینەوەی پراگماتیکی لەبارەوە بکرێت، چونکە لەلایەک زۆر کەم بایەخ بەهونەری بەرگو دیزاینو دابەشکردنی بابەتیو هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤارەکان دراوە، لەلایەکی دیکەشەوە گۆڤارەکە لەم بوارەدا دووربینیو هەناسە درێژیو پێشەنگییەکی لەنێو گۆڤارە کوردییەکاندا بۆ خۆی تۆمار کردووە.

لەبارەی بایەخەکانی رامانو رچەشکێنی (ئازاد عەبدولواحید) دەڵێت (ئەگەر ستایلو شێوازی کارکردنو نەهجی هەموو گۆڤارو بڵاوکراوەکان وەک یەک بوون، یان خەریکی لاسایی کردنەوەو گێرەکردنەوەی کاری ئەوانی دیکە بوون، ئەوە پێویست ناکات ئەو هەموو گۆڤارو بڵاوکراوە ئەدەبیو رۆشنبیرییە دەربچن، کاتێك رامان دەرچوو کوردستان لەقاتووڕیەکی گەورەی رۆشنبیریدا بوو، بەدەست نەبوونی گۆڤاری ئەدەبیو کولتوورییەوە دەینالاند، بۆیە لەسەرەتاوە قەبارەیەکی ژمار بە ژمارە گەورەتر دەبوو، تا بتوانێت ئیستیعابی ئەو هەموو قەڵەمانە بکات، کە روویان لێ نابووینو بابەتیان بۆ دەناردین، ئەوەش ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی گۆڤاری قەبارە گەورەی چەند ساڵێکی لێ کەتەوە، کە لە (١٩٩٦-٢٠٠٣)ی خایاند). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ رۆژی ٢٤-٧-٢٠١٦ ل ١٧). دوای ئەوە سەردەمێکی نوێ لەژیانی رۆشنبیری دەردەکەوێت، بەڵام

گوتارێکی جیاوازو کاریگەرو بەردەوام دروست نابێت، رامان بەهەموو جۆرەکانی توانی ببێتە خاوەنی گوتارێکی رۆشنبیری بەردەوام، فرەو فرە جوگرافیاو لەنێو گێژاوی رۆشنبیریدا رەوتی گوتاری رۆشنبیری رامان، رەوتێکی چەپسیو و درێژخایەنو دوور کارە.

بۆیەشە رامان لەنێو ئەم گێژاوەی بەنێو فرەیی بەرێوەدەچێت، پێداچوونەوەی بەشێوازی گوتارەکەی دەکات، رامان لەسەرتاوە تاکو ئێستا (هەمیشە ئەزموونێکی جیاوازو تایبەتمەندی بۆ خۆی پەیڕەو کردووەو لەسەری دەڕوات، کە نە لەدیزاینو نە لەریزبەندیو هەمەچەشنی بابەتەکان، نە لەنووسەرەکانی بۆی دەنووسن، لەهەمووان جیاوازترەو رامانی پێ دەناسرێتەوە). بۆیەشە گۆڤارەکە شانازی بەوە دەکات، کە (شانازای بەزۆر کاری خۆی دەکات، کە لەنێو کاری رۆژنامەوانی ئەدەبیو رۆشنبیریدا بووەتە دابونەریتو پەیڕەوی لێ کراوەو لێ دەکرێت. بەپلەی یەکەم بایەخ بەرەخنەو لێکۆڵێنەوە دەدات، ئینجا نووسینو وەرگێڕان، لەوەشدا بایەخ بەبابەتی خۆماڵی دەدات، کە لەبارەی ئەدەبیاتو زمانو هونەری کوردی نووسرابن، سەرباری بایەخدان بەنووسینی مامۆستایانی زانکۆ، ئەمەش وایکردووە ببێتە سەرچاوەی توێژینەوەی قوتابیانی زانکۆ). (رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤١٣ ژمارە ٢٤-٧-٢٠١٦ل ١٧).

لایەنێکی دیکە دیزاینە، کە بەشێوەیەکی جێگیرو ناسراوە، درێژەی هەیە. لایەنی هونەریو تەکنیکی لەدیزانی راماندا باڵادەستە بۆ ئەوەی جوانییو جوانکاریو بەهای گەیاندنو کارتێکردن نیشان بدرێت، ئەم بوارەش وەکو بەهایەکی مرۆیی

بەرچاو دیاردەکەوێت. دیزاین تەنیا هونەرێکی هێلکاریی‌و دارشتنی بەرهەمەکان‌و وێنەیەکی بینراوی بێ گیان‌و دابەشکردنی بابەتەکان‌و ناونیشان‌و تاتیل‌و مانشێتەکان نییە، بەلکو ئەرک‌و بەهایەکی بەرجەستەی وروژێنەریشە، لەرێگەی چاوەوە، لەپێناو گەیاندنی بە مێشکی وەرگر، کار دەکات، بۆ ئەوەی خواستەکان لای خوێنەر/ وەرگرەکان، کە بریتییە لەمەبەستەکانی نێرەر بەگونجاوی وەرگیرێت. واتا دەکرێت بڵێین گوتاری دیزاین، کەبریتییە لەهێلکاری‌و وێنەو دابەشکردنی بابەتەکان‌و جوانکاریی کاریگەریان لەسەر باری دەروونی‌و کۆمەڵایەتی وەرگرەوە هەیە.

بۆیە دەکرێت دیزانینی رامان لەچەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە، کە بریتییە لەئامانج‌و مەبەست:

**یەکەم/ بەهای تەکنیکی** (د. إياد حسين عبد الله، (http://ayadhusseini.blogspot.com/2012/03/blog-post.html) بریتییە لەبەشێکی نوێی بواری جوانکاری، کە خۆی لەتەکنیکەکانی بەکارهێنان‌و داهێنان دەبینێتەوە، بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کۆمپیۆتەرو دیزاین کاریگەرییەکی زۆریان لەنێو بەهای جوانکاری دروست کردووە.

دووەم/ بەهای مادی، یان بەهای بەرجەستەکراو، پەیوەستە بەگۆڕانکارییە گەورەکانی سیستەمی بەهای مرۆیی، لەچوارچێوەی جوانی مادەکەو روخساریدا، کاریگەریی لەسەر بەهای تواناو نێوەڕۆک‌و پێشخانی بابەتەکە بەدیدەهێنێت،

ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ بەدیهێنانی دۆخێکی نوێ لای وەرگر، واتا دیزاین کاریگەری لەسەر بڕواو قەناعەتی وەرگر لەبواری کۆمەڵایەتیو ئابوری دروست دەکات.

سێیەم/ بەهای سودبەخشین، دیزاین لەرێگەی پێشکەشکردنی تواناکانی دەیەوێت خواستی جوانکارییو ئەرکەکان لای وەرگر تەواو بکات. بۆیە ئەگەر هەندێکجار جوانکاری دیزاین بەسەر نێوەڕۆکی هەندێک بابەتیشدا زاڵ بێت، ئەمە بۆ ئەوەیە خواستەکانی خوێنەر/ وەرگرەکان تێربکات، لەراستیدا وزە بەخشینێکی دیار لای خوێنەر پەیدا دەکات، تاکو خواستەکانی بگەیەنێتە ئاستی تێربوون.

چوارەم/ بەهای گەیاندن، ئێمە دەزانین هونەری دیزاین بەهایەکی گرینگی بینینە، کە دەبێتە سەرچاوەش بۆ شیکردنەوەی گوتار لەرێگەی بانگەشەی ریکلامیانە بۆ گەیاندنی مەبەستەکان لەرێگەی بینینەوە، بۆ ئەوەیلای بینەرو وەرگر وێنەی دیزاینەکە بەشێوەیەکی تەواو دروست ببێت، دەبێت بەهای گەیاندن بەگونجاوی بەرجەستە ببێت، ئەمەش تا ئاستێکی بەرچاو لە راماندا بەدی دەکرێت، بێگومان کاری خێرایی گەیاندنەکەش لێرەدا بەرچاوە، واتا مەبەستو خواستی دیزانەکە لەرێگەی چاوەوە بەشێوەیەکی خێرا دەگەیەنرێتە عەقڵی وەرگرەوە، ئەمەش پراگماتیکیانە زەمینەی بەدیهێنانی بەهای گەیاندن زیاد دەکات.

پێنجەم/ بەهای نوێبوونەوە، لایەنێکی دیکەی دیزاین گەڕانی بەردەوامە بەدوای نوێبوونەوە لەدەرخستنی بەهاو ئەرکەکانی، ئەمەش لەرێگەی هاوبەشیو گونجانی فکرو چەمەکانی مرۆڤەوە

دێت، بۆ نموونە گەلێک بیرۆکەی ناوەخۆیی لەدیزاین دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیرۆکەو رۆشنبیریی دەرەکی، کە لەم رێگەیەشەوە بۆ پەرەپێدانی فکرو بەهای چەمکەکان لای مرۆڤ، دیزاین بایەخ بەنوێبوونەوەی هەمیشەیی دەدات.

شەشەم/ بەهای ئایندەخوازی، دیزاین لە رامان، کە شیکاری بینینی پراگماتیکی بۆ دەکرێت، وابەستەیی بەمێژوو، ئێستاو ئینجا کارکردنی بۆ ئایندە تێدایە. واتا دیزاین، کە بەشێکە لەشیکاری گوتاری رۆشنبیریی، لەراماندا ئایندەخوازیی تێدایە، لەوەستان نەکەوتووەو بەردەوام بەرەو ئاسۆ دەڕوات، ئەمەش هاوسەنگی لەنێوان خواستی وەرگر/ خوێنەر لەئایندەو ئێستا تێدا رەچاو کراوە، چونکە رامان لەتەک ئایندەخوازی بایەخی زۆریش بەتێڕوانینو رێزگرتن لەمێژووی تێدایە.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە دیزاین هەر بەتەنیا بایەخدان بەجوانکاریی نییە، بەلکو بۆتە پیشەیەکی پیشەسازگەریانەو دونیابینی بۆ ئایندەو کارکردن لەسەر بەها مرۆییەکانی لەبواری دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابوری تێدا بەرجەستە دەبێت. رامانیش لەم بوارەدا کە نێرەری گوتارێکی بەها ئامێزی مرۆیانەی رۆشنبرییە، لەبواری دیزایندا خاوەنی گوتارێکی بینراوی وێنەداری کاریگەرە.

## ٣-٧ گوتاری رۆشنبیرییو پێگەی مێژوو لە گوتاری راماندا

لەرووی مێژووییەوە، لەنوێبوونەوەو لاسایی کردنەوەدا، گۆڤارەکە کاری کردووە، پێگەییەکی مێژوویی هەبێت، بەڵام دووبارەو چاولێکەری مێژووی گۆڤارەکانی دیکەی بەر لەخۆی نەبێت، سەرنووسەری گۆڤارەکە لەیادی دەرچوونی ٢٠٠ ژمارەی راماندا دەڵێت: لەرامان دا قەت نەمانویستووە خەریکی لاسایی کردنەوە بین، بۆیە ئیشمان لاسایی کردنەوەی کوێرانەی هیچ گۆڤارێکی کولتووری نەبووە، یان قەت بەراکەڕاکەو هانکە هانکەوە دوای هیچ جۆرە شەپۆلێک نەکەوتووین بەناوی ئەوەی گوایە (نوێباوە) تا بیهێنین‌و بە نەکولاوی دەرخواردی خوێنەرانی خۆمانی بدەین. ( ئازاد عەبدولواحید، رامان، ژمارە ٢٠٠ رۆژی ٥-١-٢٠١٤ ، ل ٣). ئینجا دەڵێت (هەرگیز پشتیوانیمان لەوەچەیەک نەکردووە لەسەر حیسابی وەچەیەکی دی، بەڵام رامان هەمیشە سەکۆیەک بووە بۆ داهێنانی سێ- چوار نەوەو بەئەمەناتەوە دەنگ‌و رەنگی هەمووانی گواستۆتەوە سەر لاپەڕەکانی).

لایەنێکی دیکەی گوتاری مێژوویی لە گۆڤاری راماندا بایەخ دانە بەمێژووی رۆشنبیریی‌و هونەری لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، بەڵام دیسان ئەم لایەنە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی خودی رۆشنبیری کوردی‌و قۆناغ بەندی کارو پڕۆژە رۆشنبیرییەکان ناکرێت. لەتەک قۆناغی پێش رێککەوتنی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و قۆناغی رێککەوتنەکەو تا راپەڕین بەشێکی ئەو گوتارە رۆشنبرییە پێکدەهێنن، بەڵام وەکو سەرنووسەری رامان دەڵێت لە(پاش راپەڕین، کە خۆمان بووینە خاوەنی خۆمان، ئیدی وردە وردە دەبوو بکەوینە دروستکردنی داودەزگای کولتووری‌و ئەدەبی خۆمان، لەو کاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، چ حکومەت‌و چ

حزبەکان بیریان لەدانانی (سیاسەتی کولتووری) نەکردەوە تا بەپێی سیاسەتو پلانو بەرنامەیەک کار بۆ رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی رەسەنو داهێنەرانەی کارا بکرێتو ئەو رۆشنبرییە لەژێر هەژموونو کاریگەریی وابەستەییو پاشکۆیاتی کولتووریی بێگانە دەربهێنرێت، ئەگەر بابەتێکی لەو جۆرەش بەگوشاری رووناکبیران هاتبێتە ئارا، ئەوە هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوەو هیچی لێ نەچووەتە واری جێبەجێ کردنەوە). (ئازاد عەبدولواحید، رامان ژ ٢٢٩، رۆژی ٥-٦-٢٠١٦ ، ل ٣).

گوتاری بەردەوامیی رامان، گوتارێکە لەنێوان چەمانەوەو بەردەوامیدا (زۆر رەشەبا لەو بیست ساڵەی بۆریدا لەملاو لەولاوە لە گۆواری (رامان)یان دا، بەڵام ئازاد عەبدولوواحید نەیهێشت رامان بچەمێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەرمانە رەسەنایەتییەی، کە دەمێکە لەمێژووی ئەدەبیدا بۆ خۆی هەڵی داوەتەوە). ( بەردان ئەحمەد حەبیب، گۆڤاری رامان، ژمارە ٢٣٨ رۆژی ٥-٣-٢٠١٧، ل ١٥٨).

ئەمەش هەر بەتەنیا گەڕان نییە بەدوای مێژوویی کۆندا، بەڵکو (پەنجەیەکی دیاریشی نا بە کاروانی ئەدەبی کوردییەوە). (هەمان سەرچاوە، ل١٥٨). واتا گوتاری مێژوویی لە گۆڤاری راماندا دەکرێت بکرێتە دوو بەشی سەرەکی، کە دڵنیام هەندێک بواری دیکەش هەیە، دەکرێت توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت:

یەکەم/ بایەخدان بەمێژووی رۆشنبریی کوردستانە، لەدیدارو دیمانەی رۆشنبیراندا، یان گێڕانەوەو تۆماری لایەنەی مێژووییو

سەرهەڵدان و شیکردنەوەی لایەنە مێژووییەکەی بزاڤی ڕۆشنبیریی بەگشتی دەگرێتەوە.

هونەرمەندێکی هەورامی لەبارەی ڕۆڵی مێژوویی گۆڤاری رامان لەبارەی دروستکردنی توناکان دەنووسێت (من یەکێکم لەو نووسەرانەی، کە خامەکەم بۆ یەکەم جار هەر لەژمارە (١٦-١٦٢) لەو گۆڤارەدا دەرکەوت. (٤٢) نووسینی خۆم لەبارەی ئاوازو گۆرانی هۆرامان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە، کە پێشتر من وەکو سەربازێکی ونبووی ئەدەبو هونەر بابەتم دیار نەدەبوو، بەڵام رامان بۆ من بوو بە قوتابخانەیەکو منی فێری نووسینی ئەکادیمی کرد. ئەمە بێجگە لەنووسەرەکانی هۆرامانی ئەودیو...). (دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی، رامان ژمارە ١٦٤ رۆژی ٥-١-٢٠١١،ل ١٥٨).

یەکێکی دیکە لەتاراوگەدا بایەخ بەپێگەی مێژوویی رامان دەداتو دەنووسێت (رامان دڵیشی بۆ تەنیایی کوردبوونو نووسەربوون دامەوەو ستێک لەو متمانەیەی، کە تاراوگە لەمرۆڤی تاراوگەنشینی دەسەنێت، بۆ گەڕاندمەوە). (دلاوەر قەرداغی، رامان ژمارە ٢٠٠ رۆژی ٥-١-٢٠١٤، ل ١٥٩). واتا رۆڵی گۆڤارێک لەرووی مێژوویدا، هەر ئەوە نییە دەربچێت، بەلکو هونەری خۆپاراستن لەگێژاوو گێژەلوکەو جەنجالی دایە، رامان بەنێو قۆناغێکی سەختو دژواردا تێپەڕیووە، تادەگاتە ئەوەی لەڕوانگەیەکی دیکە پێناسە مێژووییەکەی ئەم گۆڤارە ، چ وەکو خودی گۆڤارەکە لەنێو (کات)دا، چ وەکو گوتار لەنێو فڕکانفڕکانی نێو گۆڤارەکانداو لەنێو ژاوەژاودا بەردەوامە ( ئافرەین بۆ رامان کە لەم زەمەنی فڕکانفڕکانی گۆڤارو رۆژنامە خراپو پڕ

لەژاوەژاوەکاندا، لەم زەمەنی بێ بەهاکردنی نووسینو پێنووسییەدا، تا ئێستا بەرگەی گرتووەو ٢٠٠ نەمامی لەم پیادەڕۆو پڕ چاڵوچۆڵیو بێ نازەی ئەدەبیاتی کوردیدا رواندووە، ئافەرین بۆ رامان، کە بڕستی ئەو هەموو کەندو کۆسپو لەمپەرەی هەبووە بەهەمان ریتمی نەرمو جیددیو بێ لافوگەزافو هاوسەنگانەی خۆی هاتووە). (هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩).

واتە هەر بەتەنیا گوتاری مێژووییەکەی لەبەردەوامی بوونیدا نییە، بەلکو لەگوتارە مێژووییە هاوسەنگو نەرمو جددییەکەیەتی.

دووەم/ ئەو مێژووەیە، کە خودی گۆڤارەکە هەیەتی، لەبەردەوامی، لەمامەڵەکردنی لەگەڵ ناوە جیاکان، لەدروستکردنی نووسەرو رۆشنبیریی جیاجیا، لەتۆمارکردنی لاپەڕەیەکی مێژوویی لەبەردەوامیی گۆڤارەکە، ئینجا رۆڵی لەسەر رەوتی ئەدەبو رۆشنبیریی کوردستان، وەکو پڕۆژەیەکی بەردەوام لە نێو (کات) و ئینجا (شوێن)دا دیارو بەرزە.

### ٣-٨ رامانو گوتاری عەقڵمەندانە

ئەوەی لەشتە عەقڵییەکاندا گرینگە ئەوەیە، کە رێگە بەتاک دەدرێت گوزارشت لەتواناکانی خۆی بکات، ئەگەرچی زۆرجار پاڵنەری داهێنانی تاک پاڵنەرێکی ماددیی نییە. (برتراند رسڵ،٢٠٠٦، ١١٠). کوردستان نیشتیمانێکی بێ وڵاتە، رۆشنبیرییەکی بێ کیانە، بەڵام خاوەنی زمانە، زمانی کوردی

شکۆی پەیوەندیکردن‌و ڕێکخستنی دامودەزگاکانی نێوان تاکی کوردو هۆزو گروپە سیاسی‌و ڕۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و هونەرییەکانی دامەزراندووەو پاراستویەتی.

حەسەن جاف دەڵێت (گۆڤاری رامان تەنیا گۆڤارێکە شایانی ئەوە بێ بەدوایدا بگەڕێیت‌و بیخوێنیتەوە، بەتایبەتی لەناو ئەو لێشاوە زۆرو زەوەندەی گۆڤارەکاندا، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەردەچن‌و هەندێکیان- من لای خۆمەوە- بەسووکایەتی پێکردنێکی زۆری دەزانم بەعەقڵ‌و رۆشنبیریی مرۆڤی کورد، چونکە ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە تەنیا بۆ ئەوە باشە ئەو جۆرە گۆڤارانە توورٍ بدرێنە ناو زبڵخانەوە). (حەسەن جاف، رامان ١٧٦ رۆژی ٥-١-٢٠١٢، ل١٥٩).

(هەر دامەزراوەیەک جوگرافیی بێت، یان کەلتووری، یان پەیوست بێت بەفەلەسەفەی سیاسییەوە، دوو جۆرە پێوەندیی هەیە: یەکێکیان تایبەتە بەناوەخۆیەوەو پێی دەگوترێت پێوەندیی ناوخۆیی، دووەمیش پێوەندیی دەرەکییە، کە تایبەتە بەدامەزراوەکانی ترەوە. دەبێت پێوەندیی ناوخۆیی بۆ ئەندامەکان خۆیان جێبهێڵدرێت، بەڵام پێوەندیی دەرەکی ئەگەر نەکرا بەشێوەیەکی ئاسایی لەڕێگای وتوێژو دانوستانەوە چارەسەربکرێت لەنێوان هەردوو لادا، ئەوە دەبێت بخرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی بێلایەن. نابێت لەجیاوازی نێوان وڵاتان بترسێین، مادام ئەو جیاوازییانە نابنە هۆی دروستکردنی دەستدرێژییکردنە سەر یەکتری). ( هەمان سەرچاوە،١٠٨).

بەردەوامی گۆڤاری رامان، پەیوەستە بەگوتارەکەی، یان رونتر بڵێم ئەوە گوتارە روون ئاشکراو زیندووەکانی رامانە، رامانیان

زیندوو هیشتۆتەوەو خوێنەری بەردەوامی خۆی هەیە، ئێمە دەزانین گوتار دەسەڵاتە، واتە خودی گوتار دەسەڵاتێکی بەهێزە، بێگومان زیندوویەتی هەر دەسەڵاتێکیش پەیوەستە بەو پەیامو مەبەستانەی پێشکەشی وەرگرو گوێگرو خوێنەرەکانی دەکات. بۆیەشە ئەکادیمییەک بڕوای وایە، کە (رامان زیندووە چونکە لەدەرچوونو بەردەوامبووندا ئامانجو مەبەسەتو پەیامی هەیە، هەر گۆڤارێک کاتێک دەمرێت، کە هیچ پەیامو مەبەستو ئامانجێکی ژیاریو رۆشنبیری نەبێت.. پەیام ئەنجامی سەرەکی رامان خزمەتکردنو پەرەپێدانو گەشەی رەوتی ئەدەبیو هونەریو فیکرییە لەکوردستاندا). (د.فازل جاف، رامان ژمارە ۲۲۰، رۆژی ٥-١-٢٠١٥ ، ل ١٥٩).

لایەنێکی دیکەی گوتاری عاقڵانەی رامان (هەر لەسەرەتاوە توانی نووسەرانی نەوە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست بکات، چەندین گۆڤار لەئێستادا دەردەچنو ئەم کارەیان پێناکرێت). (عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، رامان ژمارە ۱۷۲، رۆژی ٥-١-٢٠١١، ل ١٥٨).

گوتاری عەقڵمەندانی رامان ئەوەیە لەسەر بنەمای رێزگرتن بەرێوەدەچێت، نەک رقلێبوونەوەو سوکایەتی کردن بەخەڵکی دیکە. لایەنێکی گرینگ ئەوەیە (رامان دوور بووە لەتانەو تەشەرو نوقورچک گرتنو سووکایەتی کردن، هەر کەچوومەتە لای نووسەرێکی فارس بەشانازییەوە رامانم بۆ بردووە، ئەوانیش بەدیتنی سەرسام بوون، کە کورد گۆڤاری وای هەیە). (ناسر وەحیدی، رامان ١٥٦ رۆژی ٥-٥-٢٠١٠، ل ١٥٩).

# بەشی چوارەم
# شیکاری گوتارەکانی رامانو شوێنو جوگرافیای بابەتەکان

## ٤-١ دابەشکردنی بابەتەکان (جۆری بابەتەکان)

پێویستە پێش ئەوەی باسی دابەشکردنی بابەتەکانهو دابەشکردنی گوتاری گۆڤاری رامان بکەم، ئەوە تۆمار بکەین، کە لەم دوو سەد ژمارەی گۆڤاری راماندا بەشێوەیەکی گشتی (١٠٦٥٥) دەهەزارو شەش سەدو پەنجاو پێنج بابەتی هەمەجۆر

بڵاوکراوەتەوە، کە ئێمە دابەشی سەر (٦٤) بابەتو بەشمان کردووە، بەپێی ئەو ئێندێکسەی بۆ هەر دوو ژمارە ئامادەکراوە. لێرەدا لەم پێشەکییە کورتەدا باسی بەشەکان ناکەین، چونکە بەشەکانمان بەوردی لەدواتر باس کردووە.

هەر بەشێک دەکرا بکرێتە چەند لقە بەشێکی دیکە، یاخود دەکرا هەندێک بەش کەمبکرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە بەشەکان دیار بخەینو سودیش لەشێوەی دابەشکردنی ئێندێکسە بەشێوەی بابەتەکان وەربگرین، کارەکەی خۆمان لەسەر ئەو بنەمایە راپەڕاند، گرینگیمان بەهەڵبژاردنی بیبلۆگرافیایی بابەتەکان داوە. دەمانتوانی بۆ نموونە بابەتی منداڵان لەچیرۆکو شیعرو رۆمانو ... تد، بکەینە یەک بەش، بەڵام بۆ دەرخستنی وردی گوتاری رۆشنبیریی لە گۆڤارەکەو بایەخی پێکهاتەکانی گوتار، بەباشمان ز انی بەشەکان بەمجۆرە کاریان لەسەر بکرێت.

هەروەها دەمانتوانی دەقی شیعرو چیرۆکی خۆماڵیو وەرگێردراوەکانیش لێکجودا بکەینەوە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆرمان لەنێوان ئەم دوو کارە رۆشنبرییە بەدی نەکرد، بۆیە کردمانە یەک بەش، بەڵام لەباسی وەرگێردراوەکاندا چارتی تایبەتمان کردووە، بۆ ئەوەی جیاوازی رێژەی نێوان سەرچاوەی زمانەکان بەدەربخەین، کە وەکو سەرچاوەی سەرەکی دەقەکان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، یان گۆڤارەکە بەچ ئامانجێک ئەم دابەشکردنە جوگرافیایەی پیادە کردووە، لەبارەی سەرچاوەی زمانی دەقەکاندا.

٤-١-١ ئەدەبی بەراودکاری

تەنها (٥) بابەت لەژێر ئەم ناونیشانە هەیە، لەکۆندا بایەخی زۆر بە ئەدەبی بەراودکاری دەدرا، بەڵام پێدەچێت لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی سیستەمی پەیوەندیکردن‌و گەیاندن لە سەردەمی جیهانگەراییدا، سنور بۆ بەراوردکاری زۆر بەرترسک بووبێتەوە، بەپێچەوانە لەزۆر وباردا تێکەڵیش بووبێت.

٤-١-٢ ئەدەبی بیانی

بریتییە لە(٨٩) بابەتی هەمەجۆری نووسین‌و وەرگێڕان لەزمانە بیانییەکان، کە بەمجۆرە ئەم بابەتە لەزمانە بیانییەکان بایەخی پێدراوەو وەکو سەرچاوەی وەرگێڕانەکە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە:
زمانی فارسی (٤١) بابەت. زمانی عەرەبی (٢) بابەت، زمانی تورکی (٢) بابەت، زمانی ئینگلیزی (٣) بابەت، زمانی فەرەنسی (١) بابەت، زمانی ئەلمانی (١) بابەت‌و زمانی ئیسپانی (١) بابەت. (١) بابەتیش لەپیتی لاتینییەوە گۆڕێندراوە بۆ پیتی عەرەبی.

هەروەها هەندێک لەو بابەتانە ئاماژەیان پێنەکراوە لەچ زمانێکدا وەرگێردراون، بەتایبەتیش ئەو بابەتانەی بەنێوی

ئامادەکردن، نووسراون ئاماژەیان پێنەکراوە لەچ زمانێکەوە ئامادەکراون، من مەزەندەی ئەوە دەکەم لەم بابەتانەدا پتر لەزمانی عەرەبییەوە سود وەرگیرابێت.

٤-١-٣ ئەرشیف

تەنیا سێ بابەت تۆمار کراوە.

٤-١-٤ ئەرشیفی شانۆی کوردی

ئەمەش تەنیا (٢) بابەتی تێدا تۆمارکراوە.

٤-١-٥ ئەزموون

ناونیشانێکە باس لەتاقیکردنەوەی نووسەرانو ڕۆشنبیرانو هونەرمەندان دەکات، بۆ مێژوو، بۆ لێکدانەوەی سەرکەوتنی کەسەکە لەبواری پسپۆڕیو جۆری باسەکانو سوود گەیاندن بەنەوە جیاکانو گێڕانەوەی مێژوو بایەخی زۆری هەیە. (٢٣) بابەت لەژێر ئەم ناونیشانە هەیە.

٤-١-٦ ئەلبوومی رامان

دەتوانین لەژێر ئەم تایتلەدا بڵێین (٤٢٣) وێنە، بابەت، بیرهێنانەوە، گێڕانەوەی مێژوو لەرێگەی ئەلبوومەکان

تۆمارکراون‌و پارێزراون، لەمجۆرە بابەتەدا رامان لەرێگەی گوتاری رۆشنبیریی ئەلبومەوە، بایەخی بەپێگەو بیرهێنانەوەو رێزگرتنی رۆشنبیران داوە. لەم بوارەدا دەبێت، ستراتیژی گوتاری رۆشنبیری رامان هەڵوەستەی لەبارەوە بکرێت، چونکە لەم دوو سەد ژمارەی ئێمە لەچوارچێوەی توێژینەوەکەمان کارمان لەسەر کردووە، لەهەر ژمارەیەکدا پتر لەدوو وێنە، یان بەلای کەمەوە دوو وێنەی مێژوویی، گێڕانەوەی لایەنێک لەژیانی کەسایەتی رۆشنبیران بەرچاو دەکەوێت، کەئەمەش بەدیهێنانی کردەی گوتاری بایەخ دانە بەوێنەو گەڕانەوە بۆ رۆڵو کاریگەریی وێنە لەدابەشکردنی بابەت‌و دەرخستنی جۆری بابەتەکان‌و بەکارهێنانی چاو بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتارێک، کە کەسایەتی‌و دۆخی رۆشنبیریی سەردەمانێکی کۆنتر لەئێستامان بۆ دەگێڕێتەوە، لێرەدا رامان بایەخ بەشێوازی گێڕانەوە لەرێگەی (چاو) و (ئەلبوم) لەپێناو راپەڕاندنی گوتار دەدات، مەبەستیشی بەبیرهێناوەو گەڕانەوەیە بۆ رابردوو.

گوتاری وێنە، گوتارێکی کەم بایەخ پێدراوە لەگۆڤارە رۆشنبرییەکانی کوردی، بەتایەتیش ئێمە دەزانین لەپێش راپەڕینی ١٩٩١دا دۆخی رۆشنبیریی کوردی، پتر وابەستە بوو، بەدۆخی دەوڵەت لە عێراقدا، لەسەردەمی شۆڕشدا توانای چاپکردن لاوازو سنووردار بوو، هەروەها پێشکەوتنی ئامێرو کەرەستەکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوە لەم ئاستەی ئێستادا نەبوو، کۆمپیۆتەر هێشتا کاری پێنەدەکرا، هەروەها تەکنیکی دەرهێنانی رۆژنامەوانی زۆر سەرەتایی بوو، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیکردن لەنێوان شۆڕش‌و رۆشنبیراندا بەتەواوی لەژێر

چاودێری پۆلیسو دەزگاکانی سیخوری رژێمی بەعس دابوون. بۆیە بایەخدان بەوێنەی رۆشنبیران، واتا بایەخدان بەکەسایەتیو ئینتمای رۆشنبیرەکان لەڕووی سیاسیو فکریو نەتەوەییەوە بوو، ئەمەش دەبووە مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکان، بۆیەشە ئەمە کارێکی قورسو مەترسیدار بوو، بەلاّم دوای راپەڕین، گۆڤاری رامان بەوردی کاری لەسەر بایەخدان بەگوتاری وێنەو بوژاندنەوەی گوتاری رۆشنبیرییو پێگەی رۆشنبیران لەرێگەی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەو بلاّوکردنەوەی وێنەکانیان لەکۆنو نوێ داوە. بۆیەشە نووسەرێک لەهەڵسەنگاندنی گۆڤاری رامانو گوتاری وێنەو بایەخ دان بەوێنە دەنووسێت: (پێم وایە وێنە لەنەوەدەکاندا کەم بوو، بۆ وێنەی نووسەرێک دەبوو سەر بەهەموو کنوقوژبنێکی رۆشنبیریدا بکەی، خاڵێکی ئیجابییە رامان وێنەی دەگمەنی نووسەرانی پەیدا دەکرد، مەبەستم هەر تەنیا وێنەی خاوەن نووسینەکان نییە، بەڵکو ئەوانەشی، کە لەبابەتەکاندا ناویان دەهات). (عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، رامان ژمارە ١٧٢ ٥-٩-٢٠١١، ل ١٥٨).

تەنیا لەرێگەی وێنەوە گوتاری هەندێک لایەنی مێژوویی، شارو قوتابخانەکانو جلوبەرگو کەسایەتییەکانو بواری پێکهاتەی کۆمەلاّیەتیو دابونەریتیش خراونەتە روو.

٤-١-٧ ئۆپەڕێتی مندالاّن

لەم بوارەشدا (١٣) بابەت هەیە، کەبۆتە جێگەی بایەخی گوتاری گۆڤاری رامان. لەکاتێکدا شانۆ لەم سەردەمەدا بە گشتی لەقەیران و تەنگەژە دایە.

٤-١-٨ بەدواداچوون

یەکێک لەبایەخە دیارەکانی گوتاری رۆشنبیریی بەدواداچوونە، بەواتای لێکۆڵێنەوە، وەڵامدانەوەی بابەتە بڵاوکراوەکان، رەخنەو هەڵسەنگاندنو راستکردنەوەی هەڵە تایبەتیو گشتییەکانی ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە.

لەم بوارەدا گوتاری رۆشنبیریی رامان (٩١) بابەتو باسی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. بۆ نمونە لەم بارەیەوە ئەم بابەتانە لەژمارە جیاکانی گۆڤاری رامان بڵاوکراونەتەوە، کە هەر بابەتێک لەمانە، دەربڕی گوتاری رۆشنبیریو ئازادی بڵاکردنەوەی بەرپرسانەی نووسەران لەنێو گۆڤاری رامان بەرجەستە دەکات، ئێمە لێرەدا وەکو نمونە، ئاماژە بەهەندێک لەم بابەتانە دەکەین.

- ئومێدێك.. هەتا ڕەنگەکان کاڵ نەبنەوە، ماجید نوری، ژ(54)ی ساڵی (2000)، ل260-262.

- ئینسایکلۆپیدیای گشتیو وەڵامێك، یاسین سابیر ساڵح، ژ(141)ی ساڵی (2009)، ل 154-157.

- ((ئازاد سەکری))ش ((ئارش))ی کردووە بە کوردی، نیازی حەمە عەزیز، ژ(52)ی ساڵی (2000)، ل266-267.

- بەدواداچوونی یادکردنەوەیەك، ئافتاب عومەر جەلال حەوێزی، ژ(53)ی ساڵی (2000)، ل 284.

- بەدواداچوونێك لەبارەی ڕۆمیۆو جوولێت- ەوە، کاوە عەبدولکەریم شێروانی، ژ(75)ی ساڵی (2002)، ل 257-258.

- بەدواداچوونێك لەبارەی (لەپێناو نووسینەوەی مێژووی هونەری رەسم لە کوردستاندا)ی د.فەرهاد پیربالا، سلیمان شاکر، ژ(30)ی ساڵی (1998)،ل 216.

- بەدواداچوونێك لەبارەی چاوپێداخشاندنێکی خێرا، بەسەر ((دەنگی پێی ئاو))، ڕێبوار کەریم وەلی، ژ(59)ی ساڵی (2001)، ل 266-268.

- بەدواداچوونێك، جەوهەر غەمگین، ژ (41)ی ساڵی (1999)،ل 281.

- بەدواداچووونێکی دی، جابیر پیرداود ئیسماعیل، ژ (29) ی ساڵی (1998)، ل 250.

- بەرەو دامەزراندنی شانۆی کوردی، ئا:مەنوچهیر جیهانی، مەنسوور جیهانی، ژ(43)ی ساڵی (2000)، ل 289-292.

- بەرپەرچی ڕوونکردنەوەیەك، زوبێر بیلال ئیسماعیل، ژ (17)ی ساڵی (1997)، ل 157-159 .

- بەرسڤەك ل سەر( ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی)و هەندەك ئاقڕ ، محەمەد تاهیر گوهەرزی، ژ(51)ی ساڵی (2000) ، ل 265-266 .

- بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەندەران‌و چەند تێبینییەك، وریا جاف، ژ (78)ی ساڵی (2002)، ل 261-262.

- بۆ گێڕانەوەی مێژوو ڕاستگۆیی‌و شارەزایی پێویستە، جەلیل عەباسی، ژ(87/86)ی ساڵی (2004)، ل 190-192 .

- بۆسەر خەرمانی دیوانی مەستوورەی کوردستانی، عوسمان محەمەد هەورامی، ژ(62)ی ساڵی(2001)،ل 264-266

- پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە فەرهەنگە (فەرەنسی-کوردی) یەکەی هەڵکەوت حەکیم و ژیرار گۆتێ- دا، د.کەمال مەعرووف، ژ(98)ی ساڵی (2005)، ل 176-179 .

- داکۆکییەك لە سینەمای کوردی، پشتیوان عەبدوڵڵا، ژ (32)ی ساڵی (1999)، ل200-201.

- دیوانی بێسارانی و هەندێ ڕوونکردنەوە، عوسمان محەمەد هەورامی، ژ(79)ی ساڵی (2003)، ل 261-265 .

- ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەك، دلزار، ژ(134)ی ساڵی (2008)، ل 157-159.

- ڕوونکردنەوەی ڕوونکردنەوەیەك ..!، ڕامان، ژ (15)ی ساڵی (1997)، ل166-167.

- ڕوونکردنەوەیەك، سلێمان شاکر، ژ(95)ی ساڵی (2005)، ل 206 .

- سووکە وەڵامێك بۆ رەخنەیەك لەمەڕ (ململانێی شارستانییەکان)، هیمدادی حوسێن، ژ(27)ی ساڵی (1998)،ل 244-245.

- سیمینارەکەی مام هەژار لە سنە، ئازاد عەبدولواحید، ژ(147)ی ساڵی (2009)، ل 159.

- شانۆ، ڕوانینی نوێ، داهێنان، عەتا عەبدوڵڵا سەعید، ژ(58)ی ساڵی (2001)، ل301-303.

- شەن‌و کەوکردنێکی مێژووی شانۆ لە هەڵەبجە..، کامەران حەمە کەریم سوبحان، ژ(54)ی ساڵی (2000)، ل256-259.

- شلەو خانان ئەگەر هی ئەختەر نەبێت، ئەی هی کێیە؟!، زاهیر محەمەد کۆیی، ژ(48)ی ساڵی (2000)، ل276-280.

